**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی هەڵەبجە**

**کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور**

**بەشی زمانی کوردی**

# جێندەر لە پێڕەوی فەرهەنگ و ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا

**نامەیەکە**

**ژینۆ نزار احمد**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزووری زانکۆی هەڵەبجەی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا

**سەرپەرشت:**

**پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

**٢٠٢٣ زاینی** **٢٧٢٢ کوردی**

ئەم نامەیە بە ناونیشانی **(جێندەر لە پێڕەوی فەرهەنگ و ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا)** لەلایەن خوێندکار (**ژینۆ نزار احمد)**ەوە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ بەشی زمانی کوردی، ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردییدا.

ناو: **پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف**

ڕۆژ: / /٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە ، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**ناو: د.ئاریان سدیق عزیز**

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: / /٢٠٢٣

ئـێمە ئەنـدامانی لیـژنەی گفتوگـۆو هەڵسـەنگاندن، ئەم نامەیەمـان خوێنـدەوەو لەگەڵ خوێنـدکارەکەدا گفتوگۆمـان لەبـارەی نـاوەڕۆک و لایەنەکـانی تـری کـردو بڕیارمانـدا، کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێری لەزمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. بێستون حەسەن ئەحمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:   /   /

ناو: پ.ی.د. حاتەم ولیا محەمەد
ئەندام
ڕۆژ:   /   /

ناو: پ.ی.د. سازان زاهیر سەعید
ئەندام
ڕۆژ:   /   /

ناو: پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:   /   /

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور پەسەندکرا

ناو: د. ئەحمەد میرە
ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور
ڕۆژ:   /   /

**پێشکەشە..**

- دایک و باوکی خۆشەویستم.
- بە هاوژین و هاوڕێ و خۆشەویستم (دلۆڤان)و ڕووناکیی چاوەکانم ( محمد، مەیلی، مەرد).
- بە خوشک و براکانم.
- بە هاورێکانم

# سوپاس وپێزانین

**سوپاس بۆ:**

- ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زۆر بەڕێز(د. ئەحمەد میرە)، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم، هەمیشە پاڵپشت و هاوکارم بوون.
- مامۆستاو پێشەنگ و سەرپەرشتی زۆر بەڕێزم(پ.د. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف)، کەبەو پەڕی دڵسۆزیی و لە خۆبوردووییەوە، ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆ. بەردەوام هاوکارو ڕێنیشاندەرم بووە، لەگەڵمدا ماندووبووە، زۆر سوپاسیاندەکەم، تەمەن درێژ بن.
- بەڕێز(د. ئاریان سدیق عەزیز) سەرۆکی بەشی کوردیی پەروەردەی شارەزوور، کە هەموو کات لە ڕێنماییکردن و دابینکردنی سەرچاوەو پێدانی نموونە بۆ نامەکە، خەمخۆرانە هاوکارم بوون و کارئاسانییان بۆ کردووم، نموونەیان زۆربێت.
- بەڕێز(م. زوبێر عەلی) هاوکارم بوون لە پێدانی نموونەو سەرچاوەدا، پێزانینم هەیە.
- هاوسەری خۆشەویستم (دلۆڤان عزت)، لە وەرگێڕانی سەرچاوەکاندا، هاوکارم بووە.

# هێماو کورتکراوەکان

| هێماو کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| / | یان |
| /   / | فۆڕمی فۆنۆلۆژیی، مۆرفیم |
| ∅ | مۆرفیمی بەتاڵ |
| * | نارێزمانیی |
| >   < | ڕستە |
| <   > | هێنانەوەی نموونە لە ناو دەقدا |
| {   } | فرێز |
| [   ] | فیچەری سیمانتیکیی |
| ⟵ | دەبێت بە ... |
| j , i | هاونیشانەیی DP/NP یەکان |
| $A^{0}$ | ئاوەڵناو |
| $AP/A^{-}$ | فرێزی ئاوەڵناویی |
| $AGR^{0}$ | ڕێککەوتن |
| Det | دیارخەری نائازاد |
| $D^{0}$ | دیارخەر |
| $DP/D^{-}$ | فرێزی دیارخەریی |
| Agre G | ڕێککەوتنی جێندەر |
| $N^{0}$ | ناو |
| $N^{-}$ | فرێزی ناویی |
| PP | فرێزی پێشناویی |
| Spec. | سپێک |
| $T^{0}$ | تاف |
| $TP/T^{-}$ | فرێزی تاف |
| $V^{0}$ | کرداری فەرهەنگیی |
| $VP/V^{-}$ | فرێزی کرداریی/ کرداری سینتاکسیی |
| $X^{0}$ | کەتیگۆریی فەرهەنگیی/سەری ڕێزمانیی فرێزەکان |
| Y | تەواوکەر |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| **ئ** | |
| Argument | ئارگومێنت |
| Ergative | ئەرگەتیڤ |
| **پ** | |
| Parameter | پارامیتەر |
| Post-sentence | پاش_ڕستە |
| Pre- sentence | پێش_ڕستە |
| Predicate | پریدیکات |
| Predicator | پریدیکاتۆر |
| Pre-categorization | پێش_ پۆلەڕەگەزدیاریکردن |
| Syntactical Sub categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکرنی سینتاکسیی |
| Lexical Sub Categorization | پۆلەڕەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی |
| Syntactic component | پێکهاتەی سینتاکسیی |
| Semantice component | پێکهاتەی واتایی |
| Process | پێواژۆ |
| **ت** | |
| Tense | تاف |
| Syntactic complement | تەواوکەری سینتاکسیی |
| Element | توخم |
| **ج** | |
| Gender | جێندەر |
| Grammatical gender | جێندەری ڕێزمانیی |
| Social gender | جیندەری کۆمەڵایەتیی |
| **خ** | |
| Obligatory | خورتی |
| **د** | |
| Phrase | دەستەواژە/فریز |
| Morphological structure | دروستەی مۆرفۆلۆژیی |
| Syntactic structure | دروستەی سینتاکسیی |
| Morphosyntatic sturcture | دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی |
| **ز** | |

| | |
|---|---|
| Sex | زایەند |
| Sexual | زایەندیی |
| | ڕ |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Gender Agreement | ڕێککەوتنی جێندەریی |
| Syntactic Agreement | ڕێککەوتنی سینتاکسیی |
| | س |
| Grammatical head | سەری ڕێزمانیی |
| | ش |
| Inflection | شکانەوە |
| Morphosyntactical inflection | شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی |
| Hyponym | شاوشە |
| | ف |
| Lexicon | فەرهەنگ |
| | ک |
| Deletion category | کەتیگۆریی دەرنەبڕاو |
| Syntactic category | کەتیگۆریی سینتاکسیی |
| Lexical verb | کرداری فەرهەنگیی |
| Copy | کۆپیکردن |
| | م |
| Marking | مارکەلێدان/ نیشانەکردن |
| Agreement morphemes | مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن |
| | ن |
| Syntactic marking | نیشانەکردنی سینتاکسیی |
| Lexical marking | نیشانەکردنی فەرهەنگیی |
| Morphological marking | نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیی |
| Node | نۆد/ گرێ |

# پێڕستی ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکیی** | |
| ١/٠ ناونیشان و بواری نامەکە | ١ |
| ٢/٠ کەرەستەی نامەکە | ١ |
| ٣/٠ گرنگیی هەڵبژاردنی نامەکە | ١ |
| ٤/٠ ڕێبازو تیۆریی نامەکە | ١ |
| ٥/٠ بەشەکانی نامەکە | ١ |
| **بەشی یەکەم: فەرهەنگ و بنەما تیۆرییەکان** | |
| ١/١ فەرهەنگ | ٤ |
| ٢/١ پێڕەوی نیشانەکردن لە زماندا لە ( فەرهەنگ و ڕێزماندا) | ٧ |
| ٣/١ چەمک و پێناسەی جێندەر | ١٠ |
| ٤/١ تیۆرییەکانی جێندەر | ١٢ |
| ٤/١_١ زایەند Sex | ١٣ |
| ٤/١_٢ جێندەری ڕێزمانییGrammatical gender | ١٤ |
| ٤/١_٣ جێندەری کۆمەڵایەتیی Social gender | ١٧ |
| ٥/١ نیشانەکردنی جێندەر | ١٨ |
| 1/٥_١ نیشانەکردنی زایەندیی | ١٨ |
| ٥/١_٢ نیشانەکردنی جێندەری ڕێزمانیی | ١٩ |
| ٥/١_٣ نیشانەکردنی جێندەری کۆمەڵایەتیی | ٢٠ |
| ٦/١ لێکدانەوەو بەرهەمهێنانی واتایی | ٢٢ |
| **بەشی دووەم: جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییدا** | |
| ١/٢ نیشانەکردنی پێش_فەرهەنگیی ( pre lexical marking) | ٣٠ |
| ٢/٢ نیشانەکردنی فەرهەنگیی (lexical marking) | ٣٠ |
| ٣/٢ نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیی | ٣٣ |
| ٣/٢_١ مۆرفۆلۆژیی | ٣٣ |
| ٣/٢_٢ پیۆاژۆکانی مۆرفۆلۆژیی | ٣٤ |
| ٣/٢_٢_١ پیۆاژۆی وشەدروستکردن | ٣٤ |
| ٣/٢_٢_١_١ هەڵگواستن | ٣٥ |
| ٣/٢_٢_١___٢ لێکدان | ٣٨ |
| ٣/٢_٢ _٢ شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی | ٤١ |
| ٣/٢_٢ _٢ _١ شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی بۆ جێندەر | ٤٥ |
| ٣/٢_٢ _٢ _١_١ مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی لە شکانەوەی ناودا | ٤٥ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢_٢ _٢ _١_٢ شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو بۆ جێندەر | ٤٨ |
| ٣/٢_٢ _٢ _١_٣ مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە | ٥٢ |
| ٣/٢_٢ _٢ _١_٤ شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی جێناوەکان بۆ جێندەر | ٥٤ |
| **بەشی سێیەم: جێندەر لە سینتاکس و سیمانتیکدا** | |
| ١/٣ نواندنی سینتاکسیی | ٦٠ |
| ٢/٣ چەمک و پێناسەی فریز | ٦٢ |
| ٢/٣_١ دروستەی فریزی ناویی | ٦٤ |
| ٢/٣_٢ دروستەی فریزی دیارخەریی | ٦٥ |
| ٢/٣_٢ _١ فریزی دیارخەریی ئازاد | ٦٦ |
| ٢/٣_٢ _١_١ مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی | ٦٦ |
| ٢/٣_٢ _١_٢ وشە نیشانە | ٦٩ |
| ٢/٣_٢ _١_٣ ژمارە | ٧٢ |
| ٢/٣_٢ _١_٤ ژمارەی پلەیی | ٧٣ |
| ٢/٣_٢ _١_٥ ڕادە | ٧٤ |
| ٢/٣_٢ _٢ فریزی دیارخەریی شکاوە | ٧٥ |
| ٢/٣_٢ _٣ شکانەوەی فریزی دیارخەریی لەناو فریزێکی دیارخەریی تردا | ٧٦ |
| ٢/٣_٣ دروستەی فریزی ئاوەڵناویی | ٧٨ |
| ٢/٣_٤ دروستەی فریزی کرداریی | ٨٠ |
| ٣/٣ ڕێککەوتنی جێندەریی لە ڕستەدا | ٨٣ |
| ٣/٣-١ڕێککەوتنی جێندەریی لە نێوان (بکەرو TP)دا/ قۆناغی پێش-ڕستەیی | ٨٥ |
| ٣/٣-٢ ڕێککەوتنی جێندەری لە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی_ پاش ڕستەدا | ٨٩ |
| ٤/٣ پێڕەوی جێندەر لە پرۆژە سیمانتیکییەکاندا | ٩٥ |
| ٤/٣_١ دروستەی ئارگومێنت و هەڵاوێرکردنی جێندەریی | ١٠١ |
| ٤/٣_٢ جێندەری کۆمەڵایەتیی | ١٠٤ |
| ئەنجامەکان | ١١٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١١٦ |
| **المستخلص** | ١٢٣ |
| **Abstract** | ١٢٤ |

# پێشەکیی

# پێشەکیی

**١/٠ ناونیشان و بواری نامەکە:**

نامەکە بە ناونیشانی (جێندەر لە پێڕەوی فەرهەنگ و ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا) کاری تێدا کراوە، لە پڕۆژەکەدا جێندەر وەک شاوشە بۆ زایەند و جێندەری ڕێزمانیی و کۆمەڵایەتیی بەکاربراوە.

**٢/٠ کەرەستەی نامەکە:**

لە نامەکەدا، زمانی کوردیی_ شێوەزاری هەورامیی_ شارۆچکەی تەوێڵە، کراوەتە سەرچاوەو داتاو نموونەو بەڵگەکانی لێوەرگیراوە، هەندێکجاریش بۆ بەڵگەو نموونەی دەرەکیی، پەل بۆ زارو شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیی و هەروەها بۆ زمانەکانی تر نراوە.

**٣/٠ گرنگیی هەڵبژاردنی بابەتی نامەکە:**

لەبەرئەوەی لە شێوەزارەکەدا، سیستەمی (زایەندیی، جێندەریی) حوکمی ناوەکان دەکەن و گشت ناوەکان، بۆ زایەند یان جێندەری جیاواز، بەسەر نێرو مێدا دابەشکراون، بۆیە تاقیکردنەوە و شیکردنەوەی پۆلەڕەگەزەکان لە فەرهەنگدا، پێڕەوبەندانە زایەند و جۆرەکانی جێندەر دیاریدەکات و گرنگی بە لایەنە ڕێزمانیی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکان دەدات، بەوەش بەشێکی گرنگی دنیابینیی ئەوان، پەیوەست بە تێڕوانینە ستانداردەکەی کورد دەخاتەڕوو. جگە لەوەش، کاری زانستی بۆ جێندەر پێڕەوبەندانە و پەیوەست بە مۆدێلی ڕێزمانیی کوردیی، لە سنوری کاریکی زانستیدا لە شێوەزارەکەدا نەکراوە.

**٤/٠ ڕێبازو تیۆری نامەکە:**

ڕێبازی (پەسنیی شیکاریی) پەیڕەوکراوە و لەسەر بنەمای فەرهەنگ_بنەما (lexicalist theory ) بە دوای داتاو زانیارییەکاندا گەڕاوەو شیکردونەتەوە.

**٥/٠ بەشەکانی نامەکە:**

نامەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:**

لەبەرئەوەی فەرهەنگ وەک سەرچاوەی کۆزانیاریی زمانیی و نازمانیی دەکرێتە پاشخان و گەنجکەری کۆی زانیارییەکان، بەوەش پێڕەوی زایەندو جێندەرەکە، لە ڕوانگەی زانیارییە زمانییەکەو پاشان زانیارییە نازمانییەکەش دەستنیشاندەکرێت، بۆیە لێکۆڵینەوەکە هەنگاوەکانی لە فەرهەنگەوە بۆ

ڕێزمان دەستپێدەکات، لەو ڕوانگەیەشەوە نامەکە لە فەرهەنگەوە بۆ پێکهاتەکانی ڕێزمان چووە، بۆیە لە هەنگاوی دووەمدا ڕێزمان وەک پێواژۆی نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکە تاقیدەکرێتەوە، بە جۆرێک مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس بۆ ئەو نواندنە دەخرێنەگەڕ. هەروەها لەم بەشەدا ئەو تیۆرییانە خراونەتەڕوو، کە بۆ شیکردنەوەو نیشانەکردنی (زایەند، جێندەری ڕێزمانیی، جێندەری کۆمەڵایەتیی) پێویستن، لە بەش و پارەکانی دواتردا کار بەو بنەماو تیۆرییانە کراوە.

**بەشی دووەم:**

لەم بەشەدا نیشانەکردنی زایەندیی/ جێندەری ڕێزمانیی پۆلەڕەگەزەکان، لە فەرهەنگدا لەسەر بنەمای واتاو لە مۆرفۆلۆژییشدا، ئەو پۆلەڕەگەزانەی لە فەرهەنگدا نیشانە نەکراون، بە پێی پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی، هەریەک لە مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی نیشانەکراون.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە بۆ نیشانەکردنی سینتاکسیی و سیمانتیکیی پۆلەڕەگەزەکان تەرخانکراوە ، بەپێی سیستەمی دوو پەلکیی و دۆزینەوەی سەرو تەواوکەرەکان، بۆ بنیادنانی فرێزەکان و لەوێشەوە هەڵاوێرکردنی جێندەریی بە هۆی ڕێککەوتنەکانەوە، پاشان لە سیمانتیکدا لێکدانەوەی واتایی و هەڵاوێرکردنی واتایی پریدیکاتەکان، بەپێی بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی واتایی و نیشانەکردنی جێندەری کۆمەڵایەتیی و کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر نیشانەکردنەکان.

# بەشی یەکەم

## فەرهەنگ و بنەما تیۆرییەکان

## ١/١) فەرهەنگ

زمان پێش ئەوەی بە قۆناغی بەکۆدکردندا تێپەڕێت، دەربڕین و گۆکردنە. هەموو وشەو دەربڕاوو کەرەستە زمانییەکانیش، لە فەرهەنگدا هەڵگیراون. فەرهەنگ دەروازەی مەعریفیی و زمانیی مرۆڤە، (کۆگای هەموو زانیارییەکانە، کە لە توخمە پێکهێنەرەکانییدا، زانیارییە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتاییەکان هەڵگیراون) (Adami,2017,4)، یاخود (پێکهاتەی سیستەمێکی زمانەوانییە، کە دەتوانرێت وەک لیستێک یان تۆڕێک لە وشەکان سەیربکرێت، کە چۆنییەتی دەربڕین و ماناو تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکان لەخۆدەگرێت. (بلومفیلد، ١٩٩٣) واگریمانەدەکات، کە "فەرهەنگ گشت زانیارییەکانی تێدایە، کە بە تەواوی تایبەتمەندن. هەر تایبەتمەندیی وشەیەک، دەتوانرێت بە فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسییش پێشبینیبکرێت"بڕوانە (Mawlood,2018,4). ئەمەش بە واتای ئەوەی، فەرهەنگ بڕی ئەو زانیارییەی تێدایە، کە بە هۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت، وەک زانیاریی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی، کە بە دەروازەی زانیاریی ناودەبرێت. ((لە ڕێی هەبوونی ئەو زانیارییانەوە، ئاخێوەری گشت زمانێک، دروستەی دروست و واتا ڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە)) (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٠٤)

چۆمسکی (فەرهەنگ بە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی وشە دادەنێت، کە ناوەڕۆکێکی فراوانی هەبێت) (Pustejovsky&Batiukova,2019,1 ). هەروەها لە تیۆری ستانداردی فراوانکراودا، فەرهەنگ بەو بنەمایە دەسەلمێنێت، کە لە ئاستی قووڵدا بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی پشتی پێدەبەسترێت و ڕۆڵی بابەتانە بە کەرەستە سینتاکسییەکان دەبەخشێت. بەپێی تیۆرییەکەی چۆمسکی (فەرهەنگ وەک وشەنامە لە ژمارەیەک یەکەی فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە ئەم یەکانە بریتین لە مۆرفیمە سەرەکییەکان و هەڵگری زانیاریی فۆنەتیکیی و واتایین) (ئەحمەد،٢٠١٥،٣٧). لە ڕوانگەیەکی ترەوە، فەرهەنگ بریتییە لە وەسفکردنی ئەو کۆزانیارییەی، کە مرۆڤ دەربارەی وشەکانی زمان هەیەتی. ئەمەش واتاو بەکارهێنان و فۆڕم و پەیوەندیی لەگەڵ وشەکانی تر، لەخۆدەگرێت، یا خود فەرهەنگ (بەو یەکانە دادەنرێت، کە لە ناو تۆڕە ئاڵۆزەکاندا ڕێکخراوە) (Geeraerts&Hanne,٢٠١٠,١٤٦). بە واتای ئەوەی، کە (ڕێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندیی نێوان وشەکانە، بەو واتایەی هێزی کارپێکردنی، بۆ ڕێکخراوەیی دروستەی فەرهەنگیی دەگەڕێتەوە)(ئەحمەد،٢٠١٥،٣٨). یاخود (فەرهەنگی زمان لە وشەکانی پێکهاتووە، کە بە شێوەیەکی چڕو تێکئالاو، لە مێشکدا ڕیزکراون. ئەمجۆرە ڕیزبەندییە یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی وشەکان بە چەندین شێوە)(سدیق،٢٠١١، ٢٣).

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، فەرهەنگ مەبەست لێی، وشە تۆمارکراوەکانە، ئەو وشانەن لە مێشکی ئاخێوەراندا گەنجکراون، ئەم چەشنە بریتییە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ناو مێشک و ئەو فەرهەنگەی لە نێو ئامێرە کۆمپیتەرییەکاندا بە پرۆگرام دەکرێت، لە لایەکی ترەوە ئەو وشانەی لە

چوارچێوەی کتێبێکدا تۆمارکراون و بە وشەنامە ناو دەبرێت، دەبێت ئاماژە بەوەش بدرێت، کە (واتای وشەکان  لە فەرهەنگدا تایبەتە، جیاوازە لەو واتایەی، کە لە سیاقی ڕستەدا دەیبەخشێت) (بڕوانە wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker). بۆ نموونە: واتای <پیاو> لە فەرهەنگدا جیاوازە لەو واتایەی، کە لە ڕستەدا دەیبەخشێت، وەک > ئازاد  وەک پیاو قەرزەکەی دایەوە<.

لە لایەکی ترەوە،  بە گشتی دەتوانرێت بگوترێت: فەرهەنگی زمانێک بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان  دەربارەی وشەو گوزارشتە زمانییەکانی ئەو زمانەو ئەمەش ئاماژە بە (ا) وشەنامە، بە تایبەت وشەنامەی زمانی ئاسایی(classical language)، (ب) فەرهەنگی زمان (vocabulary of language) وەک وشەکانی زمانێکی دیاریکراو، (پ) بەکارهێنانی کۆزانیاریی دیاریکراوی زمان دەدات، بەمپێیە فەرهەنگ لە لێماو هەموو جۆرەکانی چەمک، زانیاریی سینتاکسیی و سیمانتیکیی و پراگماتیکیی، پەیوەست بە لێکسیمەکانەوە پێکهاتووە." (ئەحمەد،٢٠١٥،٣٩).  ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە <فەرهەنگ> پێکهاتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکییەکانە، کە بەپێی دەروازەی زانیاریی ڕێکخراوە، هەروەک ڕێکخستنی لێماکان بە پێی سیستەمی ئەلفبێ، زانیاریی دەربارەی (پۆلەڕەگەز، دەنگ، واتا) بۆ نموونە دەروازەی زانیاریی وشەیەکی وەک: <پیاو> جگەلە پۆلەڕەگەزی<ناو>، دەربڕین و واتا سیمانتیکییەکەی، فۆڕمە جیاوازە هەڵگواستراوەکانیشی وەک <پیاوانە، پیاوەتی> تیدایە.

((فەرهەنگی هەر زمانێک، بریتییە لە لیستی ئایتمە ئاشکراکانی زمانەکە، کە پێویستە هەموو قسەپێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بۆ تاک بووەتە نیشانەیەکی لەخۆوەیی، نەک بە هەندێک ڕێگا پێشبینیبکرێت زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتین لە وشە، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان، وەک ئیدیۆم و هەندیکیشی بریتین لە یەکە بچووکەکان وەک لاگرەکان))(Aronof &  Anshen, 2007, 237) لە (ئەحمەد،٢٠١٣ ،١٠) وەرگیراوە. لێرەوە پەیوەست بە ناسینەوەی ئایتمە فەرهەنگییەکان، بۆ ئەم لیکۆڵینەوەیە تیشکدەخریتە سەر: (ا)ناسینەوەی فۆڕمیی، (ب) فۆڕمەکە بۆ نیشاندانی زانیاریی لەسەر (زایەند)،  واتە فۆڕمی جیاواز بۆ زایەندی جیاواز دادەڕیژرێت.

(( فەرهەنگ پەیوەست بە ڕێزمانەوە، ئەو یەکە زانیارییانەن، کە زانینیان دەربارەی ومۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هەڵگرتووە. هەروەک فەرهەنگ لە ڕوانگەی تیۆری ستانداردی چۆمسکییەوە، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ڕێزمان))( ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٠)، (( لەبەر ئەوە کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمان خاوەنی دروستەی ناوەکی خۆیانن، کە بە هۆی یاسا فەرهەنگییەکانی وەک(فۆڕمداڕشتن، هەڵگواستن و یاسای کۆتو بەندکردن و مەرج و سنوردانان)ەوە دەنوێنرێت))( R.  Jackendoff,2009,4) لە (حسین، ٢٠١١، ٥٦)وەرگیراوە.

بەمپێیە، فەرهەنگ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی زمان گەنجدەکات، بە جۆرێک قسەکەر بەهۆی بیری کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە، ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان فۆرم و واتاکەیدا هەیە و پێرەوبەندێتی لە بەکارهێنانی ئاوەزیانەدا وەها دەکات، ئۆتۆماتیکیانە دەستی پێبگاتەوە. واتە فەرهەنگ بەبەشێک لە پیکهاتەی یاسای پەیوەندیکردن دانراوە، بڕوانە (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٤٠).

لەبەر ئەوەی لیکۆڵینەوەکە وشەو کەرەستەکانی لە فەرهەنگەوە وەردەگرێت، دەبێت بپرسین، کە ئایا (ا) ستراکچەرێک بۆ فەرهەنگی شێوەزاری هەورامیی هەیە، واتە پێڕەوێک بۆ وشەسازیی زایەند یان جێندەر لە فەرهەنگەکەدا هەیە؟ سیستەمی زایەند/جێندەر لە فەرهەنگدا دیارە، یاخود نادیارە؟ (ب) ئایا سیستەمی زایەند/ جێندەر لە فەرهەنگدا بۆ گشت وشەکان داڕێژراوە، یاخود سیستەمەکە گشتگیرو تەواوکارانەیە، لەفەرهەنگ و ڕێزماندا (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)دا نیشانەدەکرێت، واتە وەک ئەڵقەیەک فەرهەنگ و ڕێزمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە لە بەش و پارەکانی دواتردا بە نموونەو بەڵگە ئەوە دەسەلمێنرێت، کە کۆی سیستەمەکە سیستەمێکی تەواوکارانەیە، گشت وشەو کەرەستەکانی ناو شێوەزارەکە، هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی خۆی، لە فەرهەنگ یاخود لە یەکێک لە ئاستەکانی ڕێزماندا نیشانەکراون و نیشانەی جیاوازی جێندەریان بۆ داڕێژراوە. بڕوانەبەشی (دووەم و سێیەم) !. هەر لەو ڕوانگەیەوە، بەسەرنجدان لەو پێناسەیەی بلومفیلد، کە دەڵێت " فەرهەنگ پاشکۆ/ ڕێزمانە"(عبدالدائم ،٢٠٠٦، ٢٤٦) لە ((Taufiqurrochman,2009,14) وەرگیراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری یەکترن. واتە مەرج نییە فەرهەنگی بنەڕەتیی، هەموو دیاردەکانی زمان بەدەستەوەبدات، فۆڕمی بۆ هەموو چەمک و ناوەڕۆکەکان داڕشتبێت، بۆیە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس ئەرکی تەواوکردنی زمانەکە دەگرنەئەستۆو هەر هەمان ڕوانینە بۆ جێندەر لە شێوەزارەکەدا. بڕوانە خشتەی(١)


**خشتەی(١)**

| | |
|---|---|
| فەرهەنگ | فۆنۆلۆژیی |
| | مۆرفۆلۆژیی |
| | سینتاکس |
| | سیمانتیک |

## 2/١) پێڕەوی نیشانەکردن لە زماندا (لە فەرهەنگ و ڕێزماندا)

نیشــانەکردن پێــواژۆی نوانــدنی گشــتییانەو تایبەتییــانەی پۆلەڕەگەزەکــانی زمــانە، واتــا (بەراوردکردنی زانیارییەکانی ناو توخمێک، یان پۆلەڕەگەزێک بە یەکترییە و تێیدا زانیارییەکانی کامیــان وردتــر بێــت، ئەوا زانیــارییە وردتــرەکە نیشــانەکراوە(marked)، ئەوەی دیکەیــان پێچەوانەکەی دەبێت)( Zhao-zi,2006,٧٧-٧٩ ). پێواژۆکە نواندنێکی نێو فەرهەنگیی _ڕێزمانیی هەیە، ئەویش بەو پێیەی کەرەستە گەنجکراوەکانی ناو فەرهەنگ لە نێو خۆیاندا دابەشکردنێکی گشــتیی_ تایبەتییــان هەیە، کەرەســتەکان بەپێــی بەڕێزمانبوونیــان(grammaticalization) بــۆ نیشــانەکردنی زانیــاریی ڕوون و ئاشــکرا دەردەخەن. پەیوەســت بە پێکهــاتە فەرهەنگیــیەکە، زانیارییەکـان لە نێـوان <پـوور و مـام و خـاڵ>دا، پەیوەسـت بە نیشـانەکردنەکانەوە جیـاوازن، بە جۆرێک پەیوەست بە <پوور>ەوە لە فۆڕمە فەرهەنگییەکەیدا نیشانەنەکراوە، کەچیی هەریەک لە <مام و خاڵ> نیشـانەکراون. هەریەک لەو سـێ تـوخمە، نیشـانەکراوییە فەرهەنگییەکەیـان بـۆ [+/- نێـر] یەکلایـی بـووەتەوە، بـۆیە نیشـانەکراویی و نیشـانەنەکراویی <پـوور> و <خـاڵ و مـام > بە پەیوەندییە خزمایەتییەکەیانەوە بەستراوەتەوە. بە جۆرێک <پوور> بۆ زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕوونیی پەیوەندییە خزمایەتییەکەیەوە نیشانەنەکراوە، بۆیە دەبێت لە بەڕێزمانبوونەکەیدا نیشـانەکە ڕوونبکــرێتەوە، ئەوەش لە کاتێکــدا هەردوو وشــــەکەی تــر، هەر لە پێکهــاتەی فەرهەنــگەوە پەیوەندییەکەیان تێدا نیشانەکراوە، بڕوانە هێڵکاریی (١).

**هێڵکاریی(١)**




هێڵکارییەکـان ئەوە دەردەبـڕن، کە سیسـتەمێکی پڕاوپـڕو تەواوکـاریی لە نێـوان فەرهەنـگ و ڕێزمانــدا پەیوەســت بە نیشــانەکردن هەیە، بــۆیە پێشــبینیی ئەوە دەکرێــت، کە لە هەرکــام لە پێکهاتەکانـدا، جـا فەرهەنـگ بێـت، یـان ڕێزمـان، ئەوە بەدیبکرێـت. لە نـاو پێکهـاتەی ڕێزمانـدا، مۆرفۆلـۆژیی دەزگـایەکی نیشـانەکردنی فـۆڕمیی پێڕەوبەنـدانەیە. (مۆرفۆلـۆژیی پێکهـاتەیەکی نـاو ڕێزمانە، کە جگەلە دروستکردنی فۆڕمی نوێ بۆ واتای نوێ، لەڕێی تەرزو یاساکانییەوە، زانیـارییە واتاییەکــانی فــۆڕمەکە وردەکــاتەوە و نیشــانەی دەکــات) (مەعــروف،٢٠٢٠،١٧٠). واتە بەرهەمهاتوویەکی مۆرفۆلۆژیی، جا چ هەڵگۆڕاو بێت، یان لێکدراو، ئەوا جگەلە واتـای نوێ، بۆ نیشــانەکردنی تــوخمێکی فەرهەنگیــی دەبێــت، بەوەش بەرهەمهــاتووەکە بەشــێک لە واتــای بنــاغە

فەرهەنگییەکە نیشانەدەکات. وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، کەرەستە فەرهەنگییەکان/ یەک لێکسێمەکان لەناو پێکهاتەی فەرهەنگییدا بەسەر نیشانەکراوو نیشانەنەکراوییدا دابەشبوون، بۆ نموونە گەر بڕوانێتە <کەو> هەرچەندە هەر لە فۆڕمەکەیەوە، بۆ نیشانەی [+باڵندە] دارِێژراوە، بەڵام لە نیشانەنەکراویی نیشانەکانی [+/- نێر]دایە.

مۆرفۆلۆژیی بە پێواژۆی لێکدان لە فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکانی بۆ یەکێک لەو دوو نیشانەیە فۆڕم دادەڕێژێت. بڕوانە <ماکەو> و <نێرەکەو> و هێڵکاریی (٢).

**هێڵکاریی (٢)**

[+/- باڵندە]

↓

[+ باڵندە]

↓


کەو

[+/- نێر]

ماکەو [-نێر] — نێرەکەو [+نێر]


هێڵکارییەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە نیشانەکردنەکان بۆ بەفۆڕمکردنی نیشانەکانی [+/-]ی پێواژۆکەش بە مۆرفۆلۆژییە، بەوەش نیشانەکان یەکلادەکرێنەوە. شایەنی ئاماژە پێدانە ئەو زمانانەی ژمارەو ناواخنی مۆرفیمە بەندەکانیان فراوانە، پێڕەوی نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژییانەیان بەهێزە (www.analytictech.com/mb119/markedne.htm). هەردوو پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و شکانەوەش، لە سنوری بیرۆکەی نیشانەکردندا بوون و ڕەهەندێکی فراوانیان هەیە. مۆرفیمەکانی دارِشتن سەرەڕای ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بۆ واتای نوێ چالاکن، ئەوان وشەی هەڵگوێزراو بەرهەمدێنن. وشەی فەرهەنگیی <کورد> واتای مرۆڤ_نەتەوەی هەیە، جگەلەوە نیشانەکانی [+ هەبوونی زمان، +شوێن]یشی هەیە، بەوەش بیچمەکە / فۆڕمەکە چەپکێک نیشانە پێکیدەهێنێت. بە هەڵگواستنی مۆرفۆلۆژییانە /_ ستان/ بۆ شوێن نیشانەیدەکات. بەوەش مۆرفیمەکە جگەلە بەرهەمهێنانی واتای شوێن، نیشانەی یەکێک لە سیماکانی وشەکە <کورد> دەکات. بڕوانە هێڵکاریی (٣)

**هێڵکاریی(٣)**




مۆرفیمەکـانی شـکانەوەش لە پێواژۆکـانی شـکانەوەدا، یەکێـک لە چەپـکە نیشـانەکانیان بە بناغەکـان دەدەن. ئەگەرچیـی مۆرفیمەکـانی شـکانەوە ژمارەیـان کەم و سـنووردارە، بەڵام لە ناوەخنەکەیاندا چەپکە نیشانەکانیان وادەکات، نیشـانەکردنەکانیان چالاکتر بێت لە هەڵگواسـتنەکان. مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان، هەڵگری واتان و زیاتر لە نیشـانەیەکی واتاییان هەن، بۆیە دەکرێت بـۆ گەیانـدنی واتـای دیـاریکراو، یەکێـک لە نیشـانەکانی پێشـبخرێت و دەستنیشـانبکرێت. مۆرفیمی/_ێک/ و/_ەکە/ خاوەنی نیشانەبن، کە لە(١) دا دیاریکراون. بڕوانە(مەعرووف،٢٠٢٠، ٤١)، نموونەی(١) بۆ جێبەجیکردنی.

١)





١) ئەو بۆیاخەم بە وەستایەک کرد.

/_ یەک/ یەکـێکە لە ئەلۆمۆرفەکـانی /_ێـک/، یـان بـۆ ژمـارەیە، واتـا یەک وەسـتا، یـان بـۆ نەناسراوی وەستایەک.

بەهەمـان پێـوەری هێڵکـاریی و نموونەکـانی سـەرەوە، تـوخمە فەرهەنگییەکـان گشـتیی و نیشانەنەکراون، شکانەوە لەو ڕوانگەیەوە، لە بەڕێزمانبوونی توخمەکاندا نیشانەیاندەکات. لێکسێمی <کوڕ>، بۆ نیشانەکانی [+مرۆڤ و +نێر] زانیـارییەکی ڕوون و ئاشکرا دەردەبڕێت، بەڵام کۆدێکە لە دەرەوەی ئەو نیشانانە [+ گشتیی]یە، بە شکانەوەی مۆرفیمی /_ەکە/ بۆ نیشـانەکانی، نـاواخنی مۆرفیمەکە نیشانەدەکرێت، بڕوانە هێڵکاریی (٤)

**هێڵکاریی(٤)**




نموونەو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن، ئاستی نواندنی نیشانەکان و پۆلەڕەگەزەکان بە فەرهەنگ و پێش_فەرهەنگ و پاش_فەرهەنگ/ بەڕێزمانبوونەوە بەستراونەتەوە، بەجۆرێک پیش_فەرهەنگیی، دنیای دەرەوەو پێش پۆلەڕەگەزدارشتنە (pre categorization)، لەناو فەرهەنگی هەر زمانێکدا پۆلەڕەگەزەکان/ بیچمەکان بۆ نیشانەکان دادەڕێژرێن، بۆ وردکردنەوەی نیشانەنەکراویی بیچمە/ فۆڕمە نیشانەنەکراوەکان و ئاڕاستەکردنیان بەرەو تایبەتێتیی دەخرێنەناو ڕێزمانەوە. بەمەش تایبەتێتیی پێڕەوی زمانەکان دەردەکەوێت، لە پارو وەچەپارەکانی داهاتوودا ئەو پێواژۆیە پەیوەست بە جێندەرەوە لە زمانی کوردیی شێوەزاری هەورامییدا جیبەجێدەکرێت.

## ٣/١) چەمک و پێناسەی جێندەر

زاراوەی "جێندەر" وشەیەکی ئینگلیزیی داتاشراوە، لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە لە "genus" ی لاتینییەوە وەرگیراوە(Corbett,1991,1). واتای (جۆر)، یاخود (کاتەگۆریی) دەگەیەنێت، ((ئاماژەیە بۆ کاتەگۆریی (نێرو مێ)، لەکۆنتێکستی نازمانییدا به واتای جۆری کۆمەڵایەتیی دێت)) (Kraaikamp& te Naarden,٢٠١٧,١ ). سەبارەت بە بڵاوبوونەوەو بەکارهێنانی زاراوەکە، لە هەشتاکانی سەدەی(٢٠) لە ڕێگەی سێ ئاڕاستەی (فیمینیستی) لە ئەمەریکای باکور، پاشان گوێزراوەتەوە بۆ ئەوروپا لە ساڵی (١٩٨٨)، لەو کاتەدا فیمینیستەکان داوای یەکسانییان دەکرد لە نێوان ژن و پیاودا، لەئەرک و مافدا) (الحدادین،١،٢٠١٩). بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لەلایەن توێژەری ئینگلیزیی (ئان ئاوکلی)، لە ساڵی (١٩٧٢) لە کتێبەکەیدا بە ناوی( Sex, Gender and society)بەکارهێنراوە، کەتێیدا ئاماژە بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات، لەبەرامبەر تایبەتمەندییە بایەلۆژییەکاندا(annabaa.org/nbanews). لە ڕوانگەیەکی ترەوە، لە ڕێزماندا پێناسەکراوە بەوەی وەک نیشانەیەک، تایبەتمەندیی ناوەکانە، ناوەکان بەهۆی پێواژۆ

ڕێزمانییەکانەوە وەریدەگرن. هۆکێت، جێندەری پێناسەکردووە بەوەی (جێندەر پۆلێکە لە (ناو/ ناوی شکاوە)، کە ڕەنگدانەوەیان لە هەڵسوکەوتی وشە پەیوەندیدارەکاندا هەیە. ئەم هەڵسوکەوتەی وشە پەیوەندیدارەکان پێیدەوترێت، ڕێککەوتنی جێندەریی)(Hockett,1958,٢٣١). لەو ڕوانگەیەوە (زانیاریی جێندەریی پێش هەموو شتێک تایبەتمەندییەکی وشەیی ڕستەسازیی ناوەکییە، کە وەک نوێنەرایەتییەکی وشەیی لە ئاستی لێمادا هەڵگیراوە)(٣، Popov،٢٠٢٠). واتە وشەکان بە نیشانە و زانیارییە جێندەرییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون. جا ڕێزمانیی بێت، یان کۆمەڵایەتیی. ئەوەی تائێستا لەسەر جێندەر بە شێوەیەکی گشتی خراوەتەڕوو، وەرگێڕانێکی دروست و پڕاوپڕی بۆ نەکراوە، لە ڕووی واتاوە مافی خۆی پێنەدراوە ، هەروەها وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ زایەند(Sex) دانراوە(White&Smith,2022,2)، لە زۆربەی توێژینەوەکاندا جێندەر وەک زاراوەیەکی گشتیی بۆ لایەنی بایەلۆژیی و زمانیی و کۆمەڵایەتیی بەکارهێنراوە، کە ئەمە لە واتاو ئەرکە ڕاستەقینەکەی تەواو جیاوازە، لە زانستی زماندا هەریەک لە (زایەند، جێندەری ڕێزمانیی، جێندەری کۆمەڵایەتیی) جیاواز پێناسەکراون. هەروەک پێشتر ئاماژەپێیدرا، زاراوەی جێندەر لە بنەڕەتدا بە واتای "جۆر"، یان "پۆل"ی کۆمەڵایەتیی دێت، بەڵام لە بەکارهێنانی زمانەوانیی ئەوروپییدا، واتای ئەم دەستەواژەیە تەسکبووەتەوە بۆ بەکارهێنانی (زایەند/Sex)ی نێر بەرامبەر مێ، لەگەڵ بێلایەن.

لە زۆرێک لە زمانە هیندۆئەوروپییەکاندا، ناوەکان لە فەرهەنگدا بۆ جیاکاریی زایەندیی نیشانەکراون لەسەر بنەمای واتا، هەروەها دابەشبوونەکە لە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی وەک ڕێکەوتنیشدا ڕەنگدەداتەوە. وەک لە زمانی ئیتاڵییدا، کە ناوەکانی بەسەر جێندەری (نێرو مێ)دا دابەشبوون، لە فەرهەنگی زمانەکەدا بۆ هەر وشەیەک دەگەڕێیت، جێندەرەکەی لە تەنیشتیدا دیاریکراوەو بە( F/M). جا زیندوو بێت، یان نازیندوو، بۆ نموونە: <کورسی : lasedia، f> و <مێز : tavolo il، m>، ئاژەڵەکانی وەک <شێر: leone il، m> و <پڵنگ :tigre la، f>، هەستەکانی وەک <گومان : il dubbio, m> و <خۆشبەختی : la felicità, f>و هەندێک ناوی تر، کە بە فۆڕم نێرو مێکەی دیاریکراوە، وەک<mucca&toro : مانگا و گا>، < gallina&gallo: مریشک و کەڵەشێر> بڕوانە(italianpod101.com/blog/2020/). لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە کاتەگۆرییەکانی تر، ئەگەر لە فەرهەنگدا جێندەریان جیانەکرابێتەوە، ئەوا لە ڕێزماندا بە وەرگرتنی نیشانەی جێندەری ڕێزمانیی و ڕێککەوتن لەگەڵ ناوەکاندا جیادەکرێنەوە. بۆ نموونە هەر لە زمانی ئیتاڵییدا :< quest-o ragazz-o : ئەم کوڕە>، <quest-a ragazz-a : ئەم کچە>، < quest-i ragazz-i : ئەم کوڕانە>، <quest-e ragazz-e : ئەم کچانە>. هەروەها لەگەڵ ئاوەڵناودا: <ragazz-o e` piccol-o : کوڕە بچووکە>، <La ragazz-a e` piccol-a :کچە بچووکە>، لەگەڵ کرداردا: <ragazz-o e` arrivat-o : کوڕەکە گەیشتووە>، <La ragazz-a e` arrivat-a :کچەکە گەیشتووە/ گەیشت>. پۆلەڕەگەزی (ragazz ) لە فەرهەنگدا خاوەن

نیشانەی[ ±نێر]ە، بەڵام لە ڕێزماندا نیشانە وەردەگرێت بەپێی مەبەستی قسەکەرو نیشانەی جێندەری ڕێزمانیی دەبەخشن بەو کاتەگۆرییەی، کە لەگەڵیدا دێن، بڕوانە ((Brown & Miller, 2013, 187 ). واتە ئەگەر جیاکاریی لەسەر بنەمای بایەلۆژیی، بۆ نێرینەو مێینە بکرێت لە فەرهەنگدا، ئەوا دەستەواژەی "زایەند" ی بۆ بەکاردێت، بۆ جیاکردنەوەی فۆرمەکان پشت بە واتا دەبەستێت. لە هەندێک سەرچاوەدا بە (ڕەگەزی سروشتی) دانراوە. بڕوانە پاری(زایەند)، لە (جێندەری ڕێزمانیی و جێندەری کۆمەڵایەتیی) جیاوازە، بڕوانە پارەکانی دواتر!

## ٤/١) تیۆرییەکانی جێندەر:

بۆ جیاوازیکردن لە نێوان (زایەند)و (جێندەری ڕێزمانیی )دا، لێکۆڵینەوەکە چەند تیۆرییەکی زمانەوانان دەخاتەڕوو، پاشان لە بەر ڕۆشنایی یەکێک لەو تیۆرییانەدا، ئەو دوو زاراوەیە، لە فەرهەنگ و ڕێزماندا بۆ شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی وشەو کەرەستەکان لە پێواژۆکانی تایبەت بە زایەند و جێندەری ڕێزمانیی، لە شێوەزارەکەدا بە شێوەیەکی گشتی پشتیان پێدەبەسترێت. تیۆرییەکانی (Greenberg,1968,73-113)و (Brugmann,1897,8-9)، دوو تیۆریین سەبارەت بە جێندەر، کە تەواو پێچەوانەی یەکترین، هەردوو تیۆرییەکە ئەو پرسیارە دەوروژێنن، کە ئایا جێندەری ڕێزمانیی وشەکان، لەسەر بنەمای زایەند/ بایەلۆژییە، یان نا؟

زۆرێک لە ناوەکان لە فەرهەنگدا بۆ [+/- نێر] نیشانەنەکراون، هەربۆیە لە پرۆسە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکاندا نیشانەدەکرێن، ئەگەر وشەکە/ ناوەکە بۆ مرۆڤ، یان بوونەوەری زیندوو بێت، لەسەر بنەمای بایەلۆژیی نیشانەدەکرێن، پێشبینیی ئەوە دەکرێت، ئەگەر وشەکە/ ناوەکە، بۆ ناونانی شتی نازیندوو/ ناوێکی واتایی بێت، لەسەر بنەمای زایەند، یان جێندەری ڕێزمانیی، یاخود جێندەر(جۆری کۆمەڵایەتی) نیشانەدەکرێن، بە نێر یاخود مێ دادەنرێن، بەڵام (گرینبێرگ) پێیوایە، کە "هیندۆئەوروپیەکان جێندەری ڕێزمانیی وشەکانیان، لەسەر بنەمای (زایەند/Sex) بونیادناوە، زیندوو بێت، یان نازیندوو. لە لایەکی دیکەوە بۆچوونی (بروگمان) ئەوەیە، کە جێندەری ڕێزمانیی، لە زایەند جیاوازە. لەسەر بنەمای ئەم تیۆرە، جێندەری ڕێزمانیی هیچ پەیوەندییەکی بە زایەندەوە نییە و هیندۆئەوروپییەکان بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییەیان فراوانتر کردووە. هەروەها (هێرت) پێیوایە "هیندۆئەوروپییەکان جێندەری ڕێزمانییان بەکارهێناوە، بەڵام ئەوان ناویان بەکارنەهێناوە، تەنیا بەکارهێنانیان لە جێناوەکان و تا ڕادەیەک سیفاتەکان بوو")( بختیاری ،ئەوانی تر،٢٠٢٠،٢١٢).

پاش ئەمان تیۆرییەکی نوێ هاتەکایەوە، لەلایەن زانای بواری زمانەوانیی (کۆربێت،١٩٩١، ٦٢)، کە تەواوکەری تیۆرییەکەی (گرینبیرگ)ە. پێیوایە، کە (سیستەمی جێندەر؛ دەتوانێت لەسەر بنەمای زایەند، یان هەندێک فاکتەری دیکە، وەک جیاوازیی نێوان مرۆڤ و غەیرە مرۆڤ، یان جیاوازیی نێوان شتە زیندوو و نازیندووەکان، بنیاتبنرێت) (Shoham,Amir,2019,17). تیۆرییەکە،

زمانەکـان بە پشتبەسـتن بە ئاشـکرایی و شـاراوەیی نیشـانەی جێنـدەر، بەسـەر دوو پۆلـدا دابەش دەکات: ا) ئەو زمانانەی، کە "جێندەری ڕێزمـانیی ئاشـکرا"یـان هەیە، کە تێیدا دەتوانرێت زایەنـد، لە شـێوەی وشـەدا ببینرێت. ب) ئەو زمانـانەی کە "جێندەری ڕێزمـانیی شـاراوە"یان هەیە، ناتوانرێت زایەندەکەیان لە شێوەی وشەدا بناسرێتەوە. (هەروەهـا پێیوایە، کە بەپێی تەرخـانکردنی جێندەری ڕێزمـانیی بۆ وشـەکان، مـرۆڤ دەبێ دەسـتیبگات بە زانیـارییە بنەڕەتییەکـانی وشـەکان، کە واتـای وشەکە و فۆڕمی وشەکە لەخۆدەگرێت) (Corbett،١٩٩١،٨).

کۆربێت لە کتێبەکەیدا دوو سیستەمی واتا و فۆڕمیی بە مەبەستی نیشانەکردن و دیاریکردنی زایەنـد و جێنـدەری ڕێزمـانیی، بـۆ وشـەکان خسـتووەتەڕوو، هەروەهـا ئامـاژەی بـە چۆنییـەتیی هاوتاکردنی جێندەری وشە کردووەو مامەڵە لەگـەڵ (کۆتوبەندکردنی وەک کـەس، ژمـارە، مـەزاج ، دەنـــگ و ...هتـــد )دا دەکـــات، کە بـــۆ هاوتـــاکردنی جێنـــدەر، لە وشـــەکاندا بەکـــاردەهێنرێن) (بختیاری،ئەوانی تر،٢٠٢٠، ٢١٢-٢١٣). لیکۆڵینەوەکە؛ بۆ شیکردنەوە و خستنەڕوو و جیاوازیکردن لە نێـوان (زایەنـد، جێنـدەری ڕێزمـانیی) بەپێـی تیـۆرییەکەی (کۆربیـت)، داتـاو زانیارییەکـان لە شـێوەزارەکەدا دەخـاتەڕوو، بە جۆرێـک لە زایەنـدەوە بـۆ جۆرەکـانی تـری جێنـدەر (ڕێزمـانیی و کۆمەڵایەتیی) دەچێت. بڕوانە پارەکانی دواتر!

## ٤/١_١) زایەند (sex)

مەبەست لە زایەند؛ بریتییە لە (جیاوازیی نێوان نێرو مێ، لە ڕووی تایبەتمەندییە بایەلۆژیی و فسـیۆلۆژییەکان، ئاشـکرایە ئەم تایبەتمەنـدییانەی مـرۆڤ هەر لە لەدایکبـوونییەوە دیـاریکراوە، تایبەتمەنـــدییەکی جێگیـــرەو بە تێپەڕبـــوونی کـــات و گـــۆڕانی کۆمەڵگـــا ناگۆڕێـــت) (simplypsychology.org/gender-biology.htm). لە مشتومڕەکاندا لەسەر زمان و زایەند، زاراوەی "زایەند" بە زۆری پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی دەرەوەی زمانەوانیی، واتە "سروشـتیی" یـان "بایۆلۆژیی" مێینە، یان نێرینەوە هەیە. هەمـوو ئەو وشـانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدان و لەسـەر بنەمای (بایەلۆژیی و واتا) گەنجکراون. بۆ نمونە: وشەکانی<دایک و باوک، خوشک و برا،..تاد>. لە ڕووی واتاوە/ سیمانتیکەوە، وەک هەڵگری تایبەتمەندیی واتایی (نێر، مێ) دیاریدەکرێن. کە لەوانەیە لە بەرامبەردا پەیوەندیی بە پۆلی دەرەوەی زمانەوانیی زایەندیی ئاماژەپێکراوەوە هەبێت. لەوانەیە ئەمجۆرە ناوانە "تایبەت بەزایەند" (تایبەت بە مێ، یان بە نێر) وەسفبکرێن، بە پێچەوانەی ناوەکانی وەک<هاوڵاتی، ئارامگر، ...تاد>، کە بە "نادیاریکراویی زایەند" یان "دوو لایەن" بۆ زایەند دادەنرێت. بە شـێوەیەکی ئاسـایی، زاراوە تایبەتەکانی زایەند، پێویسـتیان بە هەڵبژاردنـی فۆڕمی دەسـتکردی هاوتـای مانـادار هەیە، بـۆ نمـوونە: جێناوەکـانی/ئەو، ئەوان، مـن،.../، لە کاتێکـدا لە حـاڵەتی نـاوە

نادیارەکانی زایەنددا، هەڵبژاردنی جێگرەوە دەتوانێت ئاماژەیانپێبکات، بڕوانە:( Hellinger& Bußmann,2001,7).

## ٢_٤/١) جێندەری ڕێزمانیی (Grammatical Gender)

جێندەری ڕێزمانی؛ فۆڕمێکی تایبەتیی سیستەمی پۆلەکانی ناوە، کە ناوەکان بە پۆلی جێندەریی دیاریدەکرێن، زۆرجار پەیوەندییان بە سیفەتەکانی جیهانی ڕاستەقینەیانەوە نییە. (جێندەری ڕێزمانیی ئاماژەیە بۆ سیستەمێک، کە بۆ دیاریکردنی جێندەری پۆلی ناو، لە زۆربەی زۆری زمانەکانی جیهاندا دەبینرێت)(Corbett,1991,4). لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەو زمانانەی، کە جێندەری ڕێزمانییان هەیە، زۆربەی یان هەموو ناوەکانیان، لە بنەڕەتدا هەڵگری بەهایەکی پۆلی ڕێزمانین، کە پێیدەوترێت <جێندەری ڕێزمانیی>. واتە پۆلێک لە ناون، لە هەڵسوکەوتی وشە پەیوەندیدارەکاندا ڕەنگدەدەنەوە. (جێندەری ڕێزمانیی ناوێک، کاریگەری لەسەر فۆڕمی وشەکانی دیکەی پەیوەست بەو ناوەوە هەیە. بۆ نموونە لە زمانی ئیسپانییدا: < دیاریکەر و ئاوەڵناوو جێگرەوە/ جێناوی سەربەخۆ>، بەپێی ئەو ناوەی، کە ئاماژەی پێدەکەن فۆڕمی خۆیان دەگۆڕن .

بەگشتی جێندەری ڕێزمانیی، بە پێچەوانەی (زایەند)ەوە ، کەمتر پشت بە واتا دەبەستێت، بە تایبەت بۆ ناوی بوونە نازیندووەکان، ئەم جێندەرە سەرسوڕهێنەرە وادەردەکەوێت، کە "زیادەیەکی ئیختیاریی" بێت)(Corbett,2014,6). مەبەست لێی؛ دیاریکردنی جێندەری تەنە نازیندووەکان، ئارەزوومەندایە، بەڵام هەندێکجار لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی یاخود بێ هیچ بنەمایەک جێندەرەکەیان بۆ نێرو مێ جیاکراوەتەوە. بەمەش واتاو جێندەری ڕێزمانیی، پەیوەندییەکیان هەیە، کە نە بە تەواویی ئارەزوومەندانەیە، نە بە تەواویی لۆژیکییە. (دیاریکردنی جێندەری ڕێزمانیی، بۆ پۆلەڕەگەزەکان، لە ڕووی واتاییەوە لە سەرانسەری زمانەکاندا ئارەزوومەندانەیە. بۆ نموونە، <der Schlüssel: کلیل> لە ئەڵمانییدا نێرە، بەڵام لە ئیسپانییدا مێیە< lallave > ( Speed & Majid,2019,2064 ). هەروەها زمانی فەرەنسیی، بە ئارەزووی خۆی هەموو ناوەکان بۆ پۆلی جێندەری ڕێزمانیی فەرمیی دیاریدەکات بۆ نموونە لە ڕووی ڕێزمانییەوە<couteau : چەقۆ> نێرەو < cuillère: کەوچک> مێیە. ئەمەش لەبەرئەوەی چەمکەکانی <چەقۆو کەوچک> لە ڕووی تایبەتمەندییەوە، تەنێکن نازیندوون، بۆیە بۆ زایەند/ بایەلۆژیی پۆلێنناکرێن و لە نواندنە ڕێزمانییەکانیاندا شوێنپێی ڕێزمانیی ئەو توخمانە هەڵدەگرن، کە خۆیان بۆ زایەند نیشانەدەکرێن، بەوەش جێندەری ڕێزمانیی درێژکراوەی زایەند دەبێت، ئەوەش لەگەڵ تیۆرەکەی (کۆربێت)دا دەگونجێت (بڕوانە (Sayaka&Athanasopoulos,2018,2)).

جێندەری ڕێزمانیی، سیستەمێکە لە ڕێزمانی هەندێک زماندا، کە ناوەکان سەر بە جێندەرێکی دیاریکراو پۆلێندەکرێن، زۆرجار نێر یان مێ، یان بێلایەن- و بەشەکانی تری قسەکردن، کە پەیوەستن بە ناوەکەوە، وەک سیفات یان بابەت، دەبێت هاوڕا بن، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییدا ئەو ناوانەی، کە زایەندی سروشتییان هەن، وەک<کوڕ> یان <کچ>، دەبێت لە ڕێزماندا لەگەڵ هەر جێگرەوەیەکدا ڕێکبکەون، کە بۆ نوێنەرایەتیکردنیان بەکاردەهێنرێت، بۆیە> She is a nice boy.<* ڕستەیەکە لە زمانی ئینگلیزییدا ناڕێزمانییە، چونکە جێناوی/she/ بۆ جێگرەوەی ناوی [-نێر] بەکاردێت، لەگەڵ ناوی<boy>، کە [+نێر]ە ناگونجێت. هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتیی، زمانی ئینگلیزیی (جێندەری ڕێزمانیی) نییە، بەڵام لە ئێستادا زمانی ئینگلیزیی هەنگاو بەرەو ئەوە دەنێت، کە جێندەری شتە نازیندووەکان جیابکاتەوە، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە، لەسەر بنەمای جیاوازیی بایەلۆژیی و جێندەری کۆمەڵایەتیی.

زمانەکانی دیکەی جیهان سیستەمی جێندەریان، زۆر بەرفراوانتر و ئاڵۆزترە، بەراورد بە زمانی کوردیی. لە زمانی فەرەنسیی و ئیسپانییدا هەموو ناوێک یان نێرە، یان مێیە و سیستەمی دوو پەلکیی جێبەجێ دەکەن. بۆیە ئەو شتانەی، کە بۆ ئاخێوەرێکی زمانی ئینگلیزیی ، جێندەری ڕێزمانییان نەبێت، ئەوا لە زمانەکانی تردا بۆ پۆلێک یان پۆلەکەی تر دیاریدەکرێن. لەم جۆرە زمانانەدا، جێندەری ڕێزمانیی زۆرجار زیاتر مۆرفۆلۆژییە - پەیوەندی بە کۆتا فۆنیمی وشەکەوە هەیە، نەک واتاسازیی . بۆ نموونە: لە زمانی ئیسپانیدا، ئەو وشانەی، کە بە فۆنیمی/o- /کۆتاییان دێت، بە شێوەیەکی گشتی [+نێر]ن، ئەو وشانەشی کە بەفۆنیمی /a- /کۆتاییاندێت بە شێوەیەکی گشتی [-نێر]ن. هەروەها ناو هەیە، کە جێندەری ڕێزمانییەکەی لە زایەندە سروشتییەکەی جیاوازە. لە زمانی ئەڵمانییدا، وشەی <Maedchen: کچ >، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە بێلایەن پۆلێندەکرێت، نەک[-نێر]. هەروەها وشەی <manliness : پیاوەتی> جێندەری ڕێزمانییەکەی بۆ[-نێر]ە، وەکچۆن لە فەرەنسییدا، لەگەڵ<masculinité : پیاوسالاری> ، <virilité : پیاوەتی>دا هەیە. لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا، تەرخانکردنی جێندەری ڕێزمانیی، دەتوانێت لە ژێر کاریگەری مۆرفۆلۆژیی، یان فۆنۆلۆژیی ناوەکەشدا بێت، یان لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانێت بە ڕواڵەت ئارەزوومەندانە بێت. بڕوانە (Foster,2022,2).

هەروەک لە پێشتردا ئاماژەپێدرا، جێندەری ڕێزمانیی؛ بە کوالیتییەکی سروشتیی ناوەکان دادەنرێت و کاریگەری لەسەر فۆرمی وشە پەیوەندیدارەکانی دیکە هەیە لە پرۆسەیەکدا، کە پێیدەوترێت "ڕێککەوتن". پێدەچێت ناوەکان بە "هەڵگر"ی پرۆسەکە هەژماربکرێن، لە کاتێکدا وشەکانی دیکە دەبنە "ئامانج"ی ئەم گۆڕانکارییانە. ئەم وشە پەیوەندیدارانە دەتوانن بەپێی زمانەکە ببن بە: (دیاریکەر، جێگرەوە، ژمارە،، خاوەنداریێتی، سیفات، بابەت، کردار، تەواوکەر و ڕستە).

پێدەچێت پۆلی جێندەری ڕێزمانیی، لەسەر خودی ناوەکە نیشانەبکرێت، بەڵام هەمیشە لەسەر پێکهاتەکانی دیکەش لە دەستەواژەی ناو، یان ڕستەیەکدا نیشانەدەکرێت. بەمپێیە گرنگییەکانی سیستەمی جێندەری ڕێزمانیی دەردەکەوێت، کە بریتین لە: (ا) لە زمانێکدا، کە وەرچەرخانی ڕوونی بۆ جێندەر هەیە، ئاسانە زایەندی سروشتیی بوونەوەرە زیندووەکان دەرببڕین. (ب) جێندەری ڕێزمانیی "دەتوانێت ئامرازێکی بەنرخ بێت بۆ دووفاقیکردن"، واتە دەتوانرێت ئەم تایبەتمەندییە بەکاربهێنرێت بۆ دووفاقیکردنی/ جیاکردنەوەی شتە هاوناوەکان بۆ جێندەری ڕێزمانیی جیاواز، چونکە وابەستە ناوەکییەکانی وشەکان، واتای شتە هاوناوەکان دیارییدەکەن، کە ڕوونکردنەوە لەبارەی پێشینەکانەوە دەدات. (پ) دەتوانرێت جێندەر لە ئەدەبدا بۆ "زیندووکردن و کەسایەتیکردنی بوونە "نازیندووەکان" بەکاربهێنرێت. لە نێو ئەمانەدا لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا، گرنگترین ڕۆڵی هەبێت، لەو زمانانەی کە جیاوازیی جێندەرییان هەیە، بەگشتی کەمتر حاڵەتی ناڕوونیان هەیە، لەبەرئەوەی لە ڕووی پۆلێنکردنی جێندەرەوە، ناوەکان دەتوانن لەگەڵ پۆلەکانی تری زمانی، وەک سیفات، جێناو، کردار و هتد بگونجێن، کە دەتوانرێت بۆ دەستنیشانکردنی ناوەکیی پێکهاتەکان لە ڕستەکاندا بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە لە دەستەواژەی ئینگلیزییدا <"aflowerbed in the garden which I maintain">. تەنها کۆنتێکست پێماندەڵێت کە ئایا بڕگەی (کە من دەیپارێزم)، ئاماژەیە بۆ تەواوی باخچەکە یان تەنها گوڵدانەکە، لەبەرئەوەی جێندەری ڕێزمانیی نییە. لە زمانی ئەڵمانییدا جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانیی، لەو جۆرە ناڕوونییە ڕێگریدەکات، چونکە بەهۆی جێناوەکانەوە جێندەری نێرو مێ دیاریدەکرێت، بۆ نمونە: وشەی <گوڵخانە :Blumenbeet> بێلایەنە، لە کاتێکدا <باخچە: Garten> نێرە. لێرەوە ئەگەر جێناوێکی بێلایەن بەکاربهێنرێت، ئەوا ناوەکە ئاماژەیە بۆ <گوڵخانە>، ئەگەر جێناوی نێرینە بەکاربهێنرێت، ئاماژەیە بۆ <باخچە>. بەهۆی ئەمەوە زۆرجار ئەو زمانانەی، کە جیاوازیی جێندەرییان هەیە، دەتوانن جێگرەوە بەکاربهێنن. پاشان زۆرجار چەندین ناوی هاوواتای جێندەری ڕێزمانیی جیاواز هەن، کە دەتوانین لێیان هەڵیبژێرین، بۆئەوەی ئەمە ڕوونەدات.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، جێندەری ڕێزمانیی خزمەت بە جیاکردنەوەی هۆمۆفۆنەکان دەکات، لە گەشەسەندنی زماندا دیاردەیەکی تەواو باو و ئاساییە، کە دوو فۆنیم تێکەڵببن، بەمەش وشە جیاوازەکانی ئیتیمۆلۆژیی، وەک یەک دەردەبڕدرێن. بەڵام لەو زمانانەی، کە جیاوازیی جێندەرییان هەیە، ڕەنگە ئەم جووتە وشانە، بەپێی جێندەرەکەیان جیابکرێتەوە، بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسییدا <pot : دۆلکە/ مەنجەڵ> و<peau :پێست>، هەردوو وشەکە /po/ن هەمان هۆمۆفۆنن ، بەڵام لە جێندەردا جیاوازن و ئەم جیاوازییەش لێڵی لە واتادا ناهێڵێت، بەهۆی پاشگرەکانی نێرو مێوە. <le_pot> بـــــــــۆ نێـــــــــرەو <la_peau> بـــــــــۆ مێـــــــــیە.
(/en.wikipedia.org/wiki/Grammatical_gender)

## ٣_٤/١) جێندەری کۆمەڵایەتیی (Social Gender )

جێندەر؛ لەم پارەدا بە واتای (جۆری کۆمەڵایەتیی)دێت، بەو شێوەیە پێناسەدەکرێت، کە (ئاماژە بە تۆڕێکی ئاڵۆز لە دیاردەی کۆمەڵایەتی، کەلتووریی، ئابووریی و دەروونیی دەکات، کە جیاوازییە بایۆلۆژییەکان زیاد دەکات یان لەناویاندەبات(Hellinger&Bußmann,2001,107 ) . ، یاخود (جێندەر بریتییە لە خستنەڕووی ئەرکی کۆمەڵایەتیی لەسەر بنەمای تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ ڕۆڵی (نێرومێ)، ڕەفتارو چالاکی و تایبەتمەندێتییەکی کۆمەڵایەتییە، بە جۆرێک کۆمەڵگا دیاریدەکات چی گونجاوە بۆ جێندەری نێر، یان مێ، کە بونیاتدەنرێت لە ڕێگەی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە. واتە ((جێندەر لەڕێگەی کولتورەوە دەگوازرێتەوە، جڤاکییانەش بونیاد دەنرێت، دەکەوێتە نێو مامەڵەی ئەنتەرئەکشونی نێوان مرۆڤەکانەوە، بە گوێرەی یان بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونە کۆمەڵایەتیی و کلتورییەکان، کە لە بارەی پیاوەتی و ژنایەتییەوە هەن))(نوردنستام،٢٠٠٩ ،٣٩). بێگومان جیاوازیی لە نێوان زایەندی بوونە زیندووەکاندا سروشتییە، بەڵام جیاوازی لە نێوان جۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بە ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە، واتە (بریتییە لە جیاوازیی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی لەبەرامبەر جیاوازییە بایەلۆژییەکاندا لە نێوان دوو ڕەگەزدا)(البدر،٣،٢٠١٩). هەروەها (جێندەر)، بە واتای (پەیوەندیی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی و ئەو پرەنسیبانەی، کە کۆمەڵگا بۆ هەر یەک لە پیاوو ژن دیاریاندەکات. وەک: ئایین، چینی کۆمەڵایەتیی، کەلتور، بنەچە، ژینگەو ڕۆشنبیریی) (الحدادین،١،٢٠١٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین جێندەر؛ ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە بنیاتنراوەکانی ژن و پیاو، وەک نۆرم و ڕۆڵ و پەیوەندییەکانی گروپەکانی ژن و پیاو و لەنێوانیاندا. لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە و دەتوانرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت.

دیاریکردنی ئەم پرەنسیبانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، بەپێی پێوەرو ئاڕاستەی یەکسانیی لە نێوان دوو توخمەکەدا، کە دەکرێت بگۆڕێت و گۆڕانکاریی تێدابکرێت. ئەو ڕۆڵانەی، کە کۆمەڵگا بۆ ژنان و پیاوان دیاریدەکات، لە ئەنجامی بونیادیی کۆمەڵایەتییەوە دەدرێت، بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا دەگۆڕێت، کە ئەمەش دەبێتەهۆی جیاوازیی لە نیشانەکردنی ئەو شتانەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە لە زمانی ئیسپانییدا ( ئەو ناوانەی نیشانەی جێندەری مێینە وەردەگرن، ئەو ناوانە یاخود ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە ژنان بەکاریدەهێنن، یاخود ئەو شتانەی شێوەیان بازنەیی و سروشتیی و کێشیان کەمە، بەڵام ئەو ناوانەی نیشانەی جێندەری (نێر) وەردەگرن، ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە زیاتر پیاوان بەکاریاندەهێنن و دەستکردن و کێشیان زۆرە. هەندێکجار جێندەری وشەیەک، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا دەگۆڕێت. بۆ نموونە: لە زمانی ڕووسییدا، وشەی < ВИСКИ:

whisky:viski: ویسکی>، لە بنەڕەتدا مێ بووە، پاشان بووە بە نێر و ئەمڕۆ بووەتە بێلایەن یان دوولایەن. بڕوانە:(en.m.wikipedia.org/wiki/Grammatical_gender)

## ٥/١) نیشانەکردنی جێندەر

### ٥/١_١) نیشانەکردنی زایەندیی :

نیشانەکردنی زایەندیی، قۆناغێکی بەتایبەتیکردن و دەستنیشانکردنی پۆلەڕەگەزەکانە بۆ زایەندی نێرو مێ، واتە پێش ئەوەی توخمەکە بچێتە ڕێزمانەوە، لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزێک جیاکەرەوەی نێرو مێی بایەلۆژیی/ زایەندیی دەردەخات، ئەویش بە دانانی وشەیەک، یان فۆڕمێک دەبێت، کە زیاتر ڕوانگەیەکی واتایی هەیەو بەپێی یەکێک لە نیشانەکانی توخمەکە(کەرەستە) دادەڕیژرێت. لەم پارەدا کار لەسەر واتای وشەکان دەکرێت، لەسەر بنەمای سیفەتە بایەلۆژییەکان، لە ڕوانگەی ئەو سیستەمەی، کە (کۆربێت) لە لێکۆڵینەوە و نیشانەکردنی زایەندی وشەکاندا پشتیپێبەستووە. (لەم سیستەمەدا زانینی واتای وشەیەک بەسە بۆ زانینی زایەندەکەی، بێگومان حاڵەتی شازیشی هەیە)(Corbett،١٩٩١،١٣). لە شێوەزاری هەورامییدا، زۆربەی ناوەکان بەپێی فۆڕم نیشانەکراون و لە فەرهەنگدا بۆ زایەندی(نێرو مێ) جیاکراونەتەوە. ئەو ناوانەی سەر بەو دوو زایەندە نەبن و بەپێی فۆڕم جیانەکرابنەوە، لە پێکهاتەی ڕێزماندا نیشانەدەکرێن. بۆ نمونە وشەکانی<ئەدا: دایک، کناچی٭: کچ>بەرامبەر <تاتە: باوک، کوڕ:کوڕ>، بە زانینی واتاکەیان ئاشکرایە، کە ئەم وشانە لە بنەڕەتدا بۆ[ +/- نێر] جیاکراونەتەوە و بە ئامادەکراویی لە فەرهەنگدا هەن و فۆڕم و واتای ڕوونیان هەیە، بەڵام ناوێکی وەک<زارۆڵە: منداڵ> لە فەرهەنگدا نیشانەنەکراوەو بۆ [ ± نێر] دەبێت، ئەگەرچیی لە ناواخنیدا هەڵگری نیشانەی[ +/- نێر]ە، بەڵام لە بیچمەکەیدا نیشانەنەکراوە، بەڵام دەکرێت لە ڕێزماندا نیشانەبکرێت.

لەو ڕوانگەیەوە نیشانەکردنی فەرهەنگیی؛ هەموو ئەو ناوانە دەگرێتەوە، کە ئاماژەن بۆ هەموو شتێکی زیندوو/ ڕاستەقینە، کە هەر لەدایکبوونیەوە زایەندەکەی جیاکراوەتەوە. لە پارەکانی داهاتوودا قۆناغی فەرهەنگیی و پێش فەرهەنگیی جیادەکرێنەوە، قۆناغە فەرهەنگییەکە بۆ جیاکردنەوەی ئەو کەرەستانە (پۆلەڕەگەزانە)یە، کە هەر لە فۆڕمەکەوە، واتە لە فۆڕمە فەرهەنگییەکەوە پێشبینیی زایەندی وشە فەرهەنگییەکە دەکرێت، بەڵام لایەنی پێش فەرهەنگیی، دەرەوەی زمانەو ئەو دابەشکردنە بایەلۆژییە، کە کەرەستەکانی دەوروبەرمان هەیانە. بڕوانە پاری (نیشانەکردنی پێش_ فەرهەنگیی و نیشانەکردنی فەرهەنگیی).

**٢_٥/١) نیشانەکردنی جێندەری ڕێزمانیی:**

نیشـــانەکردن قۆنـــاغێکی بەرەو تـــایبەتێتیبردنی پۆلەڕەگەزەکـــانە، بەرەو تـــایبەتێتیبردن؛ مەبەستمان دیاریکردنی، یاخود دەستنیشانکردنی ئەو گشتێتییەیە، کە لە فەرهەنگدا پەیوەست بە پۆلەڕەگەزەکانەوە نوێنراوە. بێگومان لە فەرهەنگدا هەموو ناوەکان بە پشتبەستن بە واتاکانیانەوە نیشانەناکرێن، لە زانستی زماندا لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، کاتەگۆرییەکان بۆ جێندەری ڕێزمانیی جیاواز نیشانەدەکرێت، کە بەهۆی گۆڕینی شێوەی ئامرازەکانی ناساندن و نیشانە و ئاوەڵناوو جێناوەکان، بەپێی ئەو ناوەی ئاماژەپێدەدا، توخمی ڕێزمانیی جیادەکرێتەوە. لێرەدا ئەم ناوانە، بە پشتبەستن بە بەکارهێنانی سیستەمی (فۆڕمیی وشە )ی (کۆربێت)، پۆلێندەکرێن و ڕێچکەیەک دەگرن. یاساکانی تەرخانکردنی فۆڕمی وشە، بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن، بڕوانە(corbett,١٩٩١,33-52):

(ا) پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی: کە زانیاریی پەیوەندیدار بە فۆنۆلۆژیی وشەکەوە هەبێت. بەمەش جێندەری ڕێزمانیی ناوەکە لەسەر بنەمای سیستەمی فۆنۆلۆژیی دیاریدەکرێت. واتە زانینی جێندەری ڕێزمانیی ناوەکە بەندە بە فۆنێمی کۆتایی وشەکەوە. بۆ نمونە: لە شێوەزاری هەورامییدا، هەموو ئەو ناوانەی بە پیتێکی (نەبزوێن) کۆتاییانهاتبێت، ئەوا نیشانەی[+ نێر] وەردەگرن. وەک: < باخ، ساج، نان، ئاوات.....هتد>. ئەو ناوانەشی بە بزوێنەکانی/ە،ا،ی،یٚ/، ئەوا نیشانەی[- نێر] وەردەگرن. بۆ نمونە:< دوعا، شیفا، سارا، هەڵیزە: مەشکە، کتریە: کتری، وەزی: گوێز،....هتد>. بڕوانە( بێدار، ٥٦،٢٠٢٢ ).

(ب)- پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی: پەیوەندیی بەو پێشگرو پاشگرانەوە هەیە، کە ناوەکانی بۆ جێندەری ڕێزمانیی جیاواز پێنیشانەدەکرێت. بڕوانە بەشی دووەم (٣/٢_٢_٢). خاڵێکی تر کە پەیوەستە بە جێندەری ڕێزمانییەوە ئەوەیە، کە ژمارە کاریگەریی لەسەر نیشانەکردنی پۆلەڕەگەزەکان هەیە. بە بڕوای (کۆربێت) (ژمارە پۆلێکە، کە بە تەواوی پەیوەندیی بە جێندەری ڕێزمانییەوە هەیە. لە هەندێک زماندا جێندەری ڕێزمانیی، لە ناوی تاکدا سنووردارە و تەنها وشە تاکەکان لە ڕووی جێندەرەوە فۆڕمی جیاواز وەردەگرن، لە وشەی کۆدا ناتوانرێت جێندەری ڕێزمانیی وشەکان بزانین، چونکە نیشانەی جێندەر لەم وشانەدا دەرناکەوێت) (١٣٢، Corbett,١٩٩١). بە هەمان شێوە لە شێوەزارەکەدا، تەنها جێندەری ئەو ناوانە دیارن، کە تاکن، کە کۆکرانەوە تەنها مۆرفێمی کۆ دەردەکەوێت و هیچ نیشانەیەکی جێندەریی نییە. بڕوانە پاری **(٢/٣_٢_١_١)**.

(بەیکەر) نیشانەکردنی جێندەری ڕێزمانیی، وەک ( تایبەتمەندییەکی وشەیی-ڕستەسازیی سروشتی ناوەکان پێناسەدەکات و زیاتر مامەڵە لەگەڵ ڕاستییەکە دەکات، کە سیفات و کردارەکان ئەم تایبەتمەندییەیان نییە) (Baker,٢٠٠٤،١٠٩). ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەپێبدرێت لایەنی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و تەنانەت سیمانتیکیی جێندەرە لە پۆلەڕەگەزەکاندا، کە خۆی لە لایەنی

ڕێزمـانیی جێنـدەردا دەبینێـتەوە، وەک پێشـتر ئامـاژەی پێـدرا، ئەگەرچیـی لایەنـی زایەنـدیی پۆلەڕەگەزەکـان سـنوردارەو دەرخەری لایەنـی بـایەلۆژیی کەرەسـتەکانی دەوروبەرن، کە لە وشـەکاندا ڕەنگیانـداوەتەوە، بەڵام ئەو پێـوەرە دەبێـتە بنـاغەیەک بـۆ نیشـانەکردنێکی ڕێزمـانیی پەیوەسـت بە جێنـدەرەوە. واتە لە بنەچەیەکـی زایەنـدییەوە دەچـین بـۆ بنەچەیەکـی تـوخمیی و جێندەری ڕێزمـانیی درێژکراوەتەوە . واتە جێندەری ڕێزمـانیی بە شـێوەیەکی مەجازیی بۆ بوونە نازیندووەکان)(سەرچاوەی پێشوو،١١٧).

وەک ئاماژەی پێدرا، جێندەری ڕێزمـانیی، تایبەتمەندییەکی ناوەکانە، ڕەنگدانەوەی لەسـەر ئەو توخمـانەیە، کە لەگەڵیانـدا هـاوڕان. (واتە لە ناوەکانـدا پێـوەری دیـاریکەر بـۆ جێنـدەری ڕێزمـانیی ڕێککەوتنە، واتە "ڕەفتـاری وشـە پەیوەندیدارەکان")( Hocket,1958,231 ). بەگشـتی هەر ناوێک بۆ یەکێک لە جێندەرەکان نیشـانەدەکرێت، هـیچ ناوێـک دوو جێندەری جیاوازی نابێت، بەڵام لە زمـانی کوردیـدا لە (کرمـانجی ژووروو)دا، دەکرێـت وشـەیەک دوو نیشـانەی جیـاوازی جێنـدەری ڕێزمانیی وەردەگرێت، بەپێی ئەو ڕستەیەی تێیدا دێت، بۆ نموونە لە کرمـانجی ژوورودا ، وشـەی <دار> بە واتـای (تەختە) یـاخود (درەخـت) دێت، ئەگەر وشـەی <دار> مەبەسـت لێـی <درەختـی سـێو> بێـت، ئەوا نیشـانەی[- نێـر] وەردەگرێـت، کە مـۆرفیمی /_ا/یە، لەبەرئەوەی <درەخـت> سـیفەتی زینـدوێتی هەیە، بـۆیە دەوترێـت <دارا سـێڤی>، بەڵام ئەگەر مەبەسـتی <تەخـتەی دار سـێو>بێـت، نیشـانەی [+ نێـر] وەردەگرێـت، لەبەرئەوەی<تەخـتە> سـیفەتی نازینـدوویی هەیە، دەوترێت<دارێ سێڤی>، ئەگەر ئاماژە بە مێزێک بکات لە دارسێو دروستکرابێت، پێویستە بە نێر ئاماژەپێبکـات، بەڵام ئەگەر ئامـاژە بە درەختـی سـێو بکـات لە باخچەیەکـدا، پێویسـتە بە (مـێ) ئاماژەپێبکرێت). لەو ڕووەوە سەرچاوەکان ئاماژە بەوەدەدەن، کە جێندەری ڕێزمـانیی پەیوەستە بە دەوروبەری (مۆرفۆلـۆژیی/ شـکانەوەی نـاو، ئاوەڵنـاو، ڕێککەوتـن) لە نێـوان کـرداروو ئارگومێنتەکاندا. پەیوەست بە جێبەجێکردنەوە (بڕوانە بەشی دووەم پاری(٢/٣_٢_٢)).


### ٣_٥/١) نیشانەکردنی جێندەری کۆمەڵایەتیی

ئەمجۆرە نیشانەکردنەیان بەپێی چالاکییەکانی پۆلەڕەگەزەکان لە ناو فەرهەنگ و ڕێزمان و ئەو جۆرە کۆمەڵایەتییانەی لە زماندا ڕەنگیانداوەتەوە، کە مەرج نییە هەر یەکێک لەمانە نیشانەیەکی دیـاری زمانیـان هەبێـت، بەڵکـو دەتـوانین لە سـەرەوڕیزبوون و(ئەرک، کە کردارەکـانی کـرداروو کردەوەکانیـان)ی توخمێـک ببێتەهـۆی دۆزیـنەوەی لایەنـی جێنـدەریی، کە پـێگەی ئەو تـوخمە دەگرێتەوە، چونکە ئەمجۆرە نیشانەکردنەیان مەرج نیە مۆرفیمێک، یان وشەیەک بینوێنێت، بەڵکو لە کۆی مۆدێلێکی زماندا چالاکیی و سستییەکەی دەدۆزرێتەوە.

پۆلێنكردنی ئەمجۆرەیان پەیوەستە بە بیرو بیركردنەوەی كۆمەڵگا بۆ ماف و ئەركەكان و جیاكردنەوەی ئەرك و مافی نێرو مێ لە كۆمەڵگادا. بەوەش ئەم پارە پەیوەندیی زایەندیی توخمەكان سەرلەنوێ دابەشدەكاتەوە، كە ئایا لە زماندا نێر زاڵە، یان مێ. بۆ نموونە: لە شێوەزارەكەدا هەندێك ناو، بە تایبەت بە [ +/- نێر] دانراون و جیاكراونەتەوە، لەسەر بنەمای سیفەتی بایەلۆژیی و ڕوانینی كۆمەڵگا بۆ نێرو مێ، نیشانەیان وەرگرتووە، كە ناوە واتاییەكان دەگرێتەوە. بە هەمان شێوە زانینی زایەندەكەیان بە واتاوە پەیوەستە. وەك ناوەكانی: >جوانی، شۆخوشەنگی، ناسكیی، میهرەبانیی، .....هتد> بۆ [ - نێر]، لە بەرامبەردا بۆ [ + نێر]، ناوەكانی>جوامێریی، قارەمانیی، پیشەوایەتیی،...هتد>. ئەوەش لە شێوەزارەكەدا لە پاری سیمانتیكیی جێندەردا جێگای كراوەتەوە، چونكە وەك لەوێدا دەنوێنرێت، ئەمجۆرەی جێندەر درێژكراوەی ئەو بیروبۆچوونانەیە، كە شێوەزارەكە بۆ نێریتی و مێیەتیی و پێگەكەیان، هەیەتی.

ئەوەی پێشتر باسیلێوەكرا، هەموو ئەو پێناسەو بیروبۆچوونانە بوون سەبارەت بە زایەند و جێندەری ڕێزمانیی و جێندەری كۆمەڵایەتیی. ئەو تیۆرانەی زایەند و جێندەری ڕێزمانیی جیادەكەنەوەو لەسەر بنەما جیاوازەكان و پشتبەستنی لێكۆڵینەوەكە، بە تیۆرییەكەی (كۆربێت)، كە زایەندی لەسەر بنەمای بایەلۆژیی و جێندەری ڕێزمانیشی لەسەر بنەماو فاكتەرە جیاوازەكانی وەك: بایەلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و زیندویی و نازیندویی و ....) دیاریكردو هەروەها نیشانەكردنی زایەندی فەرهەنگیی، بە پشتبەستن بە واتاو جێندەری ڕێزمانییش بە فۆرمی وشەكە. لەگەڵ ئەوەشدا جێندەر وەك جۆر یاخود پۆلی كۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای كەلتوورو جیاوازیی كۆمەڵایەتیی خرانەڕوو. لە ئەنجامدا ئەوە هەڵدەهێنجرێت، كە پەیوەندییەكی تەواوكارانە لە نێوان زایەندو جێندەری ڕێزمانیی و كۆمەڵایەتییدا هەیە و لەسەر بنەما جیاوازە پێكەوەبەستراوەكان، پۆلەڕەگەزەكان نیشانەدەكرێن. بڕوانە هێڵكاریی (٥)، لە (Martina Werner،٢٠٢١،٢) وەرگیراوە.

**هێڵكاریی (5)**




### ٦/١) لێكدانەوەو بەرهەمهێنانی واتایی:

لە زانستی زمانـدا سـیمانتیک خـۆی بە لێکدانەوە و ڕوونکـردنەوەی دەربـڕاوە زمانییەکـانەوە خەریــدەکات. ئەو کەرەســتانەی لەبەر دەســتی ســیمانتیکدایە، دەربڕاوەکــان و ناولێنراوەکــانن، کە واتایەکیان بۆ دادەنرێت. (سیمانتیک بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەوەی، کە چۆن زمان بۆ نوێنەرایەتیکردنی واتـا بەکاردەهێنرێـت)( Stringer,2019,183). بە شـێوەیەکی گشـتیی، هەمـوو دانە زمانییەکـان لە سـنووری کـارکردنی سـیمانتیکدان، لە مۆرفیمەکـانەوە، کە بچـوکترین یەکەی واتـا هەڵگـرن، تەنهـا کەرەستەکانی ئاستی فۆنۆلۆژیی ناگرێتەوە، کە نزمترین ئاستی زمانە. لای زۆربەی زمانەوانان وشـە بە بــابەتی ســـەرەکیی ســـیمانتیک دادەنرێـــت، واتـــای وشـــە بـــریتییە لە واتـــای فەرهەنگیـــی (Lexical meaning)، لە ناو فەرهەنگدا لێکسیمەکان پێیاندەوترێت "دانەی فەرهەنگیی"، لە چەشنی فۆڕمی بنەڕەتییانـدا هەریەکەیـان خـاوەنی نیشـانەی واتـایی جیـاکراوەن، بـۆیە واتاسـازیی فەرهەنگیـی (Lexical Semantic)، لێکۆڵینەوەیە لەوەی، کە چۆن واتا لە وشـەکاندا کۆد دەکرێت و چۆن واتـای فەرهەنگیـی وشــە، پەیوەنـدیی بە واتـای ڕسـتەوە هەیە) (سـەرچاوەی پێشـوو،١٨٥). لەبەرئەوەی لە فەرهەنگـدا واتــای هەنـدێک لە فرێــزو ڕســتەکان تۆمارنــاکرێن، بــۆیە ســیمانتیکی وشــەو ڕســتە لەیەکجیاکراونەتەوە، لەبەرئەوەی وشەی ئاڵۆزو فرێزو ڕستە پەیوەندییان بە توانستی زمانییەوە هەیە، بەمەش بەرهەمهێنــانی واتــا دێــتە ئــاراوە، کە بــریتییە لە کــردەی داهێنــانی واتــای (فەرهەنگیــی و ڕستەسـازیی)ی نـوێ لە لایەن ئـاخێوەرەوە، جیـاوازە لەو واتـایەی دانە، یـان دروسـتە فەرهەنگییەکـان هەیانە، کە زانراوو ناسراون.

بۆ گەیشـتن بە واتـای وشـەو ڕسـتەکان و نواندنە واتاییەکانیـان، پێویسـت بە دانـانی سـەرەتایەکی لێکدانەوەییە، بە جۆرێک بۆ گەیشـتن بە واتـای دەربڕاوێـک، دەبێـت دەسـتپێکێک بـۆ لێکدانەوەی واتـایی هەبێـت. هەرچەنـدە واتـای وشـە تەوەری لێکـدانەوەو ڕوونکـردنەوەی واتـایی توخمەکـان بـووە، بەڵام وشەو واتاکانی لە ڕێی پەیوەندییە واتاییەکانیانەوە لێکدەدرێنەوە. پەیوەندیی واتای وشە، جگەلە واتـای خودی وشـەکە، دیاریکردنی پەیوەندییەکانییەتی بە وشـەکانی ترەوە، واتای وشـە لە نـاو تۆڕێـک وشـەی تـرەوە بەدەسـتدەهێنرێت. هەریەکە لە پەیوەنـدییەکانی وشــە، پەیوەسـت بە دژواتـاو هاوواتـا و کـێڵگە واتاییەکان، بۆ گەیشتنی دروستە بە واتای خودی وشە خۆی، گەر بڕوانرێتە < ڕەش> لە { هەنجیری ڕەش} دا، ئەوا دژەکەی لەگەڵ< سـپی> دەرناکەوێـت، بەڵکـو لە {هەنجیـری زەرد}دا دەردەکەوێـت، کە <ڕەش> لەوێـدا بەرامـبەر <زەرد>ە، نەک <سـپی>، کەچـی <ڕەش> لە { جلـی ڕەش}دا، بەرامـبەر بە دوو جەمسـەری ڕەنگە، کە ئەویش< سپی>یە، بڕوانە { جلی سپی}. بەوەش لەو دروسـتەیەدا <ڕەش> و <سـپی> دژواتـا دەبـن. پەیوەسـت بە کـێڵگەی واتاییشـەوە، کە دەسـتەکردنی وشـەکانی زمـانە بەپێـی بواری واتاییان، بۆیە لە ئاوەزیی تاکدا وشەکان بە پەیوەندیی کێڵگەییەوە هەڵدەگیرێن، نەک بە جیاو بە بڵاویی. لە ناو کێڵگەی واتایی میوەدا، < قۆخ ، هەنجیر و ....> هەن، هاتنی < کیویی> بۆ ناو زمانەکە،

به بەستنەوەی بە کێڵگەی میوەوە دەبێت، بۆیە لە <کێویی> دەگەین، چونکە لە ئاوەزماندا بە میوەکانی دەبەستینەوە (عەلی، مەعرووف،٢٠١١، ٣٢).

تا سنوری کێڵگەی واتایی لە واتای وشەداین و واتای وشەی پێدەکۆڵرێتەوە، بەڵام لە پاش ئەو سنورەوە، نەک کێڵگەی وشەکان، بەڵکو نیشانەی وشەکان بووبوون بە سەرەتای هەڵاوێرکردنی واتای وشەکان لەلایەن داواکەرەکانەوە (وشە بەدەستەڵاکان)ەوە، بۆ ئەوەش تیۆرەکانی بواری لێکدانەوەی واتایی ڕستە هاتنە مەیدان. لە پارەکانی دواتر هەردوو قۆناغی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی و بەرهەمهێنان، وەک دوو قۆناغی واتای ناو سینتاکسی لێکدەدرێنەوە. سیمانتکی لێکدەرەوەیی؛ یەکێک لە گریمانەو پێشنیازەکانە بۆ لێکدانەوەی واتایی و دەرخستنی دیوی سیمانتیکیی ڕستە، بنەماو پێوەرە. تیۆرەکە بانگەشی واتایی لەنێوان فەرهەنگ و دروستەی قووڵدا دەکات. بەجۆرێک دروستەی قووڵ، بۆ بەرهەمهێنانی واتایی ڕستەیەک، کەرەستەکان بە نیشانە گونجاوە واتاییەکانەوە بۆ دروستە واتاییەکە دەگوێزێتەوە. بەمەش دروستەکە بنەمای نیشانەی واتایی و داواکردنی واتایی جێبەجێدەکات. < کردار> بۆ دروستەی قووڵ دەستپێکی بونیادی دروستە قووڵەکەیە، بۆیە کردار (داواکەر)، لە فەرهەنگەوە داواکراوەکان بۆ بونیاتنانەکە داوادەکات، بەوەش دروستەکە بەو جۆرەی لای خوارەوە دەبێت، بڕوانە (هێڵکاریی(٦)).

**هێڵکاریی (٦)**

فەرهەنگ

(نەوزاد، سێو، خواردن)

دروستەی قووڵ

نەوزاد سێو خواردن

↓ ↓ ↓


داواکراو داواکراو داواکەر

ناوی کرداری <خواردن> پرۆژە واتاییەکەی بونیاتناوە، بۆیە دەبێت نیشانەی داواکراوەکان بەپێی ویستی ئەو کردارەبن. بەجۆرێک نیشانەی داواکراوی، یەکەم [+ خۆراک] و داواکراوی دووەمیش [+ بخۆر] بێت. ئەگەرچی دروستەی قووڵ پیکهاتەیەکی واتاییە، بەڵام بە کەرەستەکانی بارگەی دروستەی ڕووکەش دەردەخات، بەڵام دروستەی قووڵ لە ڕووی توخم و واتاشەوە کاریگەرییەکانی دەگاتە سەر دروستەی ڕووکەش، چونکە: (ا) هەمان توخم لە دروستەی ڕووکەشدا بەشداردەبێتەوە. (ب) هەمان واتاش لە دروستەی ڕووکەشدا دەنوێنرێت. واتا ڕەنگدانەوەکە تەنها ئەو نیشانانەیە، کە لە واتای توخمە فەرهەنگییەکانەوە دەچنەناو توخمە سینتاکسییەکان، بۆیە لەو کاتانەی وشەیەکی

فەرهەنگیی دەبێتە (فریز)، واتا ناگۆڕێت، بەڵکو هەمان واتایە بە فریزیی. نەبوونی نیشانەی سیمانتیکیی لە فریزە سینتاکسییەکان و دروستەی ڕووکەش، پەیوەستە بە زاڵێتی بنەماکانی سینتاکس لە ڕووکەشدا، چونکە دروستەی ڕووکەش بە تەواوی بۆ نواندنی سینتاکسییە. پێشبینییەکان بۆ نواندنێکی واتایی و سینتاکسیی پەیوەست بە جێندەرو نیشانەکەی دەخرێتەڕوو. وا گریمانەدەکرێت، کە جێندەر پەیوەست بە سیمانتیکەوە، لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەی قووڵ بێت، بەڵام دۆخ پەیوەست بە دروستەی ڕووکەش بێت، بەوەش جێندەر بنەچەیەکی سیمانتکیی و دۆخیش بنەچەیەکی سینتاکسیی دەبێت. بەوەش نیشانەی هەر کردارێکی واتایی لە سینتاکسدا دەربکەوێت، ئەوا بنەچەی سیمانتیکیی هەیە، بەڵام نیشانەکانی دۆخ بۆ خودی سینتاکس و دروستەی ڕووکەشن.

لەو ڕوانگەیەوە لە زمانەکاندا، بۆ نیشانەکردنی نیشانەکانی شت، تەنها بیچم و فۆڕم دەبنە بەڵگە. واتا لە<بەرد>دا فۆڕمەکە بۆ شت و هەگبەی کۆمەڵێک نیشانەیە، بۆیە لە سینتاکسدا بە کۆنیشانەکانی <بەرد>ەوە دەردەکەوێت، نەک یەکێک لە نیشانەکان، بەڵام نیشانە جێندەرییەکانی ناو هەر توخمێکی شیاوی نیشانەکردنە. لەمەوە لە ناو سیمانتیکی لێکدەرەوەییدا بنەمای واتایی لە ناوییدا بنەماکانی نیشانەکردنن، بە پێی نیشانەی واتایی توخمە هەڵاوێکردنەکان، پێویست و پێشبینیلێکراوە، هەر بەوپێیەش دروستەی قووڵ بونیاتدەنرێت، ئەگەرچی تیۆرەکە زاڵێتی هیچ یەک لە نیشانەکانی نەکردوەتە مەرج، بەڵام بەو پێیەی زمانێک یان شێوەزارێک نیشانەیەکی لە نیشانەیەکی دیکەی، لە ڕووی کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەوە، لەلا گرنگ بێت ئەوا پێشبینیدەکرێت، لە ڕیزبەندی نیشانەکاندا پلەی هەڵبژاردن لە پێشتربێت. بۆ نمونە نیشانەی [+ خۆراک/+گۆشت] لە کەلتووری موسوڵمانیکدا [+ مەڕ، +حوشتر،+ مریشک،...]بێت، کەچیی لە کەلتووری مەسیحییدا [+ بەراز] لە پلەی پێشەوەی هەڵاوێرکردنەکەدا بێت بۆ [+ خۆراک/+گۆشت]، بۆیە هەمان شت بۆ شێوەزارەکە، وەها پێشبینیدەکرێت، کە نیشانەی [+ /– نێر] لە هەڵاوێرکردنەکە سەرەکییەکان بێت (بڕوانە:٤/٣). هەروەها وەک گوترا نیشانەکردنە سینتاکسییەکان، بۆ ناو دروستەی ڕووکەشن، بەوەش دۆخ و جێندەر لە دوو پێکهاتەی جیاوازو لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە تەماشادەکرێت.(بڕوانە هێڵکاریی(٧))

**هێڵکاریی(٧)**



سیمانتیک بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستە پشت بە: (ا) ئەرکی ڕێزمانیی: کە پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی دەربڕاوەکان و واتا بنجییەکان دیاریدەکەن، ئەوەی کە ناو دەبرێت بە (دروستەی قووڵ)ی ڕستە، کە بریتییە لە چەمکێکی ئەبستراکتی پێکهاتەی ڕستە. (ب)دانە زمانییەکان: پێکدێت لە واتای فەرهەنگیی، کە بریتییە لە واتای پۆلەڕەگەزە کراوەکانی وەک ( ناو، ئاوەڵناوو کردار،...هتد) و واتای دروستەیی، کە واتای پۆلەڕەگەزە داخراوەکانی وەک: (دۆخی ڕێزمانیی، ڕێژەو پلەی باڵاو بەراوردو...هتد). (پ) پەیوەندییە واتاییەکان: کە کاردەکەن لە نێوان ئەرکە ڕیزمانییەکان و یەکە پێکهێنەرەکان/ دانە زمانییەکاندا، (پەیوەندییە سیمانتیکییەکان دروستەی واتایی پێکدەهێنن، ئەم پێکهاتە واتاییانە بریتین لە جۆری پێکەوەهاتنی کەرەستە واتاییەکان، بۆ نموونە پێکەوەهاتنی کۆمەڵە نیشانەیەکی واتایی تاکە لێکسیمێک، واتە بریتییە لە ناوەڕۆکی واتای لێکسیمەکە)(ئیبراهیم،٢٠١٤، ١٨-١٩). لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە بنەمای وەرگرتنی وشەکانی لە فەرهەنگەوەیە، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی واتای وشە، بۆ نیشانە واتاییەکانی، لە نیشانە واتاییە گشتییەکانەوە بۆ نیشانە واتاییە تایبەتەکان، نیشانە واتاییەکانی وشەکان لە فەرهەنگدا دەخرێنە ڕوو. کە بە نیشانە ڕێزمانییەکان دەستپێدەکات، بەرەو نیشانە واتاییەکان.(بڕوانە نموونەی (١)).

١) پیاو
↓
ناو
↓
+مرۆڤ
+ نێر
+ژنهێنان

لە(١)دا <پیاو> وشەیەکی فەرهەنگییەو واتا فەرهەنگییەکانی سنوردارن، نیشانە واتاییەکانی لە سینتاکسدا بەپێی دەوروبەری پۆلەڕەگەزەکان دەگۆڕێت. بەمەش واتای ڕستە لە ئەنجامی پێکەوەهاتنی واتای فەرهەنگیی و واتای ڕێزمانیی بەرهەمدێت. واتە هەمان وشە بە هەمان واتاوە، بەڵام ڕیزکردنیان، لە زانیارییە سینتاکسییەکانیاندا جیاوازیی لە ئەرکدا دروستدەکات، بە گوێرەی شوێنەکانیان ئەرکی ڕێزمانیی جیاواز دەبینن، بۆیە دوو ڕستەن لە واتادا جیاوازن. (بڕوانە (حسەین،٢٠١١، ١٥٣)بڕوانە(٢).

٢) ا. مامۆستاکە قوتابییەکەی خەڵاتکرد.

ب. قوتابییەکە مامۆستاکەی خەڵاتکرد.

پاش ئەوەی لێکدانەوەی واتا لە دروستەی قووڵدا بۆ دانە فەرهەنگییەکان کرا، پاشان ڕێڕەوی لێکۆڵینەوەکە بەرەو دروستەی ئارگومێنت هەنگاودەنێت، لەبەر ڕۆشنایی سیمانتیکی بەهەمهێناندا، کە سیستەمێکی واتاسازییە، ئامانجی شیکردنەوەی زمانە و لێکدانەوەی واتای ڕستەکانە لە سنوری سیمانتیکدا، دوور لە دەوروبەر. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر تیۆرەکە، بڕوانە (٢٣١- ٢٢٣، NazariBagha،٢٠١١).

لە سیمانتیکی بەرهەمهێناندا دروستەی لۆژیکیی لە شێوەی درەختی لقوپۆپداردا دەنوێنرێت، ئەویش لە ڕێگەی بەستنەوەی دروستەی سینتاکسیی ڕووکەشی ڕستە  بە دروستەی ئارگومێنتەوە. بە جۆرێک دروستەی قووڵی تیۆری ستاندارد فراوانبکرێت، بۆ ئەوەی  ئاستێکی جیاواز بەرهەمبهێنێن، واتە وردترو قوڵترو ئەبستراکتتر بێت، لەو ئاستە قووڵەی یاساکانی فرێزپێکهێنان بەرهەمیدەهێنن، کە بتوانێت پێکهاتەی دەروازە فەرهەنگییەکانیش بگرێتەوە (بڕوانە(حمە غریب، ٢٠١٥، ٤٢-٤٣)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون).  بەپێی ئەمتیۆرە سیمانتیک دەبێتە بناغەیەک بۆ دروستەی سینتاکس و دەتوانرێت لێیەوە دروستەی سیمانتیک بەرهەمبهێنرێت.)(ئیبراهیم، ٢٠١٤، ٨٨). لەمەوە (سیمانتیکی بەرهەمهێنان ڕاستەوخۆ گرنگی بە واتا دەدات) (٢٢٥، Nazari Bagha،٢٠١١)، کە بە دروستەی ئارگومینت ناودەبرێن، بەو واتایەی دروستەی ئارگۆمێنت ئەو فرێزە ناویی و بەندانەن، کە بە پەیوەندییەکی ڕێزمانیی (بکەر، بەرکار،...)، یان واتایی (کارا ، کارتێکراو .......) بە کردارێکەوە پەیوەستکراون، لەناو تیۆری ستانداردی فراوانکراودا لێکدانەوەکان بۆ واتا دەبن بە سێ قۆناغ، ئەوانیش فەرهەنگ، دروستەی ڕووکەش، دروستەی قووڵ. (ئارگۆمێنت پێویستیی سیمانتیکیی تێرکردن و پڕکردنەوەی جێکەوتە بۆشەکانی پریدیکاتە) (سەعید،٢٠٢٠، ٥٥).

بۆ دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی لایەنە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان سینتاکس و سیمانتیک، پێویست بە ئاماژەدان بە ئارگۆمێنت و دروستەکانی دەکات، زاراوەی ئارگۆمێنت بەو کەرەستانە دەوترێت، کە لەلایەن ئارگۆمێنت داواکەرێک (predicate) داواکراون، لە لۆژیکی فۆرمەڵدا ئارگۆمێنت ئەو جێکەوتە بۆشانەی ئارگۆمێنت داواکەر یان گۆکردنەکەی دەگرێتەوە.(عەزیز، ٢٠٢٢، ٣٩-٤٠).

بێگومان سیمانتیکی بەرهەمهێنان، گرنگی بە ڕوونکردنەوەی واتای دانە سینتاکسیی و فەرهەنگییەکان دەدات، کە واتاکەیان ناڕوون و تەمومژاویین. ئەم تیۆرییە لەسەر چەند بنەمایەک پێکهاتووە، کە ئەوانیش: (ا) دروستەی ئارگومێنت: ئەم بنەمایە بریتییە لە جیاکردنەوەی چەمک لە بەشەکردار، واتە دەرهێنانی چەمکەکەیە لە پێکهاتەکانی تری ڕستە، بەپێی چەمکە جیاوازەکانی ڕستە، ڕستەکان فۆڕمی لۆژیکیی جیاوازیان دەبێت، کە لێکدانەوەی واتاییان بۆ دەکرێت و واتاکانیان لێکدەدرێتەوە. (ب) دروستەی ڕووکەش: لە تیۆری سیمانتیکی بەرهەمهێناندا، واتای پیتیی ڕستەکان لە ڕێگەی دروستەی ئارگومێنت و پەلهاویشتنەکانییەوە، لە دروستەی ڕووکەشدا دەخرێنەڕوو. یاساکانی

گواستنەوەش لە هەردوو دروستەی ئارگومێنت و دروستەی ڕووکەشدا ڕوودەدەن و واتای ڕستەکان ڕووندەکەنەوە.

لەلایەکی تریشەوە، دروستەی ڕووکەش بە یاسا فۆنۆلۆژیەکانەوە بەستراوە ، کە لێیەوە نواندنی فۆنەتیکیی بۆ ڕستەکان دەکرێت و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕدرێن بڕوانە (حمەغەریب، ٢٠١٥، ٤٦). ئەم سیستەمە، ڕۆنان/ دروستە سینتاکسییە ڕووکەشەکەی ڕستە دەبەستێتەوە، بە دروستە ئارگومێنتەکەی، بەپێی تیۆرەکە، ڕستەو دەربڕاوەکان پێش دەربڕین و نواندنیان لە دروستەی ڕووکەشدا، خاوەنی واتاو پێکهاتەی واتایی تایبەت بە خۆیانن لە دروستەی ئارگومینتدا، دواتر لە ڕێگەی یاساکانی گواستنەوەوە، بە دروستەی ڕووکەشەوە دەبەسترێنەوەو دەردەبڕدرێن. واتە سیمانتیکی بەرهەمهێنان، لێکدانەوەی سەربەخۆیە لە پێکهاتەی سینتاکسیی. بەمەش گۆڕینی پێکهاتەکە نابێت کاریگەری لەسەر واتاکە هەبێت. لە گێڕانەوەی سیمانتیکی بەرهەمهێنانی زمانێکدا، هەموو واتاکان لە پێکهاتەیەکی قووڵدا ئامادەن، بۆ نموونە کاتێک دەربڕاوێکی وەک(٣) دەردەبڕێن، سەرەتا پێکهاتەی واتایی ئەو ڕستەیە، لە فەرهەنگی ئاوەزیماندا هەیە، واتە دروستە لۆژیکییەکە بوونی هەیە و لە ڕێگای یاساکانی گوێزانەوە، دەگەیەنرێن بە دروستەی ڕووکەش و لە شێوەی دەنگدا دەردەبڕدرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە سیمانتیکی بەرهەمێنان، دروستەی لۆژیکیی لە ڕستەدا دەستنیشاندەکات، کە بەهۆی (پریدیکات)ەوە دەردەبڕێت. (واتە سەنتەری شیکردنەوە لە تیۆرەکەدا، پریدیکات)ە ( ئیبراهیم ،٢٠١٤، ٨١).

٣) منداڵەکە شیرەکەی خوارد.

لە (٣)دا <خوارد> پریدیکات/ ئارگۆمینت_ داواکەرە و داوای بکەرێکی ڕێزمانیی لۆژیکیی/ منداڵەکە/ و بەرکارێکی ڕاستەوخۆ، کە<شیرەکە>یە دەکات. بەپێی تیۆرەکە، شیکردنەوەی واتاییەکەی لە(٤) و هێڵکاریی(٨)دا بەمجۆرەی لای خوارەوەیە:

٤) خوارد [ شیرەکە، منداڵەکە]

**هێڵکاریی(٨)**

نواندنی سیمانتیکیی

خوارد

شیر

منداڵ

دروستەی ئارگومێنت        خوارد [ شیر، منداڵ]

↓

یاساکانی گوێزانەوە

↓

دروستەی ڕووکەش        منداڵەکە شیرەکەی خوارد.

↓

نواندنی فۆنەتیکی   دەربڕینی ڕستەکە لە شێوەی دەنگدا

سەرەڕای ئەوەی سیمانتیکی بەرهەمهێنان بۆ بەدەستهێنانی واتای ڕستە<کردار> دەکاتە سەنگی مەحەک و کردار دەکاتە هەڵاوێرکەری ئارگومێنتەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرییەکە، گرنگی بە پریدیکاتە ناکرداریيەکانیش دەدات، کە ئەوانیش ئاوەڵناوو جۆرێک لە ناوو پێشناوەکانن. هەریەک لەوانەش، پریدیکاتن و ئارگومێنت- داواکەرن و بەپێی واتا پۆلەڕەگەز هەڵاوێردەکەن. فراوانکردنی چەشنی ئارگومێنت-داواکەرەکان وادەکات، سیمانتیکێکی وردتر لە دروستەی قووڵ دەستبکەوێت، ئەویش لەبەرئەوەی دروستەی ڕستەکە لە ڕووی سیمانتیکەوە لە کۆمەڵێک پەیوەندیی واتایی و ورد پێکدێت، بۆ ئەوەش لە کردارو ئاوەڵناوەکاندا جێبەجێدەکرێت، بڕوانە نواندنە فەرهەنگییەکەی خوارەوە(١). پەیوەندییە واتاییەکانی دروستەی ئارگومێنت، کردارو ئاوەڵناوەکان بەجۆرێک دادەڕێژرێن، کە یەک ئارگومێنت-داواکەر، یەک ئارگومێنت هەڵاوێردەکات، لەوەشەوە پەیوەندییەکان دەبنە دوو پەلکیی، بۆیە لە سینتاکسەوە لە بەشی سێیەمدا، ئەو پەیوەندییە واتایی و سینتاکسییانە، پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی جێندەریی و کۆتوبەندو شکاندنی کۆتوبەندەکان دەخرێنەڕوو، چونکە نیشاندانی پەیوەندیی دوو پەلکیی، سەلمێنەری پەیوەندییە سینتاکسیی و واتاییەکانیشە.

١) ا. [N ] A

ب. [N ] V

ئەگەرچیی یاساکە مامەڵەی لەگەڵ تەنها کردارێکدا کردووە، بەڵام دەشێت کردارەکان لە دابەشبوون و نواندنێکی پریدیکات و پریدیکاتۆریدا بن، بەوەش دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت، کە یەک نواندنی کردارمان نەبێت، چونکە پەیوەست بە هەڵاوێرکردنەوە لەیەکجیان(سەعید، ٢٩،٢٠١٩ ). لە ڕوانگەی ئەوەوە لەبەشی سێیەمدا کردارەکان پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی توخمی واتایی جێندەرەوە، نواندنەکەیان دەردەخرێت، چونکە سەرچاوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە پەیوەست بە دۆخی ڕێزمانیی بکەریی و بەرکارییەوە کردارەکان دەبێت جیا بن، چونکە ناکرێت لەیەک کاتدا دوو دۆخی ڕێزمانیی هەبێت (بڕوانە (مەعرووف، ٦٩،٢٠٢٠ ).

# بەشی دووەم

## جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییدا

## ١/٢) نیشانەکردنی پێش_فەرهەنگیی ( pre lexical marking)

هەرچەنــدە لە فەرهەنگــدا ئارگومێنــت و پۆلەڕەگەزەکــان بــۆ هەڵگرتنــی زانیارییەکــان بەرهەمهـاتوون، هەروەهـا زمـان مـامەڵە لەگەڵ فـۆڕمی زمانییـدا دەکـات، تـا بیکـاتە بیچمێـک بـۆ هەڵگرتنی کۆزانیارییەکان و تێیدا زانیارییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و واتاشەوە گەنجبکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئارگومێنتەکان بۆ زانیارییەکان داڕێژراون، بۆیە دەبێت نیشانەدنیاییەکان بچنەناو ئەو بیچمە فەرهەنگییانەوە.

لە فۆنیمەکاندا چەپکێک نیشـانەی فۆنۆلـۆژیی و فۆنەتیکیی هەڵگیراوە، وشـەو مۆرفیمەکانیش زانیاریی و دەروازەی جۆراوجۆریان هەن، کە دەکرێت مۆرفیمێک/ وشەیەک یەک بیچم بێت، بەڵام کۆزانیـاریی لە خۆییـدا هەڵگرتبێت، نەک تەنهـا زانیـاریی. وەک لە بەشـی یەکەمـدا ئامـاژەی بـۆکرا، نیشانەکانی[+ مرۆڤ]، چەمکێکە بۆ بەرهەمهێنانی چەندان ئارگومێنت، هەر لە فەرهەنگدا تۆڕێک وشــەی جیاوازمـان بـۆ نوانـدنی ئەو چەمـکە دەسـتدەکەوێت، کە دەکرێـت هەریەک لەو فۆڕمـانە نیشـانەکراوی بەشـێک لە زانیارییەکـانی نیشـانەی[+ مـرۆڤ] بـن، نیشـانە گشـتییەکە بـۆ مـرۆڤە، نیشانەکردنەکە لە فەرهەنگدا بە فۆڕم و وشە دەبێت و زانیاریيە دنیـاییەکە دەکرێتە هێمـاو تـوخمی زمانیی، بەوەش هێماکە نیشانەکراوێکی فەرهەنگیی دەبێت بۆ نیشـانەیەکی دنیـایی و دەرەکی پێش فەرهەنگ. دەکرێ لە نموونەکانی<کوڕ، کناچە، ژەن، پیا،...>دا، نیشـانەی [+ مـرۆڤ] ببینین، بەڵام لە خودی <کناچە و ژەن>دا نیشانەی [– نێر] زانیارییە وردەکە بێت، هەروەکچۆن [+ مێ] دەکرێت بە بێ ڕەچاوکردنی بەهای کۆمەڵایەتیی لە توخمەکانی< ژەن، کناچە، گـاوە: مانگا، مەیە: مەڕ،...>دا هاوبەش بن، بەڵام فۆڕم بەهاکەی نیشانەکردبێت، بڕوانە(عزوز،٢٠٠٢،٤٠).

## ٢/٢) نیشانەکردنی فەرهەنگیی (lexical marking)

فەرهەنگ کەرەستە خاوەکەی ڕێزمانی تێدا خەزندەکرێت، کە تـاکن و یەک (لێکسـیم)ن، واتە لە ڕووی فـۆڕمەوە یەک سـەگمێنتین، جـا نوانـدنەکان لە هەر پێکهـاتەیەکی ڕێزمـان بـن، هەر دەبێـت یەک سەگمێنتی/ سـادە بێت. ئەوەش ئەوە دەردەخـات، کە (فۆنیمەکـان، مۆرفیمەکـان، وشـەکان) بە زانیـارییە ڕێزمانییەکـانەوە لەنـاو فەرهەنگدا هەڵگیراون. لە ڕێزمانـدا هەریەک لەوانە دروسـتکەری سـێتێکن، هەر یەک لەو سـێتانە بـۆ (فۆنۆلـۆژیی بڕگەکـانە، مۆرفۆلـۆژییش وشــە ناسـادەکانە، سینتاکسـیش فرێـز و ڕستەکانە)، بۆیە لەم پارەدا تەنها گرنگیی بەو یەک ( لێکسێم)انە دەدرێت، کە لە شێوەزاری هەورامییدا، لە فەرهەنگدا لەسەر بنەمای بایەلۆژیی، بۆ زایەند داڕێژراوە. واتە یەک لێکسێمەکان[+/– نێر]،[+/– مێ] نیشانەدەکات، هەموو ئەو وشانەیە بەبێ پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی، لە فەرهەنگدا بۆ زایەند داڕێـژراون ((پەیوەست بە پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگییەوە (وشـەوە)، بە تەنهـا بە بێ شـکانەوە و داڕشـتن، زانیـاریی

لەسەر زایەند دەدات، واتە خودی پۆلەڕەگەزەکە بە فۆڕمەکەی دەربڕی زایەندەو زانیاریی لەسەر ئەوە دەدات))(مەعرووف،١٣٥،٢٠٢٠). بەمەش نموونەکانی ناو فەرهەنگ، دەبنە دابەشکردنێکی سەرەتایی بۆ جیاکاریی زایەند، ئەویش بە واتای ئەوەی، وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، بیچمی پۆلەڕەگەزەکە، خۆی نیشانەکەری زایەندەکەیە، بەوەش هەریەک لە پۆلەڕەگەزەکانی تریش پێشبینیی ئەوەیان لێدەکرێت، کە ناواخنێکی جێندەریی/ زایەندیی لە کۆی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکاندا هەبێت. لەبەرئەوەی نیشانەکردنی بیچمیی لە ئاستە فەرهەنگییەکەیەوە زایەندەکەی تێدا نیشانەکراوە، بۆیە لە قۆناغی پێش_فەرهەنگییدا/ لە دنیای دەرەوەو پێش ئەوەی ببێتە پۆلەڕەگەزو هێمای زمانیی لە شێوەی نیشانەی [+/-]ن و نەبوونەتە فۆڕمی زمانیی. لەو بارەیەوە بڕوانە نموونەکانی (١)و شیکردنەوەو نموونەکانی (٢ و ٣)!

١) ا. /ئەدا/ و /تاتە/ (دایک و باوک)
ب. /هەسورە/ و /هەسروە/ (خەزورو خەسو)
پ. /بەران/ و /مەیە/ (بەران و مەڕ)
ت. /کەڵەشیر/ و /کەرگە/ (کەڵەشێر و مریشک)
ج. /بەق/ و /چیلی/ (نێرەکەو و ماکەو)
ح. / گەماڵ/ و /دەڵە/ (گەمال و دەڵ)
خ. /ئەسپ/ و /مایین/ (ئەسپ و مایین)

نمونەکانی(١)، کە لە پۆلەڕەگەزی (ناو)ن بۆ جیاکاریی و نیشانەکردنێکی زایەندیی فۆڕمیان بۆ داڕێژراوە، زانیاریی زایەندیی لەوبارەیەوە دەدەن و هەر لە فۆڕمەکەیانەوە زانیارییەکە بەدەست دێت. وەک ئاماژەشی بۆ کرا، لە قۆناغی پێش فەرهەنگییدا، کەتیگۆرییان نییەو تەنها نیشانەی واتایی زایەندییان هەیە، نەک فۆڕم، بەوەش تایبەتمەندیی زارەکە لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە گشتێتی بۆ نواندنی پۆلەڕەگەزەکانی نییە، واتا لە خوارەوەی هەڕەمەکە نواندنی هەیە. بۆ ئەوەش پێشبینیدەکرێت، کە لە ڕێزماندا چینی نواندنی جێندەر، لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت، بۆیە لە هێڵکارییەکاندا نیشانەی [± نێر] کراوەتە سەرەوەی هەڕەمی هێڵکارییەکە، ئەوەش قۆناغێکی پێش فەرهەنگییەو بۆ جیاکردنەوەی بە های جێندەرەکەیە، کە لە ناو فەرهەنگدا وشەی بۆ دانراوە، چونکە دەکرێت هەر لەو وشانەدا پێش_کەتیگۆریی و پێش_ فۆڕمداڕشتن نیشانەکە جیاکەرەوەی (نێرومێ)بێت، چونکە نیشانەی [ -نێر] لە فەرهەنگدا <ژەنە> ، <دەڵە>ش دادەڕێژرێن، واتە فۆڕمەکە بۆ بەها کۆمەڵایەتیی و جێندەرییەکەشە. بڕوانە نیشانە واتاییەکان لە (٢)دا.

٢) ا. [± نێر] مرۆڤ

/تاتە/ /ئەڎا/

+ نێر − نێر

ب. [± نێر] باڵندە

/چیڵی/ /بەق/

− نێر + نێر

پ. [ ± نێر] ئاژەڵ

/گەماڵ/ /دەڵە/

+ نێر − نێر

پۆلەڕەگەزی < توتە: سەگ> لە شێوەزاری هەورامییدا، کە قۆناغی پێش کەتیگۆریی (Pre_Categorical ) فەرهەنگیی <گەماڵ و دەڵە> و خاوەنی نیشانەی گشتیی زایەندە [± نێر] ەو لە نیشانەکردنی تایبەتدا بۆ < گەماڵ و دەڵە> جیادەکرێنەوە، بەپێی نیشانەکان. بڕوانە(٢_ت)

٢) ت. [± نێر] توتە

/گەماڵ/ /دەڵە/

+نێر − نێر

بە هەمان شێوە وشەی/ ژەرەژ: کەو/ وشەیەکە، کە پەیوەست بە زایەندەوە نیشانەنەکراوە، نیشانەی گشتیی [± نێر] ی هەیە لە فەرهەنگدا و لە مۆرفۆلۆژیی شکانەوەشدا، بەرامبەر بە نیشانەکان فۆرمیان بۆ داڕێژراوە. بڕوانە (٣)

٣) ا. لە فەرهەنگدا:

[± نێر] ژەرەژ

/بەق/ /چیڵی/

+ نێر − نێر

ب− لە مۆرفۆلۆژیی شکانەوەدا بۆ جێندەری ڕێزمانیی (نێر) مۆرفیمی سفر/∅/ و بۆ (مێ) مۆرفیمی/_ە/، وەردەگرێت و فۆرمە شکاوەکان، جیاکاریی جێندەریی دەنوێنن. بڕوانە (٣_ب).

ب. [± نێر] ژەرەژ

+ نێر − نێر

ژەرەژ (∅) ژەرەژە

شـێوەزارەکە لە پیـواژۆی گەردانکـردن و شـکانەوەدا باڵادەسـتیی نیشـانەکردنی زیـاترەو ئـاخێوەری شـێوەزارەکە دەسـتکراوەترە لەو پێواژۆیـانەدا، چـونکە هەبـوونی زانیـاریی بـۆ فـۆڕمە فەرهەنگییەکـان پێویسـتی بە کـارامەییە، بـۆیە دانـانی مۆرفێمێـک، بـۆ نوانـدنی جێنـدەر سـاناترو بەبەرهەمتـــرە. بەڵگەکـــان بـــۆ <بەق> و<چیلـــی> لە لایەک و <ژەرەژ∅> ، <ژەرەژە> ئەوە دەردەبـڕن، کە شـکانەوە/ گەردانکـردن جێگـای فۆڕمداڕشـتنی فەرهەنگـی گرتـووەتەوە. بـڕوانە (پارەکانی دواتر)!

## ٣/٢) نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژیی:

### ٣/٢_١) مۆرفۆلۆژیی:

لە پـاری پێشـودا ئەو کەرەسـتانە خـرانەڕوو، کە لە فەرهەنگـدا سـادەو یەک لێکسـیمین و خـاوەنی نیشـانەی[+/- نێـر]ن. لەم پارەشـدا بـاس لەو پـۆلەڕەگەزانە دەکەیـن، کە لە فەرهـەنگـدا خاوەنی نیشانەی[±نێر]ن، بۆیە لە مۆرفۆلۆژییدا بە پێی پێواژۆکانی مۆرفۆلـۆژیی، بە ڕێزمـانیی بۆ جێندەر نیشانە دەکرێن. مۆرفۆلۆژیی وەک ئاستێکی سەرەکیی زمان، لە دروسـتەی نـاوەوەی وشـە دەکۆڵێتەوە ((مۆرفۆلـۆژیی لێکۆڵینەوەی پێکەوەهـاتن و پێکەوەبوونی جۆراوجۆری پێڕەوبەندانەی systematic فۆڕم و واتایە لە وشەدا ))( مەحویی،٢٠١٠، ١). لە ئەنجامی پێواژۆکانییەوە، وشـەی نـوێ بە فـۆڕم و واتـاو ئەرکـی نـوێ دروسـتدەکات، واتە ((لەڕێـی تەرزو یاسـاکانییەوە زانیـارییە واتاییەکانی فۆڕمێک وردەکاتەوە و نیشانەیدەکات))(مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٣٦).

هەمـــوو ئاســتێک کەرەســـتەی تــایبەتیی خـــۆی هەیەو کەرەســـتەی ســـەرەکیی ئاســـتی مۆرفۆلۆژییش، مۆرفێمە. (بلومفیلد مۆرفێم وەک بچوکترین یەکەی واتاداری زمـان دادەنێـت) (قـادر، ٢٠٠٢، ١٥). مۆرفیمیش وەک بچوکترین دانەی ئاستی مۆرفۆلۆژیی، لەلایەن زمانەوانـانەوە بەسـەر چەند جۆرێکدا پۆلێنکراوە ، بەپێی ئاستی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی، وەک دانەیەکی سـەربەخۆ، ئەوانیش مۆرفێمە بەند و سەربەخۆکانن. لەسەر بنەمای چەمک و واتـاش پـۆلێنکراوە، بـۆ مـۆرفێمە فەرهەنگیی(لێکسـیکیی) و ئەرکـی (سینتاکسـی) یەکـان)، بـڕوانە (فەتـاح، قـادر،٢٠٠٦، ٢٩)، (حەمەد، شێروان،٢٠١٤، ٣٤-٣٦) و (محەمەد، شادان،٢٠١٦، ٧-٩).

هەروەک لە بەشـی یەکەمـدا خـرایەڕوو، لە زۆربەی زمانەکانی جیهانـدا مۆرفۆلـۆژیی وەک پێوەرێـک بـۆ نیشـانەکردنی جێنـدەریی، بەبێ گوێدانە لایەنـی سـیمانتیکیی لە نێـوان نـاوو نیشـانە دیـاریکەرە جێنـدەرییەکە دادەنرێـت، واتە لەســەر تایبەتمەنـدییەک، یـان بنەمـایەکی دیـاریکراوی لۆژیکیی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای یاسایەکی ڕێزمانییە، جـا فۆنۆلـۆژیی بێـت، یـان مۆفۆلـۆژیی، کە

جێندەرو ئەو کەسە/ شتە ئاماژەپێکراوە، ناوێک نوێنەرایەتیدەکات. بۆ نموونە: لە زمانی پورتوغالیی و ئیسپانییدا، ئەو ناوانەی بە فۆنیمی /o/یاخود کۆنسنانتێکی کپ کۆتاییاندێت، بە جێندەری (نێر) دادەنرێت، ئەو ناوانەشی بەفۆنیمی/ a/، یاخود بە فۆنیمێکی دەنگدار کۆتاییاندێت، بە جێندەری (مێ) دانراون. ئەو ناوانەی، کە بەو فۆنێمانە کۆتاییانایەت، لە ڕێگەی بنەچەی وشەکە، یاخود هەر ڕێگەیەکی تر، بە بێ هیچ پێوەرێک جێندەرەکەیان جیادەکرێتەوە، ئەمەش هەندێک یاسای ئاماژەیی پشتگوێدەخات. بۆ نمونە وشەی <miembro : ئەندام> هەمیشە نێرە، ئەگەر ئاماژە بە <کچ و ژن>یش بکات، بەڵام <passoa : کەس> مێیە ، ئەگەر ئاماژە بە کوڕو پیاو بکات. هەروەها زۆرن ئەو زمانانەی، کە جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانییان هەڕەمەکی نییەو پشت بە چەند دەستورو یاسایەکی ڕێزمانیی دەبەستن. بۆ نمونە: لە زمانی ئێرلەندییدا ئەو ناوانەی بە پاشگرەکانی /eoir,_oir,_în_/کۆتاییاندێت، هەمیشە نێرن، لە کاتێکدا ئەو ناوانەی بە پاشگرەکانی/eog,_õg,_laan_/ کۆتاییاندێت هەموکات مێن. لە زمانی عەرەبیشدا ئەو ناوانەی بە /ـة/ تأنيث کۆتاییانهاتووەو وەک نیشانەیەک بۆ مێ دادەنرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ناوە کۆ نێرینەکان، بە /ـة/ی (جمع مكسورة) کۆتاییان هاتوە، کە هەندێکجار لەگەڵ ناوی تاکی مێینە تێکەڵدەکرێت، وەک<استاذ ، اساتذة> یاخود هەندێک ناوی کەسی تایبەتیی (نێر) وەک< خليفة، أسامة،...هتد>. ئەوەی جێی گوتنە، نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی جێندەر لەم ئاستەدا: (ا) بۆ دەرخستنی نیشانەکانی ناو توخمێکی فەرهەنگیین، ئەویش بەو پێیەی لە پاری پێشوودا گریمانەی ئەوە کرا، کە کۆی توخمە فەرهەنگییەکان نیشانەی [+/- نێر]یان هەیە، (ب) ئەو جێندەرەی لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا دەنوێنرێن، ڕەهەندێکی زایەندیی، یان ڕێزمانییان هەیە، بۆ ئەوەش دەبێت مۆرفێمێکی بەندی هەڵگواستن یان ڕێزمانیی هەبن تا ئەو دوو ڕەهەندە ڕوونبکاتەوە. ئەویش بەو پێیەی مۆرفۆلۆژیی کەرەستەو پێواژۆیە، کەرەستەکان/ مۆرفێمەکان هەڵگری واتاو نیشانەکانن، پێواژۆکانیش دەیاننوێنن (بڕوانە پاری دواتر).

## ٢_٣/٢) پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی

### ٣/٢_٢_١) پێواژۆی وشە_دروستکردن

یەکێک لە پێواژۆ گرنگ و بەبەرهەمەکانی مۆرفۆلۆژیی، وشەدروستکردنە. مۆرفۆلۆژیی وشە_دروستکردن؛ ئەو زانستەیە، کە لە چۆنیەتیی دروستکردن و پێکهاتنی وشەکان دەکۆڵێتەوە. ((زانست و تیۆریی وشە_دروستکردن خۆی بە کێشە و پرسیاری شیکردنەوەی وشە ئاوێتەکان، بە دانانیان لە گروپ و خانەی وشە لێکدراوەکان و وشە هەڵگۆڕاوەکاندا خەریک دەکات)) (مەحویی،٢٠١٠،٢٣٧).

لــەم لقــەی زانســتی زمانــدا، وشــەکان بــۆ پێکهێنــەرەکانیان/ ســەربەخۆ و ناســەربەخۆ شیدەکرێنەوە ((لێرەدا لە ڕووی واتاوە لێیناکۆڵرێتەوە، بەڵکو کاری پێویست و گرنگ، نیشاندانی چۆنیـــەتیی پێکهـــاتن و دروســـتبوونی وشـــە و دیـــاریکردنی مۆرفیمەکانێتی/کەرتەکانییـــەتی) (ڕەمــەزان،٢٥،٢٠١٥). لــە ڕێگــەی زانینــی دروســتکردنی وشــەکان و ڕیزبــوونی پێکهاتەکانیانــەوە، دەتوانین وشەی نویێ دروستبکەین. ((Ipsen,1998-1999:44) پێیوایە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، دەبێت پێڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی ئەو زمانە دیاریکراوە بدۆزینەوە، کە کاری تێدا دەکەین) (ئەحمەد،٢٠١٢ ،٣٣). ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، دەبێت شارەزای پێواژۆی هەڵگواستن و لەیەکدانی زمانەکە بین، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ئەو یەکە زمانیانەی/ مۆرفێمانەی، کە لە وشەیەکدا شیدەکرێنەوە، لە دەربڕاوی تر، یان لە وشەی تر بە هەمان واتا بە کارهاتبن. سەرەڕای ئەوە دەبێت پێواژۆی وشە_دروستکردنەکە بۆ واتایەکی نوێ بێــت. بەرهەمنەهێنــانی واتــای نــوێ لە دروســـتکراوێکی مۆرفۆلۆژییــدا، وادەکــات پێــواژۆی دروستبوونەکە هەڵبوەشێتەوە. ڕوانگەی واتایی و دروستبووی نوێ بۆ جێندەر تاقیدەکرێنەوە، چونکە مەبەستی گۆڕانە واتایی و ناوەڕۆکییەکەی وشەکە بۆ لێکۆڵینەوەکە جێندەرە.

**٣/٢_٢_١_١) هەڵگواستن :**

یەکێک لە پێواژۆکانی وشە_دروستکردن< هەڵگواستنە>، کردەیەکە وشەی هەڵگوێزراو دەرکردەکەیەتی، بە یارمەتی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن، کە چەند مۆرفێمێکی (بەند)ن، لە توانایاندا هەیە واتای وشەکان بگۆڕن یان وشەی نوێ بەرهەمبێنن، ئەم مۆرفێمانە بۆ (پێشگر prefixes، ناوگرinfixes، پاشگرsuffixes)پۆلێندەکرێن. ((هەڵگواستن بەرهەمەکەی وشەیەکی ناسادەیە لاگرەکەی لە جۆری مۆرفێمی هەڵگواستنەو لە توانایدا هەیە پۆلەڕەگەزی وشە بگۆڕێت، بەڵام دەگونجێت وشە نوێیەکە لە هەمان پۆلەڕەگەزدا بمێنێتەوە))(ئەحمەد،٣٧،٢٠١٢). کەواتە وشەی هەڵگوێزراو لە مۆرفێمێکی سەربەخۆو لاگرێک پێکدێت، کە لە زمانی کوردیدا بە زۆری بە یارمەتیی پێشگر یان پاشگر، یان پێشگر و پاشگر پێکەوە بۆ هەڵگواستنی وشەی نوێ بەکاردەهێنرێت.


(مۆرفێمــەکانی هەڵگواســتن لــە زمــانی کوردیــدا ســەری وشــە ناســادەکە پێکــدەهێنن و تایبەتمەندیەکانی خۆیان بە وشەکە دەدەن)(فەتاح، قادر،٢٠٠٦، ٦٢). ((مۆرفێمە هەڵگوێزەرەکان یەکێک لە ئەدگارە گرنگەکانیان ئەوەیە کە دەشێت پۆلەڕەگەزی بناغەکانیان بگۆڕن، بە واتا >>نـــاو<< دەتوانرێـــت لـــە >>کـــردار<< ەوە و >>ئاوەڵناو<<لـــە>>ناو<<ەوە و>>ناو<<لـە>>ئاوەڵناو<<ەوە هـەڵبگوێزرێت.)) (مـەحویی،١٨٣،٢٠١٠). زاڵێتیـی و حـوکمی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن و هەژمارکردنیان بە سەری وشەکە بە واتای ئەوە دێت، کە لە ڕوانگەی دروستەو واتاشەوە پرۆژە نوێکە بەرهەمدەهێنێت، چونکە لە ڕووی دروستەوە فۆرمی وشەکە

دەکاتە هەڵگوێزراو، لە ڕووی واتاشەوە واتای مۆرفێمەکە سەردەکەوێت. نرخی ئاستی نواندنی ئەو مۆرفێمە هەڵگواستنانە ($X^{-1}$)ن، کە بە تەواوی لە مۆرفۆلۆژییدا دەسەڵاتیان هەیەو لە مۆرفۆلۆژییدا وشە دروستدەکەن، بڕوانە نواندنە فەرهەنگیی و دروستەییەکەی لە (٤) و هێڵکاریی (١)دا (عەزیز، ٢٠٢٢، ٥٥)

٤) ا. $X \longleftarrow X^{-1} + Y$ وەک ( سیاویی: ڕەشیی، پرتەقاڵی، کوردستان، سۆزایی: سەوزایی)

ب. $X^{0} \longleftarrow Y + X^{-1}$ وەک (هورئامـای: هەڵهـاتن، هورشـیەیی: هـەڵچوون، ئەنەئاوردەی/ئاردەێرە : داهێنان، چەنەبڕیەی: لێبڕین، ...)

### هێڵکاریی (١)




لە هێڵکـاریی (١)و نمـوونەو دروسـتەکانی (٤)دا ئەوە دەردەبڕدرێـت، دەسـەڵات و جـۆری تـوخمی ($X^{-1}$) ەکـان سـەردەکەونە سـەرەوەی پڕۆژەکـان، بەڵام ئاسـتی خـوارەوە، کە ئاسـتی فەرهەنگییە، بە ناواخنە فەرهەنگییەکەیانەوە لێکدەدرێنەوە، چونکە جارێ فەرهەنگیین و لە سەرەوە دەبنە مۆرفۆلـۆژیی. بـۆیە دەبێـت: (ا) واتـای سـەرەوە/ واتـا مۆرفۆلـۆژییەکەی، لە واتـای ئاستە فەرهەنگییەکەی جیا بێت، ئەگەرنا دروستبووە مۆرفۆلۆژییەکە هیچ سوودێکی فەرهەنگیی نابێت و کەلەبەری فەرهەنگیی پڕناکاتەوە. (ب) پەیوەست بە جێندەرەوە مۆرفێمێکی هەڵگواستن هەبێت، کە کەموکوڕیی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکە یان ڕاستترە بگوترێت، مارکە لە (Y)ەکە بدات. پەیوەست بەوەوە، نمـوونەو بەڵگەکـانی شـێوەزارەکە ئەوە بەدەسـتەوەدەدەن، کە لە فەرهەنگـدا مـۆرفێمی هەڵگواستنی ($X^{-1}$) بە نیشانەی [+/- نێرە]ەوە نییە تا وشەی هەڵگوێزراوی زایەندیی بەرهەمبهێنێت. بەوەش شێوەزارەکە نوانـدنی زایەنـدیی، بە هەڵگواسـتن نییەو ئەم پێواژۆیە کەلـێن و کەموکوڕیی فەرهەنگیـی پڕناکـاتەوە. لەبەرئەوەی هەبـوونی نیشـانەی جێنـدەریی لە تـوخمە فەرهەنگییەکانـدا پێویست و حەتمییە، بۆیە دەبێت لە هەڵگواستنی وشەی نوێدا پێشبینیی گۆڕینی ناوەخنی جێندەریی توخمەکان بکرێت. گەر پێشبینییەکان لەو ڕووەوە ڕاست بن، ئەوا دەبێت بەپێی هێڵکاریی (١) ئەو توخمانە دەستنیشانبکرێن، کە لە بەرهەمهێنانی توخمە نوێکەدا زانیارییەکانی بۆ سەرەوەی پڕۆژە

مۆرفۆلۆژییەکە دەگوێزرێتەوە. بۆ ئەوەش نموونەکانی (٥، ٦) و هێڵکارییەکانی(٢، ٣) تاقیدەکرێنەوە، تـا لەڕێـیەوە پێشـبینییەکان بـۆ گـۆڕینی مۆرفۆلۆژییـانەی دروسـتەکەو بەرهەمهێنـانی تـوخمێکی ناسادەی نوێ، کە جێندەری ڕێزمانیی گۆڕابێت، نەک زایەندەکەی.

٥) ا. ڕوْ + /_چی/ْ ⟵ ڕوچیْ (ڕۆژوو)
[+نێر]        [-نێر]
ب. پا +/_وانە/ ⟵ پاوانە
[+نێر]        [-نێر]

**هێڵکاریی (٢)**




٦- ا. مەکی +/ _دان/ ⟵ مەکدان (خوێدان)
[-نێر]        [+نێر]

ب. قەبرە +/_سان/ ⟵قەبرەسان (گۆڕستان)
[-نێر]        [+نێر]

**هێڵکاریی(٣)**




نموونەکـان پەیوەسـت بە هەڵگواسـتنەوە ئەوە بەدەسـتەوە دەدەن، کە پێـواژۆکە جـگەلە واتـای نوێ و پۆلەڕەگەزی نوێ، کە بەهۆی پاشگرەکەوە بەرهەمدێت، دەرکردەیەکی تـری هەڵگواسـتنەکە بۆ بەرهەمهێنانی جێندەری ڕێزمانییە، بەوەش نیشانەکانی ناو مۆرفێمەکانی هەڵگواستن [+/-نێر]ی تێدایە. بۆ نموونە:

٧) ا. /_ستان/ [+ پاشگر، + شوێن(فراوان، + نێر]
ب. /_دان/   [+ پاشگر، + شوێن(بچووک)، + نێر]

بۆیە لە دەرکردەی پێواژۆکەدا نیشانەی جێندەرە ڕێزمانییەکە بۆ کۆی دروستەکە دەگوێزرێتەوە. بەوەش وشەکانی<قەبرەسان>و <مەکدان>، لە لیقڵە مۆرفۆلۆژییەکەدا جێندەرە ڕێزمانییەکەیان دەبێتە [+ نێر].

**٣/٢_٢_1_2) لێکدان:**

یەکێکی تر لە پێواژۆکانی مۆرفۆلۆژیی دروستکردن، پێواژۆی <لێکدان>ە؛ بریتییە لە خستنەتەکیەکی چەند مۆرفیمێکی سەربەخۆ، یان چەند زنجیرە مۆرفیمێکی سەربەخۆ، بۆ دروستکردنی وشەی لێکدراو، بەبێ یارمەتیی یان بە هۆی مۆرفیمێکی لێکدەرەوە. ((لێکدان) لە دوو ڕەگ، یان دوو بناغە کەمتر دروستنابێت. ئەم پێواژۆیە، یاخود ڕێگەیە، لە زۆربەی زمانە جیهانییەکاندا وەک( ئینگلیزیی ، ئەڵمانیی) بەبەرهەمە بۆ جێندەر)) (عبدوالرحیم،٢٠١٤، ٧٨).

دەرکردەی کردەی وشە لێکدان، بەرهەمهێنانی وشە لێکدراوەکانە لە زماندا، کە کردەیەکی بەبەرهەمە و ئاخێوەر بە شێوەیەکی بێسنوور دەتوانێت وشەی لێکدراوی نوێ بەرهەمبێنێت. پێواژۆی لێکدان؛ بەپێی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە (X,Y) بەرهەمدێت، کە ئەمانە هەریەکەیان لە قۆناغێکدا خاوەنی ڕیزبوونی خۆیانن. لایەنە دروستەییەکەی ڕیزبوونی (X,Y) ئەوەمان پێدەڵێت، کە (X)ەکان جڵەوی دروستەیی و جڵەوی واتاییان بەدەستەوەیە (عزیز، ٢٠٢٢، ٥٧). واتە وەک چۆن لە هەڵگواستندا ($X^{-1}$) ەکان هێزی دروستەیی و واتایی وشەکە بوون، لێکدانیش هەر ئاوا لەلایەن توخمە پرۆژەسازدەرەکەوە($X^0$) وشەی لێکدراوی لێبەرهەمدێت، (بڕوانە نموونەی (٨)و هێڵکاریی (٤)) بۆ تەرزی لێکدان، بەپێی پارامیتەری جیاوازی سەرەکە، کە بریتین لە:  (Y + X) و (X + Y)).

٨) ا. باڵابەرز، چەمکەوە: چاوشیین، دەرەتاریک : چەمی تاریک، .....

ب. سوورەچنار، شوخەژەنی، شاهەنگ، ....


**هێڵکاریی (٤)**




مۆدێلی لەو چەشنەی لێکدان بۆ نیشانەکردنی جێندەر، لە شێوەزارەکەدا تا ڕادەیەکی زۆر دەگمەن و تاکوتەرایە، چونکە داتاو نموونەی وەها لەبەردەستدا نین، کە پێواژۆی لێکدانەکە بۆ نیشانەکردنی زایەندیی بن، بۆ ئەوەش پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کە مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن پەیکاڵی ئارگومێنت دروستکردنەکەی فەرهەنگە، نەک خۆی دروستکەری جێندەرەکە بێت، بۆیە لە مۆرفۆلۆژیی دروستکردندا (ا) فۆڕمە نوێکە بۆ نیشانەکردنە بۆ چەمکی تر (ب) وشەدروستکردنەکە بۆ واتای نوێیە, نەک نیشانەکردن (بڕوانە نموونەکانی (٨)).

لەلایەکی ترەوە پۆلەڕەگەزی <هەر: کەر> لە فەرهەنگدایەو ئارگومێنتێکە بۆ جۆرێک لە ئاژەڵ داڕێـژراوە، کە خـاوەنی نیشـانەی گشـتیی زایەنـدە، واتە ئەم چەپـکە نیشـانانە لە فەرهەنگـدا بە شـێوەی[±نێـر] هەڵگیـراون، لە مۆرفۆلۆژییدا بەپێی جێنـدەر بۆ یەکێک لە نیشـانەکان فـۆڕمی بۆ داڕێژراوە. هەریەک لە وشەکانی< نیر> لە < نیرەهەر> و <ما> لە < ماهەر>دا، بۆ نیشـانەکردنی یەکێـک لە نیشـانەکانی [±نێـر]ن، بەڵام پێـواژۆکە لەو ڕووەوە ناچـالاکە، کە تەنهـا لەگەڵ وشـەی <هەر>دا هـاتوون، لەو ڕوانگەیەوە پێشـبینیی ئەوە دەکرێـت، کە وشـەکانی < نیـرەهەر و مـاهەر> ڕەگێکی ئێرانییـان هەبێـت و پێشـتر بە ئامـادەکراوی هـاتبێتنە زمـانی کوردییەوە، چـونکە دروسـتەو پێواژۆکە تاکوتەرایە، جیاکردنەوەیەکی جێندەرییە بە مۆرفۆلۆژیی دروستکردن.(بڕوانە (٩) و (١٠)!)

٩)




١٠) ا. لالو˚

/لالو˚/ + / ژەنی/ ⟵ لالو˚ژەنی (خاڵۆژن)

ب. مامو˚

/مامو˚/+ /ژەنی/ ⟵ مامو˚ژەنی (مامۆژن)

لە (١٠)دا هەریەک لە <لالو˚، مامو˚، ژەن> وشەی سەربەخۆن لە فەرهەنگدا، هەڵگری نیشـانەی زایەنـدیی خۆیـانن و بە جۆرێک، پۆلەڕەگەزەکـانی < لالـو˚ ، مـامو˚> نیشـانەی [ +نێـر] و <ژەن>

نیشانەی [–نێر] ی هەیە لە فەرهەنگدا، بەڵام لە کاتی لێکدانـدا، لە دروسـتەکەدا جێنـدەری ڕێزمـانیی بۆ  [–نێر] زاڵـدەبێت و لە سـەرەوەی پڕۆژەکەدا نیشـانەی زایەنـدیی (مێ) بەرهـەمـدێتەوە، بەوەش نیشــانەکردن لە دروســتبووە مۆرفۆلــۆژییەکەدا، بــۆ خزمــایەتییە، نەک زایەنــد، چــونکە لە ئاســتە فەرهەنگییەکەدا <ژەن> خۆی بە فۆڕمەکەی بۆ زایەند نیشانەکراوە (بڕوانە هێڵکارییەکانی(٥))

ا. [– نێر]   لالوْژەن ⟵مۆرفۆلۆژیی_نیشانەکردن بۆ خزمایەتیی ⟵ ب.[– نێر] ماموْژەن

[+نێر] لالوْ   [–نێر] ژەن          [+نێر] ماموْ   [–نێر] ژەن

**هێڵکاریی (٥)**

هێڵکــاریی (٥)و دەرکــردە مۆرفۆلــۆژییەکەی <لالــۆژەن> پێشــنیازی ئەوەمــان دەداتــێ، کە لێکـدراوێکی مۆرفۆلـۆژیی لە سـەرەوەی پڕۆژەکانیـدا ئەگەرچیـی زایەنـدی فـۆڕمە لێکـدراوەکە ناگۆڕێت، بەڵام ئایا پەیوەست بە جێندەری ڕێزمـانییەوە نیشـانەکانی لە [+نێر]ەوە بـۆ [–نێر] و بە پێچەوانەشەوە  گۆڕان ڕوودادەت؟ نموونەکانی خوارەوە دەربڕو سەلمێنەری ئەوەن، کە وەک لە هێڵکاریی (٤)دا خرایەڕوو، لێکدان لە مۆرفۆلۆژیی شێوەزارەکەدا سەرەڕای گۆڕانی دروستەو واتـا، جێندەری ڕێزمانیی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییە لێکدراوەکە بەپێی (X)ی بەرهەمهێنەری وشە لێکدراوەکە دەبێت. بڕوانە نمونەکانی(١١) و هێڵکارییەکانی(٦).

(١١) ا. تەوەن + نما ⟵تەوەننما   (بەردە نوێژ)
[–نێر]  [+نێر]   [+نێر]

ب. توتە + جەنگ + ی ⟵ توتە جەنگی   (شەڕەسەگ)
[±نێر]  [+نێر]   [–نێر]

پ. دار + بەڕوو⟵ داربەڕوو
[+نێر]  [+نێر]   [+نێر]

ت. دار + میو ⟵ دارمیو
[+نێر] [–نێر]   [–نێر]

ج. ڕووو+ سیاو ⟵ڕووسیاو (ڕوو ڕەش)
[+نێر]  [+نێر]   [+نێر]

ح. ڕووو+ چەرمە⟵ ڕووچەرمە ( ڕووسپی)
[+نێر]  [–نێر]   [–نێر]

**هێڵکاریی(٦)**

ا. تەوەننما [+نێر]

تەوەن[- نێر] نما [+ نێر]

ب. دەمەکارد[-نێر]

دەم [+نێر] کاردی[-نێر]


هاوشێوەی($X^{-1}$)ەکان، ($X^0$)ەکانیش جگە لە هەژمونە دروستەیی و واتاییەکان، هەژموونی جێندەری ڕێزمانیی بۆ توخمە مۆرفۆلۆژییە نوێیەکە دەگوێزرێنەوە. بەوەش لیڤڵی فەرهەنگیی، لە ناوییدا ($X^{-1}$)ەکە، بۆ سەرەوەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکە دەگوێزرێتەوە، نمونەکانی(١١)ش ئەوە بەدەستەوە دەدەن، کە($X^0$)ەکان ئەو جۆرە جڵەوە جێندەرییەیان هەیەو ئەو ئاراستەیەش، لەدەرکردە مۆرفۆلۆژییەکەدا ڕەنگدەداتەوە، بڕوانە هێڵکاریی(٦).

**٣/٢_٢_٢) شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی:**

مۆرفۆسینتاکس؛ پێرەوێکی نێو مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە، کە لە ئەنجامی تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە دروستدەبێت. واتە ئەو پێواژۆیانەی زمان دەگرێتەوە، کە ((نواندنی تایبەتێتیی سینتاکسیی، لە ڕێی کەرەستەی مۆرفۆلۆژییەوە دێننەکایەوە، واتە لە ڕێگەی بوونی مۆرفێمی بەندی وەکو(Flexives)، یان کلیتیک)) (محمد، قادر،٢٠١٠، ١٢٥). کەرەستەی ئەم ئاستە تێکچڕژاوەش مۆرفێمە.

لەم پارەدا، مۆرفۆسینتاکس، وەک پێرەوێکی شکانەوە دەخرێتەڕوو، بەوپێیەی مۆرفۆسینتاکس دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی پۆلەڕەگەزەکان و شکانەوەو گەردانکردنی (وشە)ش دەگرێتەوە. ((هەموو فۆڕمە مۆرفۆلۆجییەکان دەگرێتەوە، کە ئەرکی سینتاکسییان لە فرێزدا هەیە، ئەمەش مۆرفێمەکانی شکانەوە لە زماندا دەگرێتەوە)) (عەلی،٢٠١٥،٩١). واتە (ئەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییانەی، کە ئەرکی سینتاکسییان هەیە، لە بارەکانی وەک ( ناسراویکردن، ژمارە، تاک و کۆ، ڕەگەز). ئەم فۆڕمانەش مۆرفێمی بەندن، واتە (وەک یەکەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئازاد، نە واتا دەبەخشن نە بەکاردێن) (قادر،٢٠٠٣،١٨) (بڕوانە هێڵکاریی (٧).

### هێڵکاریی (٧)





لە هێڵکاریی(٧)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفۆسینتاکس پرۆژەیەکی نێوەندیی نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسە. لە ڕوانگەی ئەوەی بەشداربووی پێواژۆکە مۆرفیمی مۆرفۆلۆژییە، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوەی مۆرفیمە بەشداربووەکە مۆرفیمی بەندی سینتاکسییە، دەچێتە سنوری سینتاکسیشەوە. بیرۆکەی مۆرفۆسینتاکسیی، ئاڕاستەیەکە بۆ تێکەڵکردنی هەردوو پێکهاتەکە، بەڵام بیرۆکەی ناساندنی پێواژۆکە، وەک پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژیی، دەبێت شکانەوەو گەردانکردن بێت، واتە لقێکی دروستکردنی فۆڕمە مۆرفۆلۆژییەکان بێت، واتە چۆن مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردن هەیە، دەبێت مۆرفۆلۆژیی شکانەوەش هەبێت.

شکانەوە(Inflection) گۆڕینی فۆڕمی وشە فەرهەنگییەکانە، بۆ بەرجەستەکردنی واتای ڕێزمانیی(Nordquis,2020,6). شکانەوەکە بۆ دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی پۆلەڕەگەزەکانە، واتا ئەو مۆرفیمە بەندانەی یاسابەندانە دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو و کردار)، بەوەش پێواژۆکە لە چێوەی پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت(بڕوانە بەشی سێیەم، کە ڕوانگەی سینتاکسیی بەسەر پێواژۆکەدا زاڵدەکرێت). مامەڵەکردنی مۆرفۆلۆژییانە لەگەڵ مۆرفیمە بەندەکاندا وادەکات، کە مۆرفیمەکانی شکانەوە بە توخمی پرۆژەسازدەر هەژمار ناکرێن، بەوەش وەک لە پاری مۆرفۆلۆژیی وشە دروستکردندا ئاماژەی بۆکرا، توخمی هەڵگواستنی وشەی نوێ، ئاستی

نواندنی ($X^{-1}$)ی هەیە، بەڵام توخمی لێدانی وشەی نوێ ($X^{0}$)ن، بەڵام ئەو توخمانەی لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆژییەوە تەنها بۆ شکانەوەن، هیچکام لەو دوو ئاستی نواندنەیان نییە، چونکە بەپێی ڕوانگەی مۆرفۆلۆژیی، توخمەکانی شکانەوە تەنها بۆ شکانەوەی ڕێزمانیی و سینتاکسییانەی توخمە فەرهەنگییەکانن. شکانەوە وەک یەکێک لە پێواژۆ گرنگەکانی مۆرفۆلۆژیی، ڕۆڵێکی گرنگی لە جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانیی لە شێوەزارەکەدا هەیە. پەیوەست بەو دابەشکردنەی، بۆ چەشن و جۆری مۆرفیمەکان کراوە، (بڕوانە(٨) هێڵکاریی دابەشکردنی مۆرفیمەکان لە زمانی مرۆڤدا)، لە دابەشکردنی مۆرفیمەکانی شکانەوە/ مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا، لە شێوەزارەکەدا لەبەر زاڵێتیی سیستەمیی جێندەر تێیدا، کۆمەڵێک مۆرفیمی شکانەوەی جێندەریی هەن، کە لەم پێکهاتەیەدا بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ناوو ئاوەڵناوەکان (بڕوانە دابەشکردنی جێندەرییانەی مۆرفیمە بەندەکان لەهێڵکاریی (٨)دا). بە دەستکارییەوە لە www.rit.edu/ntid/sea/processes/wordknowledge/grammatical/: وەرگیراوە.

**هێڵکاریی(٨)**




لە ڕوانگەیەکی ترەوە، شکانەوە بریتییە لە پێواژۆی دارشتنی فۆرمی وشە، بۆئەوەی کاتیگۆرییە ڕێزمانییە جۆراوجۆرەکانی وەک: دۆخی ڕێزمانیی، ڕوکار، ڕێژە، کەس، ژمارە، توخم، دیاریکردن و دەرخستن، بکەر دیاری و نادیاری نیشانبدات)) (عەزیز،٢٠٢٠،٧). پاشگرەکان ڕۆڵی کارا دەبینن لە پێواژۆکەدا (زۆربەی جار شکانەوە بەهۆی پاشگرێکەوە دەبێت، بۆ سەر ڕەگی وشەکە، کە شێوەی ڕێزمانیی وشەکە دەگۆڕن، بەڵام پۆلەڕەگەزەکەی ناگۆڕن)

(HESS,2009,10)، واتە مۆرفیمەکانی شکانەوە ((لە ئەنجامی پێویستییەکی سینتاکسییەوە دێنە ئاراوە، نە واتا دەگۆڕن و نەبەشی ئاخاوتن، تەنها کەرەستە دەگۆڕن)) (فتاح،١٩٨٩،٤٦). شکانەوەی (ناو و ئاوەڵناو کردار) بەهۆی زیادکردنی چەند نیشانەیەک بۆ پۆلەڕەگەزەکان، کە ((یاسابەندانە و هەر وشەیەک بە پێی تایبەتمەندیی خۆی لە بەرجەستەبوونی قەدە_وشەکەیدا دەکرێن/ دەبن بە نیشانە (جیندەری نێرو مێ، دۆخی ڕێزمانی، ژمارە، کەس). نوێنەری ئەو کاتەگۆرییانەی شکانەوە لەڕێی نیشانەوە/ بە نیشانە دەبێت)) ( مەحویی،٢٠١٠،٢٤٢).

مۆرفیمەکانی شکانەوە لەگەڵ مۆرفیمێکی سەربەخۆدا فۆڕمێکی شکاوە دروستدەکەن، کە (کات وجێندەرو ژمارەو دۆخ) دیاریدەکەن. ئەوەی لەم باسەدا مەبەستە، دیاریکردنی (جێندەری ڕێزمانیی: Grammatical Gender)، بەهۆی مۆرفیمەکانی شکانەوەکە بە شکانەوەی فۆڕمەکە جیاکاریی جێندەریی دروستدەبێت، لە شێوەزارەکەدا بەهۆی چەند نیشانەیەکی تایبەتیی شکانەوەوە، جێندەری ڕێزمانیی (نێرو مێ)، بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی ( تاک )، جا وشەکە <ناو، ئاوەڵناو، جێناو، کردار،...هتد> بێت نیشانە دەکرێت، بڕوانە (بێدار،٢٠١٢،٤٤-٤٥).

لە ڕوانگەیەکی ترەوە، شکانەوە (بریتییە لەو گۆڕانانەی کە بۆ مارکەلێدان بە سەر فۆڕمی وشەکاندا دێت و وەک ئەو جیاکارییەی لە حاڵەتی دۆخ و توخم و ژمارە و تاف و کەس و ڕێژە و ڕووکار و بەبرشتی و ...دەردەکەون)بڕوانە(حوسێن،٢٠١١ ) و((www.Merriam-Webster.com )لە (عزیز،٢٠٢٠،٧)ەوە وەرگیراوە. پێناسەکە بۆ لێکۆڵینەوەکە جێی بایەخ دەبێت، ئەویش بەوپێیەی شکانەوەی بە مارکەلێدانی وشە فەرهەنگییەکانەوە بەستووەتەوە، ئەوەش لەگەڵ گریمانەی لێکۆڵینەوەکەدا دەگونجێت، کە پێیوایە توخمە فەرهەنگییەکان لە ناواخنیاندا نیشانەی جێندەریی [+/- نێر]یان هەیە، کەواتە ڕێگایەکی مارکەلێدان/ نیشانەکردنی ئەو ناواخنە فەرهەنگییە بەهۆی مۆرفیمە بەندەکان/ مۆرفیمەکانی شکانەوە دەبێت.

هەنگاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەست بەو پێناسەیەوە دەنرێن، لەبەرئەوەی ڕوانگەی کارەکە، مارکەلێدانی جێندەری ڕێزمانییە، بەوەش ئەم قۆناغەی نواندنی جێندەریی، دەبێتە تەواوکەری پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی، کە وەک ئاشکراکرا تەنها بۆ زایەندەو بنەمایەکی بایۆلۆژیی هەیە. واتا لە پێکهاتەی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردندا زایەند دەبێتە ڕاقەو وەچەی شاوشەی جێندەر، لێرەشەوە وەچەیەکی تری جێندەرەکە، جێندەری ڕێزمانیی دەبێت و بۆ مارکەلێدانی نیشانە ناوەکییەکانە.

### ٣/٢_٢_٢_١) شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی بۆ جێندەر

مۆرفیمە سینتاکسییەکان لە کۆمەڵێک کەرەستە پێکدێن، کە هەڵگری واتان و نابنە هۆی گۆڕینی واتاو پۆلەڕەگەزەکان، بەڵکو وەک کەرەستەیەکی مۆرفۆلۆژیی، بۆ بەرهەمهێنانی واتای ڕێزمانیی بەشداری لە پێواژۆی بەڕێزمانبوون(Grammaticalization)دا دەکەن، ئەوانیش ئەو مۆرفیمە سینتاکسییانەن، کە بۆ جیاکردنەوەی جێندەری ڕێزمانیی لەگەڵ پۆلەڕەگەزەکانی ( ناو، ئاوەڵناو)دا دێن بە شێوەی فۆڕمی (ناسراویی ، نەناسراویی، یان مۆرفیمی ناساندنی جێندەریی، جێناوی لکاو، پاشگرەکانی پلەی باڵاو بەراورد....)


### ٣/٢_٢_١_١) مۆرفیمەکانی ناسراویی و نەناسراویی لە شکانەوەی ناودا:

#### ا- مۆرفیمەکانی ناسراویی:

مۆرفیمی ناسراویی، یەکێکە لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی دەوروبەری پۆلەڕەگەزی ناو، لە زۆربەی زمانەکاندا مۆرفیمەکە نیشانەکانی [+ناسراویی، + ژمارە، + دیاریکراویی]ی تێدا هەڵگیراوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەی هەندێک زمانی دیکەی وەک (فەڕەنسیی و ئەڵمانیی)، کە مۆرفیمی ناسراویی بۆ (نێرو مێ) فۆڕمی تایبەت بە خۆی هەیە. لە زمانی ئەڵمانییدا مۆرفیمی ڕێزمانیی ناسراویی، جێندەرو ژمارەو دۆخی ناوەکە دەردەخەن. مۆرفیمەکانی /der/ بۆتاکی نێر و بۆ مێ/die/ و بۆ بێلایەن /das/ و /die/بۆ کۆی گشتییان. بۆ نمونە:<der mann : پیاوەکە>، <die frau : ژنەکە>، <das kind : منالەکە> (بڕوانە(Richard,2022,1). لە زمانی فەڕەنسییشدا مۆرفیمی ناسراویی/le/ بۆ تاکی نێرو و/la/ بۆ مێ، /les/ بۆ کۆی هەردوکیان دانراوە. بۆ نمونە:<Legarcon : کوڕەکە>، <Lafille : کچەکە>، <Les garçons, les filles : کچەکان ، کوڕەکان>، بڕوانە(Hrenglish,2022 )، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە لە زمانی فەڕەنسیی و ئەڵمانییدا ناسراویی، وشەیە، نەک مۆرفیمێکی بەند بێت، بۆیە فۆڕمەکەی سەربەخۆیە. کەچیی لە زمانی کوردییدا ناسراویی بە مۆرفیمەو لکاوە. (زمانی کوردیی ناوەڕاستیش هەمان نیشانەکانی[+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی]ی هەیە، ئەویش بەوپێیەی کوردیی ناوەڕاست نیشانەکردنی مۆرفۆلۆژییانەی بۆ جێندەر نییە (مەعرووف،٢٠٢٠، ١٤٤)، بەڵام شێوەزاری هەورامیی، پەیوەست بەو مۆرفیمەوە جیاکاریی دەکات و جێندەری ڕێزمانیی ناوەکە نیشانەدەکات، بە جۆرێک مۆرفیمی /ـەکە/ بۆ ناوی[+ نێر]، مۆرفیمی /ـەکیْ/ بۆ ناوی [– نێر] و /ـەکیْ/یش بۆ کۆی نێرو مێ دەنوێنرێن) (قادر،٢٠٠٢، ٦٣).(بڕوانە نموونەکانی (١٢)):

١٢) ا.  / کوڕ/ + /_ەکە/ ← کوڕەکە (کوڕەکە)
ب.  /کناچیْ/ + /_ەکیْ/ ← کناچەکێ (کچەکە)
پ. /مامۆسا/ + /_ەکە/ یان / _ەکیْ/ ← مامۆساکە ، مامۆسێکیْ
ت.  /تەوەن/ + / _ەکیْ / ← تەوەنەکیْ (بەردەکە)

نموونەکانی (١٢) ئەوە نیشاندەدەن، کە مۆرفیمەکانی ناسراویی لە نێوان لیڤڵی/ فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییدا خاوەنی دوو توانـدنی جێنـدەرین، <کـوڕ ، کنـاچە> هەر لە بیچمەکەیانەوە فۆرمداڕێژراوێکی زایەندیین، بەڵام پەیوەست بە <اموسـا> و <تەوەن> جێندەرەکە ڕێزمانییە. ئەگەرچیی بۆ ئارگومێنتی <مامۆسا>، کە نیشانەی [+مرۆڤ]ی هەیە، پێشبینیلێکراوە، بەڵام لە هیچ کـام لە نیشـانەکانی [+/- نێـر] لە فۆرمەکانیانـدا ڕەنگیـنەداوەتەوە، بـۆیە شـکانەوەکە زانیـارییە ناوەکییەکـانی نـاو ئەو ناوانەمـان پێـدەدات. بەجۆرێـک جێنـدەرە ڕێزمـانیی و زایەنـدەکەش، لە شکانەوەی ئەمجۆرە مۆرفیمانەدا یەکسان دەبن. بڕوانە هێڵکارییەکانی (٩)و(١٠).





**هێڵکاریی (٩)** **هێڵکاریی (١٠)**

**ب- مۆرفیمەکانی نەناسراویی:**

مـۆرفیمی نەناسـراویی، بەشـێکە لە دەوروبەری مۆرفۆلـۆژیی پـۆلەڕەگەزی نـاو، هەروەهـا خـاوەنی نیشـانەکانی [+ناسـراویی،+ ژمـارە، + دیـارینەکراویی]یە. بەوەش بە یەک نیشـانە خـۆی لە مۆرفیمی ناسراویی جیادەکاتەوە. لە شێوەزارەکەدا مۆرفیمی /_ یوْ/ بۆ نـاوی [+ نێر]  و /_یوە / بۆ نـاوی [- نێر] نیشـانەی نەناسـراویین (بێدار،٢٠١٢،٦٠). وەک دەبینرێت، هەرچەنـدە مـۆرفیمەکە زانیـاریی جێنـدەریی ڕێزمـانیی بە نـاوەکە دەدات، کەچیـی مـۆرفیمەکە خـۆی بـۆ نادیـاریی و دەرنەخسـتنە، بەڵام لەبەرئەوەی نیشـانەکردنی جێنـدەریی، ناسـاندن و ئاشـکراکردنی تێـدایەو لە

پیرەوی شێوەزارەکەش جێندەرو نیشانەکردنی جێندەریی تێدا زاڵە، بۆیە نیشانەی [+/- نێر] لە سەرەوەی نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیارینەکراویی]ەوەیە، چونکە جێندەرە رێزمانییەکە دیارییکراوی دەکات. سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ڕوونکردنەوەکە بۆ شکانەوەی ناوەکەیە، واتا لە سەرەوەی هەڕەمەکەیە، نەک ئاستە فەرهەنگییەکە، چونکە ئەو وشە فەرهەنگییانەی لە لیڤڵ/ ئاستی فەرهەنگییدا زایەندیان دیاریکراوە، لەو ئاستەدا نیشانەکراون، بڕوانە نموونەی (١٣)و هێڵکاریی (١١)و (١٢).

١٣) ا. /بەران/ + /ــیو/ ⟵ بەرانیو (بەرانێک)
ب. /جانتا/ +/ــیو/ ⟵ جانتیو (جانتایەک)
پ. /کتە/ + /ــیوە/ ⟵ کتیوە (پشیلەیەک)
ت. /هارگا/ + /ــیوە/ ⟵ هارگێوە (ئاگردانێک)




**هێڵکاریی (11)** **هێڵکاریی (12)**

سەرەڕای ئەو مۆرفێمانەی بۆ چەمکی ناسراویی باسییان لێوەکرا، لەبەرئەوەی شێوەزارەکە پیرەوی جێندەریی تێدا گشتگیرو پڕاوپڕە، بۆیە مۆرفێمی تایبەت بەو پیرەوەی هەیە، بە جۆرێک مۆرفێمەکە هەمان نیشانەکانی [ +/- نێر، +ناسراویی،+ ژمارە، + دیارییکراویی]یشی هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، کە ڕیزبەندیی نیشانەکردنەکە لە پێشدا بۆ جێندەرە پاشان نیشانەکانی [+ناسراویی،+ ژمارە، + دیاریکراویی]یە. مۆرفێمەکانی ناسراویی جێندەریی لە شێوەزارەکەدا بریتین لە مۆرفێمی سفر/∅/ بە نیشانەی [+نێر]ەوە (واتا بۆ نێر ئارتیکڵێکی بێ بیچمە( Zero article)) /ــە / بە نیشانەی [- نێر]ەوە)[1] (بڕوانە نموونەکانی (١٤ ،١٥)).

---

[1] ا- ئەگەر کۆتای ناوەکە نەبزوین بێت، ئەوا مۆرفیمی نێر/ ∅/ و مێش / ــە/ بزوێنی کورت دەبێت. بڕوانە (١٤).ب- ئەگەر کۆتایی ناوەکە، بزوێنی/ا/ بێت ، مۆرفیمی +نێر /∅/ و بۆ -نێر / ــیٰ/ دەبێت. بڕوانە (١٥)

١٤) ا.   گاو(فەرهەنگیی)          ب.       هیتیار(فەرهەنگیی)

[± نێر]          [± نێر]

گاو(∅)   گاوە          هیتیار(∅)   هیتیارە

[+ نێر]   [– نێر]          [+ نێر]   [– نێر]

١٥) ا.[± نێر] ماموسا(فەرهەنگیی)          ب.     [± نێر] نانەوا ( فەرهەنگیی)

ماموسا(∅)   ماموسێ          نانەوا(∅)   نانەوێ

[+ نێر]   [– نێر]          [+ نێر]   [– نێر]

١٦) ا.  مامۆسا + / ـی˚/ ⟵ /مامۆسی˚/ (مامۆستاکان)

ب. نانەوا + /ـی˚/ ⟵ /نانەوێ/   (نانەواکان)

لە نموونەکانی (١٦_ا)دا بە پێی یاسای مۆرفۆفۆنۆلۆژیی[٢] /ـا/ و //–ی˚/ یەکدەگرن و دەگۆڕین بۆ مۆرفێمی /ـێ/، بەڵام ئەو نیشانانە بۆ (تاکن)، چونکە لە شێوەزاری هەورامییدا نیشانەی جێندەری ڕێزمانیی لە حاڵەتی(کۆ)دا بۆ (نێر و مێ) جیاناکرێتەوە و هەردوو توخمە زایەندییەکە مۆرفێمی کۆ /ی˚/ وەردەگرن . بڕوانە(١٧)

١٧) ا. ژەنی+ /ـی˚ / ⟵ / ژەنی˚/     (ژنان)

ب. پیا + /ـی˚ / ⟵ /پیێ /    (پیاوان)

## ٣/٢_٢_٢_١_٢) شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو بۆ جێندەر:

ئاوەڵناوەکان پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگین و قۆناغی فەرهەنگییان سادەیە و جڵەوی واتایی و سینتاکسیی خۆیانیان هەیە، لە پێکهاتەی سینتاکسدا بەرهەمهێنەری فرێزی ئاوەڵناویین، واتا زانیارییە واتایی و سینتاکسییەکانیان لە فرێزدا جێبەجێدەبێت. بە پێی زانیارییە سینتاکسییەکان ئاوەڵناو بە تەنها نایەت، واتە ئەگەرچیی لە فەرهەنگدا وەک ($A^0$) هەڵگیراون، بەڵام لە سینتاکسدا بۆ ($X, Y$) دەگۆڕێن (بڕوانە فرێزی ئاوەڵناویی  لە بەشی سێیەمدا). سەرەڕای ئەوە ئاوەڵناوەکان لە فەرهەنگەوە لە ناواخنیاندا زانیاریی مۆرفۆلۆژییان هەیە، دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی سیمایەکی

[٢] مۆرفۆفۆنۆلۆژیی: (وەک ئاستیکی ناوەند لە زماندا، خۆی بە دەنگەکانی زمانەوە خەریکدەکات، زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی، هەڵگری هەردوو پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییە لە زماندا، واتە پەیوەندیی تیکچڕژاوی دوو ئاستەو کار لە یەکدی دەکەن. خۆی بە دیاریکردن و کارلەیەکدیکردنی پێکهاتەکانی ئاستی فۆنۆلۆژیی لە نێو یەکە مۆرفۆلۆژییەکاندا خەریکدەکات) بڕوانە(عەلی، ٢٠١٥، ٥) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

جیاکەرەوەی ئەوانە، واتا وەک هەر پۆلەرەگەزێکی تری فەرهەنگیی، شکانەوەی مۆرفۆلۆژیی تایبەت بە ئاوەڵناو هەن. مۆرفیمەکانی نواندنی جێندەردا یەکێکن لەو مۆرفیمانەی دەوروبەری ئاوەڵناو، بەوەش ئاوەڵناو بە سێ ڕێگا مامەڵە لەگەڵ جێندەر دەکات، یان بە شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ جێندەر، یان بە ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە چوارچێوەی فرێزدا، یان ناوەخنی واتایی جێندەریی خۆی هەیە (بڕوانە بەشی سێیەم(٣_٢/٣)).

شێوەزارەکە لە هەرسێ ڕوو و گریمانەکەوە مامەڵە لەگەڵ ئاوەڵناو دەکات. بۆ ئەم پارو بەشە، شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناوو دەوروبەری مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو شیدەکرێتەوە. دەبێت ئەوە بزانرێت، کە ئاوەڵناو لە گشت زمانەکاندا (( لە ڕووی واتاو سینتاکسییشەوە، زگماکییانە سروشت و کەسێتی پۆلەرەگەزی ئاوەڵناو پەیوەستە بە پەسنکردنی ناوەوە) (سەعید،٢٠١٩،٨٧). واتە گشت زانیارییەکانی لە ڕێگەی ناوێک/ تەواوکەرێکەوە بەرجەستەدەکرێت، لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ئاوەڵناو لە فەرهەنگدا، خاوەنی نیشانەی جێندەر نییە، بەڵکو هەڵاوێرکردنی جێندەریی هەیە، بەپێچەوانەی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکاندا، لە فەرهەنگدا ئاوەڵناو بە تاکی نێر ئاماژەپێکراوە ((هەموو ئاوەڵناوەکان لە بنەڕەتدا، وەک کەتیگۆرییەکی فەرهەنگی، تاکی نێر نیشاندەدەن. کاتیک دێنە ناو پێکهاتەی سینتاکسەوە_ لە دروستەی فرێزدا_ نیشانەی توخم وەردەگرن))(فتاح،٢٠٠٦،٦٢). ئەم بۆچوونەش لەگەڵ بەڵگەو بۆچوون و نموونە شیکراوەکانی ئەم لیکۆڵینەوەیەدا، پێچەوانەیە، ئەویش بەوپێیەی ئاوەڵناوەکان ئەگەرچیی مۆرفیمی جێندەرەکەیان لە ناوەوە وەردەگرن، بەڵام دەوروبەرە مۆرفۆلۆژییەکە، هی خودی ئاوەڵناوەکەیە. هەروەها دەبێت ئەوە بزانرێت، بە پێی تیۆری فەرهەنگیی و بەپێی تیۆریی (X-Bar) (X)ەکان، تەواوکەرەکان/(Y)ەکان هەڵدەبژێرن، نەک بە پێچەوانەوە، بۆیە لەبەرئەوەی لە مۆدێلی ڕێزمانیی کوردییدا پۆلەرەگەزەکان لە ڕیزبوونەکاندا (فەرهەنگ- مۆرفۆلۆژیی- سینتاکس (بڕوانە خشتەی (١))، کەواتە ئاوەڵناوە شکاوەکە، تەواوکەرەکە/ فرێزە ناوییەکە هەڵدەبژێرێت. دەوروبەری مۆرفۆلۆژییانەی ئاوەڵناو لە شێوەزارەکەدا بەو جۆرەیە، کە ئاوەڵناوی فەرهەنگیی لە ناواخنیدا هەڵاوێرکردنی نیشانەکانی [+/- نێر] هەیە لە مۆرفۆلۆژییدا:

**(١)** ئاوەڵناوەکان بۆ تاکی مێ، نیشانەی /- ە/ وەردەگرن، بەجۆرێک ئەگەر ئاوەڵناوەکە: (ا) بە نەبزوێن کۆتاییهاتبێت. وەک: <درێژ، ژیر،زیرەک، نەفام،...> (ب) بە بزوێنی /ی/ کۆتاییهاتبێت. وەک: <هۆرامی، زمسانی، تەختانی،...> بڕوانە نموونەکانی (١٨،١٩)و هێڵکارییەکانی (١٨) و (١٩). بۆ تاکی نێریش مۆرفیمی /∅/، بڕوانە هەمان نموونەو هێڵکارییەکانی (١٨)و (١٩).

**خشتەی(١)**

| | |
|---|---|
| فەرهەنگ | ($A^0$) |
| مۆرفۆلۆژیی | ($A$)ی شکاوە |
| سینتاکس | ($A^-$) فریزی ئاوەڵناویی |

١٨) ا.[+نێر] ژیر

ژیر(∅) ژیرە

[+ نێر] [– نێر]

ب. [+ نێر] زیرەک

زیرەک(∅) زیرەکە

[+ نێر] [– نێر]

پ. کناچیٚ ژیرە کوری ژیر∅

j j j j

ت. ژەنیٚ زیرەکە پیای زیرەک∅

j j j j

١٩) ا. (+نێر) هۆرامی

هۆرامی(∅) هۆرامییە

ب. (+نێر) تەختانی

تەختانی(∅) تەختانییە

لە نمونەکانی (١٩)دا هەریەک لە وشەکانی <هۆرامی> ، <تەختانی> بە بزوینێک کۆتاییانهاتووە، بۆیە کاتێک نیشانەی /ـە/ ی بۆ زیاددەکرێت، بەپێی یاسای (٧٧)، نیمچە بزوێنی /ی/ دێتە نێوانیانەوە.

**(٢)**– ئاوەڵناوەکان بۆ تاکی (مێ) نیشانەی /ـیٚ/ وەردەگرن، ئەگەر: (ا). بە بزوێنی/ە_e/کۆتاییهاتبێت، ئەوا /ـە/ بە هەمان یاسای (٧٧) ، /ـە/ لەناودەچێت .بڕوانە(٢٠).

٢٠) ا. گۆرە + /ـیٚ/ ⟵ گۆریٚ (گەورە)

ب. چەرمە + /ـیٚ/ ⟵ چەرمیٚ (سپی)

(ب). ئەگەر ئاوەڵناوەکە بە بزوێنی /ا / کۆتای هاتبێت ئەوا بە پێی یاسای فۆنۆلۆژیی تایبەت بە شێوەزاری هەورامیی، بزوێنی /ا / لە ناو دەچێت و فۆنیمی / یْ/، بۆ /ێ/ دەگۆڕێت. بڕوانە (٢١).

٢١) ا. زانا + /_ یْ/ ⟵ زانێ

ب. ئازا + /_ یْ/ ⟵ئازێ

پەیوەست بە نموونەکانی (٢١_ا،ب)وە پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە فۆڕمەکانی <زانێ،ئازێ> فۆرمێکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییانەیە، لە ئەنجامی چوونەسەریەکی هەردوو بزوێنی/ ا،ە/ دروستبووە، بەوەش دروستەکە بەمشێوەیە پێشنیازکراوە:

٢٢) زانا +/_ە/ ⟵ زانێ

کەواتە،/ێ/ ئەلۆمۆرفی /_ە/ کەیە، نەک یەک مۆرفێم بێت. بڕوانە :<زیرەک ، زیرەکە> ، <دریژ، دریژە>.

لە لایەکی ترەوە مۆرفێمەکانی پلەی بەراوردو باڵا وەک تایبەتمەندییەکی ئاوەڵناو، بەشێکن لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی و شکانەوەی ئاوەڵناوەکان، بەوەش شکانەوەی ئاوەڵناوەکە بە دوو شکانەوەدا دەڕوات، بەڵام لەبەرئەوەی لە شێوەزارەکەدا سیستەم و شکانەوەی جێندەریی زاڵەو حوکمدەکات، بۆیە نیشانەی جێندەرەکە دەچێتە سەر کۆی ئاوەڵناوە بەراوردو باڵاکە. بڕوانە نموونەکانی (٢٣ و ٢٤)و هێڵکاریی (١٣)، بەوەش هەمان مۆرفێمەکانی جێندەر بۆ ئاوەڵناوی فەرهەنگیی و ئاوەڵناوی شکاوەی پلەی باڵاو بەراوردیشە، چونکە /∅/ بۆ جێندەری نێر و /_ە/ش بۆ مێیە.

### ١) پلەی بەراورد :

٢٣) ا. [ /زیرەک/ + /_تەر/]+/∅ / ⟵ زیرەکتەر (زیرەکتر) [+نێر]

ب. کورەکە زیرەکتەر بی جە کناچەکێ. (کورەکە زیرەکتربوو لە کچەکە).

پ. [/زیرەک/ + /_تەر/]+ /ە/ ⟵ زیرەکتەرە (زیرەکتر) [-نێر]

ت.کناچەکێ زیرەکتەرەبی جە کورەکە. (کچەکە زیرەکتربوو لە کورەکە).

### ٢) پلەی باڵا :

٢٤) ا. [/زەریف/ + /_تەرین/]+∅ ⟵ زەریفتەرین (قۆزترین) [+نێر]

ب. پیاکە زەریفتەرینشابی. (پیاوەکە قۆزترینیان بوو).

پ. [/ زەریف/ + /_تەرین/]+ە ⟵ زەریفتەرینە (جوانترین) [-نێر]

ت. کناچەکێ زەریفتەرینە بی. ( کچەکە جوانترین بوو).

**هێڵکاریی(١٣)**

ا. زیرەکتەر∅/زیرەکتەرین∅ ئاوەڵناوی شکاوەی جێندەریی[+نێر]

زیرەکتەر/زیرەکتەرین /∅/

↓

ئاوەڵناوی شکاوە بۆ پلەی بەراوردو باڵا

ب. زیرەکتەرە/زیرەکتەرینە ئاوەڵناوی شکاوە جێندەریی [-نێر]

زیرەکتەر/زیرەکتەرین /_ە/

↓

ئاوەڵناوی شکاوە بۆ پلەی بەراوردو باڵا

**٣/٢_٢_٢_١_٣) مۆرفۆلۆژیی بچووککردنەوە**

نیشانەی بچووککردنەوە، وەک یەکێک لە نیشانەکانی شکانەوە لە مۆرفۆلۆژییدا، کە دەکرێت وەک نیشانەیەکی دەستنیشانکردنی جێندەری ڕێزمانیی پۆلەڕەگەزێک دابنرێت. نیشانەکان دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو)، پێشبینیی ئەوە دەکرێت، کاتێک دەچنە سەر ناوی کەسێک، یان گیاندارێک، بۆ مەبەستی دەربڕینی (خۆشەویستی)بێت، بەڵام کاتێک دەچێتە سەر ناوێکی (واتایی) بە مەبەستی بچووککردنەوە بێت. لێرەدا دەبێت پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا بچووککردنەوە مۆرفۆلۆژیی دروستکردنەیان شکانەوەیە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، نموونەو داتاکان لە شێوەزارەکەدا بۆ ئەو مەبەستە دەهێنرێتەوەو شیدەکرێتەوە، لە کۆتاییدا پشتبەست بە بەڵگەو نموونەکان، وەڵامەکە هەڵدەهێنجرێت.

١- ئەو نیشانانەی دەچنە سەر(ناو): ( بڕوانە (بێدار،٢٠١٢،١٤٥).

**ا-** پاشگرەکانی /_لە ،_ڵە/ بۆ جێندەری (نێر) و /_لیْ، _ڵیْ/ بۆ جێندەری (مێ)، دەچنە سەر ناو، جا ناوەکە ماددیی بێت، یان واتایی.(بڕوانە(٢٥)

٢٥). ا. ئازاد + /_ڵە/ ⟵ ئازادڵە (ئازادلە)

ب. سانا +/_ڵیْ/ ⟵ ساناڵی

پ. /کناچیْ/ + /_ڵیْ/ ⟵ کناچڵی (کچۆڵە)

ت. /تەوەن/ + /_لیْ/ ⟵ تەوەنلی (بەردی بچوک)

لە نموونەی(٢٥_ا،ب)دا، <ئازادڵە، ساناڵی> وەک نیشانەیەک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بەکارهاتووە و لێرەدا /_ڵە/ نیشانەیەکی گەردانکردنە، بەڵام لە (پ)دا، <کناچڵیْ> وشەیەکی نوێ

دروستبووە و پاشگری /ـڵی°/ئەرکی وشەدارێژێک دەبینێت. لە (ت)دا <تەوەن> جێندەرەکەی (مێیە) و نیشانەی/ـلی°/ی بۆ جێندەری (مێ) وەرگرتووە، وشەیەکی نوێ<تەوەنلی> دارشتووە، بۆ بچوککردنەوەی ناوەکە.

**ب-** پاشگری /ـچە/ بۆ (نێر) و/ـچی°/ بۆ مێ، وەک نیشانەیەکی وشەدارێژ، دەچێتە سەر ناو و وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت.

٢٦) ا. /باخ/ +/ـچە/ ⟵ باخچە

ب. /هەڵو/ +/ـچی°/ ⟵ هەڵوچی° (هەڵوژە)

پ. /ڕو°/ +/ـچی°/ ⟵ ڕوچێ (ڕۆژوو)

**ت-** پاشگری /ـوڵە/ بۆ /نێر/ دەچێتە سەر ناو و ناوێکی دارێژراو دروستدەکات.

٢٧) ا. /جام/ + /ـوڵە/ ⟵ جاموڵە (جامی بچوک)

ب. /زەنگ/ +/ ـوڵە/ ⟵ زەنگوڵە

٢- ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ئاوەڵناو:

**ا-** پاشگری/ـ جڵانە/ بۆ نێرو /ـ جڵانی°/ بۆ مێ و دەچنە سەر ئاوەڵناو وەک نیشانەیەکی بچووککردنەوە و وشەدارێژ.

٢٧) ا. /گولانە/ + /ـجڵانە/ ⟵ گولانجڵە (بچکۆلانە) [+ نێر]

ب. /گولانە/ + /ـجڵانی°/ ⟵ گوڵانجڵی° (بچکۆلانە) [- نێر]

**ب-** پاشگری/ـکوڵە/ بۆ نێرو /ـکوڵی°) بۆ مێ دەچێتە سەر ئاوەڵناوو وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێت.

٢٩) ا. /پان/ +/ـکوڵە/ ⟵ پانکوڵە (پانکۆڵە) [+ نێر]

ب. /پان/ + /کوڵی°/ ⟵ پانکوڵی° (پانکوڵە) [- نێر]


**پ-** پاشگری/ـلە/ بۆ نێر و /ـڵی°/ بۆ مێ، دەچنە سەر ئاوەڵناوو وەک نیشانەیەکی بچووککردنەوەو وشەدارێژ.

٣٠) ا. /خڕە/ +/ـلە/ ⟵ خڕەڵە [+ نێر]

ب ./زەریف/ + /ـڵی°/ ⟵ زەریفڵی° [- نێر]

ئەگەرچی نموونەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە پیواژۆی هەڵگواستن و شکانەوە بۆ نواندنی بچووککردنەوە هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی سیستەمی جیاکاریی جێندەریی لە شێوەزارەکەدا زاڵە، بۆیە هەرچەندە هەڵگواستن پێواژۆیەکی کۆتوبەندداره، بەڵام شکانەوە پێواژۆیەکی ئازادە، دەکرێت وەها گریمانەبکرێت، کە بچووکردنەوە لە شێوەزارەکەدا، شکانەوەیەکی پراگماتیکییانە بێت، بچووکردنەوە؛ وەک نیشانەیەکی مۆرفۆپراگماتیکی، بەکارهێنانێکی تاکلایەنانەی ئاخێوەری شێوەزارەکە بێت، بۆیە نموونەکانی وەک: <ئازاد ←ئازادڵە>، <سانا← ساناڵیْ> شکانەوەیەکی ئازادانەیەو ئاخێوەر وەک بنەمایەکی شکانەوەی پراگماتیکیانە بەکاریدەهێنێت، نەک فەرهەنگیی بێت. بڕوانە هێڵکاریی(١٤)و بەراوردێکە لەنێوان نواندنی فەرهەنگیی بچووککردنەوەو مۆرفۆپراگماتیکیی بچووککردنەوەدا. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی مۆرفۆپراگماتیکی بچووکردنەوە، بڕوانە: (ئەحمەد، سەعید، ٢٠١٥)

**هێڵکاریی(١٤)**




**٣/٢_٢_٢_١_٤) شکانەوەی مۆرفۆسینتاکسیی/ گەردانکراویی جێناوەکان بۆ جێندەر:**

پەیوەست بە کەرەستەی فەرهەنگیی و پۆلەڕەگەزداڕشتنی فەرهەنگییەوە، جێناوە سەربەخۆکان لە شێوەزاری هەورامییدا یەک دەستەن ، کە لە حەوت جێناو پێکهاتوون (محەمەد، ١٩٩٨،٧) جێناوەکان لە ناوەخنیاندا هەڵگری نیشانەی[±نێر]ن لە فەرهەنگدا، جگەلە /ئاد/بۆ کەسی سێیەمی تاک، بە پێواژۆی مۆرفۆلۆژیی دەشکێتەوە بۆ[+/- نێر]، شکانەوەکەش بە مۆرفێمە، بە جۆرێک <ئاد∅ > بۆ [+ نێر] و <ئادە> بۆ [- نێر]، بۆیە لەمەوە جێناوە سەربەخۆکانی دیکە، ئەگەرچی نیشانەی مۆرفۆلۆژییانەیان نییە، بەڵام لە جێکەوتەو بەکارهێناندا، بەهۆی ڕێککەوتنەوە مۆرفۆلۆژییەکەیان دەردەکەوێت. بڕوانە (نیشانەکردنی سینتاکسیی). (بڕوانە خشتەی (٢) و نموونەکانی (٣١، ٣٢)).

### خشتەی(٢)

| کەس | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من [± نێر] | ئیمە [± نێر] |
| دووەم | تو[± نێر] | شمە [± نێر] |
| سێیەم | ئاد [+ نێر]<br>ئادە[− نێر] | ئادیْ<br>[± نێر] |

[+ نێر] من

(٣١) [± نێر]من(فەرهەنگیی)

[− نێر] من

ا. من هاگادارو دەورووبەریمنا. (من ئاگاداری دەورووبەرمم) [+ نێر]

ب. من هاگادارەو دەورووبەریمەنا. (من ئاگاداری دەورووبەرمم) [− نێر]


[+ نێر] ئاد

(٣٢) [± نێر]/ئاد/ (فەرهەنگیی)

[− نێر] ئادە


پەیوەست بە نموونەی جێناوەکانەوە، ئەوە پێشبینیدەکرێت، کە جێناو هەنگاوێکی دوای شکانەوەی توخمە فەرهەنگییەکان بن، ئەویش لەبەرئەوەی جێناوەکە پاش بەرهەمهێنانی فۆرمێکی شکاوەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدێن، نەک خۆیان دروستەیەکی مۆرفۆلۆژییانەیان هەبێت. بەمەش جێناوەکە وەچەیەکی زایەندیی، نەک جێندەری ڕێزمانیی دەبێت، جێناوەکە تەنها بۆ نیشانەکانی [+ مرۆڤ] دەبن، نەک [+ گیاندار]، لەو کاتەشدا لەبەرئەوەی جێناو دووەم هەنگاو دوای فەرهەنگە، بۆیە بەپێی نیشانەی زایەندەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بۆ سینتاکسی ئەم پرۆسەیە (بڕوانە بەشی سێیەم(٣/٢_٢)). بڕوانە نواندن و هێڵکاریی(١٥)، بەڵام لەبەرئەوەی <ئاد> نواندنێکی نادیاری هەیەو دەکرێت ئاخێوەر بۆ نادیاریی کەسەکە بەکاریبهێنێت، بۆیە بە شکانەوەی جێندەری ڕێزمانیی دەکرێتە دیار.

**هێڵکاریی (١٥)**



له ئه‌نجامی خستنه‌ڕوو و شیکردنه‌وه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنی داتاو زانیارییه‌کان، په‌یوه‌ست به هه‌ردوو پێکهاته‌ی فه‌رهه‌نگ و مۆرفۆلۆژیی و پیاوژۆکانی، ئه‌وه ده‌رده‌که‌وێت، که شکانه‌وه پیاوژۆیه‌کی پاش فه‌رهه‌نگییه‌و ده‌چێته قۆناغی نیشانه‌کردنی جێنده‌ری ڕێزمانییه‌وه، ئه‌ویش له‌به‌رئه‌وه‌ی نیشانه‌کردنه‌کان، ئه‌گه‌رچیی ڕوانگه‌یه‌کی زایه‌ندیی و ده‌ستپێکێکی زایه‌ندییان هه‌یه، به‌ڵام له شکانه‌وه‌که‌دا، ڕێزمان بڕیار له‌سه‌ر نیشانه‌کردنه ناوه‌کییه‌کان ده‌دات، واته لێره‌وه دابه‌شکردنێکی ڕێزمانیی ده‌بێته‌هۆی جیاکردنه‌وه‌ی توخمێک، که مه‌رج نییه زایه‌ندیی بێت، به‌ڵام زایه‌ند باکگراوندی فه‌رهه‌نگیی پیاوژۆیه‌که‌و نواندنه‌که‌ی له ڕێزماندا ده‌بێت. له‌وه‌شه‌وه زیاتر ئه‌وه ده‌سه‌لمێت، که شێوه‌زاره‌که توخمه‌کانی/ واتا کۆی توخمه‌کانی به‌سه‌ر [± نێر]دا دابه‌شکردووه، چونکه ئه‌گه‌ر له قۆناغی فه‌رهه‌نگیی به فۆڕم و له قۆناغی ڕێزمانییدا به مۆرفۆلۆژیی دروستکردن نیشانه‌کردنێک به فۆرم نه‌بێت، ئه‌وا شێوه‌زاره‌که به مۆرفیمه‌کانی گه‌ردانکردن پرۆسه‌که ته‌واوده‌که‌ن، بڕوانه هێڵکارییه‌کانی(١٤).

**هێڵکاریی (١٤)**





به‌وه‌ش /ته‌وه‌ن/ و/ژه‌ن/ له دوو دیوی فه‌رهه‌نگیی و مۆرفۆلۆژییدا، دوو پیاوژۆی جیای نیشانه‌کردن ده‌بن. به جۆرێک وه‌ک له هێڵکارییه‌کانی خواره‌وه‌دا ده‌رده‌خرێت، پیاوژۆی مۆرفۆلۆژیی و ئاستێکی تری نیشانه‌کردن ده‌بێت. (بڕوانه خشته‌ی(٣)و نموونه‌ی (٣٢)


| |
|---|
| فه‌رهه‌نگ<br>ژه‌ن |
| مۆرفۆلۆژیی دروستکردن<br>ماهه‌ر |
| مۆرفۆلۆژیی گه‌ردانکردن<br>ژه‌نی |

**خشته‌ی (٣)**

٣٢) ا.




ب.




نیشانەکردن بەپێی مۆدێلی ڕێزمانیی شێوەزارەکە، لە نیشانەوە بۆ پۆلەڕەگەز دروستکردن و پاشان بۆ قۆناغی ڕێزمان دەچێت، چونکە نیشانەکان لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزیان بۆ دادەڕێژرێت، پاشان مۆدێلەکە بەرەو شکانەوەی سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسیی دەچێت، بۆ جێندەر و دیاریکردنی جێندەریی، لە کۆی مۆدێلی ڕێزمانیی شێوەزارەکەدا نیشانەدەکرێت، لەوەوە مۆدێلەکە جاریکی تر دادەڕێژرێتەوە (بڕوانە خشتەی(٤)).

**خشتەی (٤)**

| |
|---|
| پێش فەرهەنگ |
| فەرهەنگ |
| مۆرفۆلۆژیی دروستکردن |
| مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن |
| سینتاکس |
| مۆرفۆسینتاکس |

بەپێی مۆدێلەکە کۆی فەرهەنگ و ڕێزمان تەواوکەری سیستەمی جێندەرین، نەک تەنها پێکهاتەیەک. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا لە شێوەزارەکەدا جێندەری ڕێزمانیی، کە لە مۆرفۆلۆژیی شکانەوەو سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسدا هەیە، تەواوکەری زایەندە، یان بە تەنها سیستەمێکی جێندەرییە؟ سەرتاپای لێکۆڵینەوەکە بە دوای وەڵامێکی زانستییەوەیە بۆ ئەو پرسیارە، بۆیە لە کۆتایی نامەکەدا وەڵامەکە دەستدەکەوێت، بەڵام گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە سیستەمی دابەشکردنێکی تەواوکارانەیەو هەر پێکهاتەیەک بە تەرزی خۆی نیشانەکردنەکە دەکات، بە جۆرێک لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی دروستکردندا، فۆڕم بۆ نیشانەکردنەکە جێبەجێدەبێت، بەڵام لە مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن و سینتاکسیی و مۆرفۆسینتاکسدا، مۆرفێم نیشانەکردنەکە دەنوێنێت. بەوەش ئەوە دەردەکەوێت، کە زایەند بناغەی جیاوازیی جێندەری ڕێزمانیی دادەنێت. ئەویش بەوپێیەی نیشانە مۆرفێمییەکە، لە زایەندەوە بۆ جێندەری ڕێزمانیی دێتەخوارەوە، چونکە

ڕوونکردنەوە و ناسینەوە جێندەرییەکە لەو فۆڕمانە دەبێت، کە زایەندیین. (بڕوانە<ژەن، تەوەن، هەنگور>لە خشتەی(٥))

**خشتەی(٥)**

| | |
|---|---|
| ژەن<br>تەون<br>هەنگور | ⟵ فەرهەنگ |
| ژەنی<br>تەوەنی<br>هەنگوری | ⟵مۆرفۆلۆژیی شکانەوە |

جێنــدەری هەر ســێ تــوخمەکە ئەوە دەردەخــات، کە مۆرفۆلــۆژیی شــکانەوە تەواوکەری سیســتەمی جێنـدەرییە، ئەویـش لەبەرئەوەی هەریەک لە فۆڕمەکـانی <تەوەن، هەنگـور، ژەن> لە شــکانەوەدا نرخــی جێنــدەرییەکەیان دەردەکەوێــت، بە جۆرێــک کە لەگەڵ زایەنــدی <ژەن> یەکدەگرنەوە. بەمەش پێشـبینیدەکرێت، کە جێنـدەری ڕێزمـانیی درێژکـراوەی/تەواوکەری زایەنـدی فەرهەنگیی بێت، یان هەریەک لە سێ توخمەکە لە فەرهەنگدا خاوەنی نیشانەکانی[± نێر]بن، چونکە شـکانەوەو گەردانکردنەکـان، بەپێـی ئەو نیشـانەیە مـامەڵە لەگەڵ تـوخمە نازایەنـدییەکان دەکـات و هەمـان مـۆرفێم (نێـر/ مـێ)دەدات. پێشـبینیەکە لەوەوە سـەرچاوەیگرتووە، کە کۆی داتـاو وشـەکانی شــێوەزارەکە، لە نێــوان [± نێــر]دا دابەشــکراون و پێــواژۆکە بە کەتیگــۆریی فۆڕمداڕشــتنی مۆرفۆلــۆژیی و گەردانکــردن و ڕێککەوتــن جێبەجێکــراوە. پەیوەســت بە ڕێککەوتــنەوە (بڕوانەخشتەی(٦) و پاری (٢/٣)

**خشتەی (٦)**

| | |
|---|---|
| فەرهەنگ | ⟵ فۆڕمداڕشتن بۆ زایەند |
| مۆرفۆلۆژیی دروستکردن | ⟵ فۆڕمداڕشــتن بــۆ جینــدەری ڕێزمــانی |
| مۆرفۆلۆژیی شکانەوە | ⟵ شکانەوە بۆ جێندەر/ ڕێزمانیی |
| سینتاکسیی | ⟵ ڕێککەوتن لە نێوان xوy بۆ جیندەری ڕێزمانیی |
| مۆرفۆسینتاکس | ⟵ هەڵاوێری واتایی پریدیکاتەکان |

# بەشی سێیەم

## جێندەر لە سینتاکس و سیمانتیکدا

## ١/٣) نواندنی سینتاکسیی:

نواندنێکی پاش فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژییە، چونکە پەیوەست بە مۆدێلی ڕێزمانەوە پاش ئەو دوو پێکهاتەیە دێت. ڕیزبەندیی سینتاکس پەیوەست بە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژییەوە ئەوە دەردەبڕێت، کە تێکردەکان بۆ ناو پێکهاتەی سینتاکس دروستەو توخمی ئامادەن، بەوەش پێواژۆکە پەیوەست بە جێندەرەوە، حازرو ئامادەیە. سینتاکس خۆی پێکهاتەیەکی خاوەن یاساو ڕێساو کەرەستەی تایبەت بە خۆی هەیە، هەرچەندە بۆ دروستەکانی سینتاکس، پێویستمان بە دیاریکردنی توخمی فەرهەنگیە، چونکە توخمە فەرهەنگییەکان زانیارییەکانیان پەیوەست بە سینتاکس و دروستەوە تیدا هەڵگیراون (مەحویی، عومەر، ٢٠٠٩، ٦٤). توخمە فەرهەنگییەکان بۆ بونیادی دروستەی فرێز دەهێنرێنە سینتاکسەوە، ئەوەی ئەم پەیوەندییە ڕێکدەخات تیۆری (X-bar)ە (سەعید،٢٠١٩،٦٤-٦٦ ). تیۆرییەکە بۆ دروستەی فرێزە، دیوی دەرەوەی زانیاریی سینتاکسیی ناو توخمێکی فەرهەنگییە. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، فرێزە فەرهەنگییەکانی (ناویی و ئاوەڵناویی و کرداریی) تاقیدەکرێتەوە، ئەویش بەوپێیەی ئەوانە سەرەکانیان وشەن و ڕوویەکی سینتاکسیی و واتاییان هەیە. لە ڕاستییدا پێواژۆکە بەو چەشنە دەبێت، کە لە قۆناغی دوای فەرهەنگییدا هەڵاوێرکردنێکی سینتاکسیی و واتایی ڕوودەدات، بەوەش پێش جێبەجێبوونی پارامێتەرەکە، سەرەکە بەپێی دروستەو واتا، تەواوکەر هەڵدەبژێرێت (بڕوانە یاسای (١) پاش-فەرهەنگییەکەی):

$$X + Y \longleftarrow [Y] + X$$ (١

لە دیاریکردنی (X,Y)ەکاندا بەپێی دوو قۆناغی (دروستەی فرێز) و(X-bar) دەگەینە ئەوەی، لە شێوەزارەکەدا فرێزەکان، بەپێی مەرج و نواندنی دۆخ، کام لەم دوو توخمە ڕکێفی جێندەر دەگرن، چونکە هەمیشە مۆرفیمەکانی جێندەر بە پێی (X)، یان (Y) نابێت، بۆیە دوو مۆدێلی یان جیاکردنەوەی مەرجی واتایی و سەری ڕێزمانیی دەکرێتە پێوەر. (Y)ەکان بەپێی تیۆری (X-bar) تەواوکەرن، لەلایەن (X)ەکانەوە هەڵدەبژێرێن، بەمەش(X) توخمی حوکمکەرو داواکەرە، ئەگەر ئەمە ڕووی سینتاکیی فرێزەکان بێت، ئەوا لایەنی واتایی فرێزەکان دوولایەن دەبێت. سەری ڕێزمانییەکان، کە(X)ن ( ناو، ئاوەڵناو، کردار)ەکانن، بەڵام سەرباری ئەوانە، هەنگاوەکانی دواتری تیۆرەکە دیارخەرەکانیشی (Determiner) وەک سەری ڕێزمانیی هەژمارکردووە، ئەوانە بەپێی تیۆرەکە جڵەوی واتایی و دروستەیی دەگرنەدەست، بۆیە فرێزەکان بە ناوی ئەوانەوە دەبێت، لەو ڕوانگەیەوە، گەر سەیری نموونەی (١) بکرێت، ئاوەڵناوەکە ناوە گشتییەکەی(Y)ەکەی لە گشتێتییەوە جیاکردووەتەوە، چونکە <کناچە> گشتییەو <زیرەک> لە توخمە فەرهەنگییەکە جیایکردووەتەوە.

١) ا.{ کناچیْ زیرەکە}            ( کچی زیرەک)

نمونەکە ئەوە دەردەبڕێت، کە (Y)ەکە سەرە واتاییەکە ڕۆڵی لە داڕشتەی جێندەرییدا هەیە، بە جۆرێــک، کە دروســتەکە نوانــدنێکی نێوخــۆیی جێنــدەریی و نوانــدنێکی دەرەکیــی هەیە، بەڵام وادەردەکەوێت لە دوو نواندنە جێندەرییەکەو نیشانەکەی پەیوەست بە سەرە واتاییەکەوە بێت، بۆیە پێویستە سەرە واتاییەکان بۆ گشت فرێزەکان تاقیبکرێتەوە، تا نواندنی جێندەریی لە ناو مۆدێلەکەدا دەربهێنرێت (بڕوانە بیروبۆچوونی پارەکانی داهاتوو، پاش جێبەجێکردنی بنەماکانی پۆلەڕەگەزدیاریکردن لە بەرهەمهێنانی فرێزەکاندا). واتە توخمێک لە کۆی مۆدێلەکەدا تاقیبکرێتەوە. بۆیە لێرەدا توخمی (Y) تاقیدەکرێتەوە.

نموونەکــان ئەوە بەدەســتەوەدەدەن، کە تەواوکەرەکــان نــاوی گشــتیین، بــۆیە دەبێــت لە فەرهەنگەوە نیشانەی ناوەکی(Y)ەکە بۆ وەرگرتنی نیشانەی جێندەرەکە تاقیبکرێتەوە. ئەگەرچیی نــاوی گشــتیی تەواوکەرەو حــوکمکراوە، بەڵام لە دانــان و نوانــدنی جێنــدەرەکەدا ئەو حــوکمی مۆرفۆلۆژیی جێندەرەکە دەکات. پۆلەڕەگەزەکانی<کوڕ، کناچە> لە فەرهەنگەوە خاوەنی نیشانەی [+/- نێر]ن (بڕوانە خشتەی (١)).

**خشتەی (١)**

| |
|---|
| فەرهەنگ<br>کوڕ  کناچە |
| مۆرفۆلۆژیی دروستکردن |
| مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن<br>کوڕ ∅   _   کناچیْ |
| سینتاکس<br>کوڕی - کناچیْ |

نواندنی (١) ئەوە دەردەبڕێت، کە لە فەرهەنگەوە بۆ سینتاکس ناوەکان بە قۆناغی جیای مۆرفۆلۆژیی گەردانکردن و ڕێککەوتنی سینتاکسیی، جێندەرەکەی دەنوێنرێت، بۆیە دەبێت ئەوە جیابکرێتەوە، کە ئایا نیشانەکردنەکە لە گەردانکردنەوە تێکردەی سینتاکسیی دەبێت، یان لە پێواژۆ سینتاکسییەکەدا ئەو کردەی نیشانەکردنە ڕوودەدات؟! وەک پێشتر ئاماژەپێدرا بۆ خستنەڕووی

پێواژۆی ڕێککەوتن[٣]، بۆ نواندنی جێندەری ڕێزمانیی، واتا بۆ خستنەڕووی مۆدێلی ڕێککەوتنی جێندەریی، دەبێت فرێزەکان یەکەم هەنگاوی دروستەیی بێت، چونکە یەکەم هەنگاوی دوای فەرهەنگیی بەرەو سینتاکس، دروستبوون و بەرهەمهێنانی فرێزەکانە. بۆ ئەوەش فرێزە فەرهەنگییەکان بە بەڵگەو نموونە دەهێنرێنەوە. فرێزە فەرهەنگییەکان فرێزی ناویی و ئاوەڵناویی و دیارخەریی و کرداریین، هەریەک لەوانە لەلایەن جۆری جیاوازی سەری ڕێزمانییەوە بەرهەمدەهێنرێن، سەرە ڕێزمانییەکانیش لەلایەن تیۆری (X-bar)ەوە، بۆ بەرهەمهێنانی فرێز پەسەندکراون. لە پاش پەسەندکردنی فرێزەکان و سەرە ڕێزمانییەکان، فرێزەکان وەک پرۆژەیەکی بێکەموکووڕی و بە ئامادەکراوی دەچنە پێکهاتەی لە خۆیان گەورەتر، کە ئەویش ڕستەیە ( بڕوانە هەنگاوەکانی خشتەی (٢)).

**خشتەی (٢)**

| |
|---|
| فەرهەنگ $X^o$<br>($A^o$,$N^o$,$P^o$,$V^o$,$D^o$) |
| فرێز<br>XP/$X^-$ |
| ڕستە<br>XP/$X^-$ |

خشتەی نواندنی(٢)، دوو قۆناغی ڕێککەوتنی جێندەریی دەردەبڕێت، کە ئەوانیش فرێزو ڕستەن، لەبەرئەوەی قۆناغی دروستەی فرێزەکان، قۆناغێکی ئامادەن و کۆی پێواژۆ دروستەیی و واتاییەکانیشی تێدا ڕوودەدات، بۆیە لە فرێزەوە دەست بە پێواژۆکە دەکرێت.

## ٢/٣) چەمک و پێناسەی فرێز:

فرێز بریتییە لە کەرەستەیەکی سینتاکسیی، وەک یەکەیەکی زمان، بەشداری لە پێکهاتنی ڕۆنانێکی گەورەتر لە خۆی دەکات. بێگومان کەرەستەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن و دروستەی سینتاکسیی (پێش فرێزو فرێز) بەرهەمدێنن (سەعید، ٢٠١٩، ٧٠-٧١). بەپێی تیۆری (X-bar)، دروستەی فرێزەکان دەنوێنرێن((بەوپێیەی ئەو تیۆرە، هاوشان و پەیکاڵ لەگەڵ چەند وەچە

---

[٣] ڕێککەوتن دیاردەیەکی گشتیی ڕێزمانیی و واتاییە، لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لە زمانێکەوە بۆ زمانیکی تر جیاوازە. ((لەگەلێک زماندا هەندێک لە بەشەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتر ڕێککدەکەون، لە ڕووی یەکێک، یان زیاتر لە چەمکی گرامەری، وەک کەس Person، ژمارە Number، Gender، دۆخ Case ))(ئەمین، ٢٠٠٤،١٥٩). بۆ دروست دەربڕینی فرێزێک، یاخود ڕستەیەک، ڕێککەوتن زۆر پێویستە، تا وەکو دەستەواژەیەک، یاخود ڕستەیەکی ڕێزمان و واتا دروست پێکبهێنرێت. ڕێککەوتن پۆلێندەکرێت، بەپێی کەرەستە جیاوازەکانی پێکهێنەری ڕستە، یاخود لە نیوان دوو ڕستەدا کاتێک پێویستیی ڕێزمانیی و واتایی دێتەئاراوە.

تیـۆرییەکی تـری وەک پۆلەڕەگەزدیـاریکردن(Sub-Categorization)و ڕێسـای پرۆژەسـازدان (Projection-principle)دا، بنەمـاو تێکـردە فەرهەنگیـی و دروسـتە سینتاکسـییەکان دەنەخشێنن))(مەعروف،قادر،٢٠١٢ ،١). بەپێی وەچەتیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردن، سەری ڕێزمانی بە خـورتیی داوای پـۆلەڕەگەزێکی تەواوکەر دەکـات. ڕوونکـردنەوەکە دەربـارەی فرێـز ئەوە دەگەیەنێت، کە سێتێک لە وشە بەرهەمهێنەری فرێزن(X,Y)ەکن، پۆلەڕەگەزدیاریکردن ئەو سێتە پێشنیازدەکات، هەروەها بەو پێیەی فرێز پرۆژەیەکی ناوەندییە، بۆیە لە چێوەی پرۆژەسازداندا ڕوو دەدات. بەوپێـیەی فرێـز کەتیگـۆرییەکی پـاش_فەرهەنگییە، دەبێـت توخمەکـان لە فەرهەنگدا تاکنوانـدن بـن، بەڵام گەر سـەرنجبدرێت، لە هەریەک لە مۆرفۆلـۆژیی بە (دارشـتن و لێکـدان و گەردانکردن)ەوەو لە سینتاکسدا (بە فرێز دروستکردن) دەبنە جووتنواندن. هەر لەو ڕوانگەیەوە پەیوەسـت بە مـۆدێلی ڕێزمـان، پێـڕەوی جێنـدەر لە نوانـدنە فەرهەنگیـیەکەوە دەسـتپێکرا، تاقیکردنەوەکەش بۆ فرەچەشنیی نواندنی جێندەر بوو (بڕوانە خشتەی (٣)).

**خشتەی (٣)**

| | |
|---|---|
| فەرهەنگ | ← پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی |
| مۆرفۆلۆژیی دروستکردن و گەردانکردن | ← شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانە بۆ جێندەر |
| سینتاکس | ← ڕێککەوتنی جێندەریی |

خشتەی نواندنەکە تەرزی سیستەم و پێواژۆ جێندەرییەکە نیشاندەدات، کە لە ناویدا سینتاکس بنەمـای ڕێککەوتـن جێبەجێدەکات، سینتاکسـیش هەردوو نوانـدنی فرێزیـی و ڕسـتەیی دەگـرێتەوە، بنەمـای ڕێککەوتنـیش لەسـەر هەبـوونی دوو تـوخم جێبەجێدەکرێت. جووتنوانـدن لە دروسـتە سینتاکسـییەکاندا، بە دەستنیشـانکردنی ئەو (XوY)انە دەسـتپێدەکات، کە هەریەک لەو توخمـانە دەگرێتەوە، کە فرێزەکان بەرهەمدێنن، پاشان ڕێککەوتنی نێوان ئەو دوو توخمە. دیارە لە ڕوانگەی تیـۆری (X-bar)ەوە دەبێـت، کە پێـی وایە (X)ەکـان تـوخمی فەرهەنگیـین، بەرهەمێـنەری فرێـزە فەرهەنگییەکـانن. هەروەهـا لەبەرئەوەی خـودی تیـۆرییەکە، سـەرە ڕێزمـانییە فەرهەنگیـیە پـرۆژە سازدەرەکانی دیاریکردووە، بۆ هەریەک لە (X˙ )ەکان، بەپێی پۆلەڕەگەزەکەیان فرێز پێکدەهێنن. بەوەش ناو، فرێزی ناویی و ئاوەڵناو فرێزی ئاوەڵناویی و پێشـناو، فرێزی پێشـناویی و کرداریش فرێزی کرداریی بەرهەمدەهێنن، بەڵام لێرەدا بۆ لێکۆڵینەوەکە پێویستە ئەو پەیوەندییە سینتاکسیی

و دروستەییە، کە لە نێوان(X,Y)کاندایە، بخرێتەڕوو، تا لە ڕێگای جێندەرەوە، باڵادەستی (X,Y)ەکان لە شێوەزارەکەدا ڕوونبکرێتەوە، چونکە ئەوە دەبێتە سەنگی مەحەکی جیاکردنەوەی ئاڕاستەی ڕێککەوتنەکەو هەر بەهۆی ئەوەشەوە دەستنیشانی ئەو مۆرفیمانە دەکرێت، کە ڕێککەوتنەکە ئەنجامدەدەن، چونکە ئەم ئاستەی نواندن ئەگەرچیی لە سینتاکسدایە، بەڵام مۆرفێمی ڕێککەوتن زانیارییە جێندەرییەکە ڕووندەکاتەوە. دوا ئاستی خشتەی نواندنی (٣) بۆ سینتاکسە. توخمە سینتاکسییەکان هەرچەندە لە هەردوو ئاستی فرێزو ڕستەدان، بەڵام بۆ هەریەک لەو دروستانە بە پێواژۆی ڕێککەوتن دەبەسترێنەوە، هەروەها دەبێت ئەوە بگوترێت، کە لەو فرێزانەی بەرهەمی ناوو ئاوەڵناوو هەروەها دیارخەرن، دەبنە ($X^-$/XP) بەڵام لە چێوەی ڕستەدا خۆیان دەبنەوە بە ($Y^-$ /YP)، ئەوەش وادەکات، ڕێککەوتنە فرێزییەکە(XP) لە ڕێککەوتنە (YP)یەکە جیابکرێنەوە (بڕوانە هێڵکاری (١)).

**هێڵکاری (١)**

$Y^-$/YP فرێز لە ڕستەدا
↑
$X^-$/XP فرێز بەتەنها
↑
$X^0$ توخمی فەرهەنگیی

وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، فرێزەکان سێتێکی سینتاکسین، لە فەرهەنگەوە نەخشەیان بۆ دەکێشرێت، هەریەک لە توخمەکانی ناوو ئاوەڵناوو کردار، پێشناو بەرهەمهێنەری فرێزەکانن، بۆیە بەپێی ئەو توخمانە دروستەی فرێزەکان دەخرێنە ڕوو.

**٣/٢-١) دروستەی فرێزی ناویی:**

فرێزی ناویی، پڕۆژەی ناوەکانە، واتە ناو سەری ڕێزمانیی فرێزەکەیە، بۆیە هەنگاوی یەکەم دۆزینەوەی <X ی ناویی> دەبێت، واتە ($N^0$). سەرچاوەکان ئەوەیان بەدەستەوەداوە، ناوە گشتییەکان بە تەنها نابنە فرێز، مەگەر بە مەرجی فۆنۆلۆژیی و ئەرک و جێگەوتەی سینتاکسیی، ئەویش لەبەر ئەوەی نواندنێکی فەرهەنگییان هەیە (بڕوانە (مەعروف،٢٠١٠، ١٥)و (سەعید،٧٢،٢٠١٩))، بەڵام ناوە تایبەتیی و جێناوە سەربەخۆکان بەهۆی ئەوەی لە ناو خۆیاندا نیشانەی ناسراوییان هەیە، بۆیە بە تەنها پێشبینی فرێزبوونیان لێدەکرێت، بڕوانە نموونە (٢)و هێڵکاریی (٢). لەبەرئەوەی نیشانەی ناسراویی کراوەتە هۆکاری بەفرێزبوونی ناوی تایبەتیی و جێناوی سەربەخۆ، بۆیە لە داهاتوودا ئەوانە بە چەشنێکی فرێزی دیارخەریی دەخرێنەڕوو.

٢) ئازاد/ ئەو سێو دەخوات.

**هێڵکاریی (٢)**

$$\begin{array}{c} N^{-} \\ | \\ N^{0} \end{array}$$

نەوزاد/ئەو

{ئـازاد و ئەو} لە نمـوونەی (٢)دا جـگەلە هەبـوونی نیشـانەی ناسـراویی، جـێکەوتەو ئەرکـی سینتاکسـیی/ نـۆمینەتیڤیی، پاڵپشـتی بەفرێزبـوونەکەی دەکەن (بشـڕوانە (Cook&new son,١٥٣,٢٠٠٧ )، کە پێیـانوایە ئەرکـی نـۆمینەتیڤیی و ئەکوزەتیڤییش تایبەتن بە فرێزی دیارخـەریی، ئەوەش زیاتر هەژمـوونی فرێزی دیارخـەریی زاڵ دەکات. (بڕوانە پاری فرێزی دیارخەریی).

## ٢/٣_٢) دروستەی فرێزی دیارخەریی

لە زانسـتی زمانییـدا، فرێـزی دیـارخەریی وەک جۆرێـک لە فرێـز و دیارخـەرەکـان بە سـەری ڕێزمـانی لە تیـۆرییە مۆدێرنەکـانی سینتاکسـدا دانـراوە (Müller,Stefan,2016,127-140). بشڕوانە(Bahan, &others,1995,3-10) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هـاتوون. فرێـزی دیـارخـەریی لەلایەن دیارخـەرەکـانەوە(Detererminers) بەرهەمـدێن، وەک سـەری ڕێزمـانیی گـۆدەکەن، بـۆیە دەبێت ئەو مـۆرفێم و وشـانە دەستنیشـانبکەین، کە لە شـێوەزارەکەدا بە دیـارخـەر هەژمـاردەکرێن. ((گریمـــانەی بەســـەربوونی دیارخـەرەکـــان لە زمـــانی کوردییـــدا ئەوە دەگەیەنێـــت، کە ئەوان بەرهەمهێـنەری پـرۆژەی فرێـزی دیـارخەریین. بەوەش گشـت دروسـتەکە لەو ئاسـتەدا بەپێـی پرۆژەسـازدان دروسـتەکە تێردەبێـت و پەیـڕەوی وەچەتیـۆری پۆلەڕەگەزدیـاریکردن دەکـات)) (مەعروف،قادر،٦،٢٠١١ ). بەمەش وەک سەرێکی فەرهەنگیی، تەواوکەرێکی فەرهەنگیی هەڵدەبژێرن. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر گریمانەی بەسەربوونی  دیارخەرەکان، لەزمـانی کوردییدا و سـەلماندنی گریمـانەکە، بڕوانە(مەعرووف،قـادر،٢٠١١، ٦-٨) و (سـەعید،٢٠١٩، ٥٦-٦١) و ئەو سـەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

(دیارخـەرەکـان مـۆرفێمی ناسـراویی و نەناسـراویی و وشـەی نیشـانەکان دەگـرنەوە) بـڕوانە (مەعـرووف، ٢٠١٠، ١٦-٢٢)و (مـحەمەد،٢٠١٦،٧٦-٧٩)، بەڵام سـەرباری ئەوانە، لێکۆڵینەوەکـان گریمـانەی ئەوەیـان کـردووە، کە مەودای دیارخـەرەکـان لە زمـانی مرۆڤـدا فراوانتـر بـوون و توخمەکانی ڕادەو ژمارەش دەگرێتەوە (Totur,2019,2). لە سنووری شێوەزارەکەشدا گریمـانەی ئەوە کراوە، کە مۆرفێمەکانی ڕێککەوتنی جێندەریی دەبنە چەشنێکی تر لە دیـارخەر. لێرەوە بەپێی چەشـن و جـۆری دیارخـەرەکـان، دروسـتەی ئەو چەشـنە فرێـزە دەخـرێتەڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی

دیارخەرەکان لە شێوەزارەکەدا مۆرفێمی سەربەخۆو بەندیشن، بۆیە فریزی دیارخەریی ئازادو شکاوە لەیەکجیادەکرێنەوە.

### ٢/٣_٢_١) فریزی دیارخەریی ئازاد:

ئازادیی ئەمجۆرەی فریزە لەوەدایە، کە لە سینتاکسدا دەرکەوتنی ئازادو سەربەخۆی هەیە، ئەمجۆرەی فریزە، کە لە لایەن دیارخەرەکانی وەک: (مۆرفێمەکانی ناسراویی و نەناسراویی، وشەی نیشانە، ژمارە، ڕادە، ژمارەی پلەیی) بەرهەمدەهێنرێت، کە دەبنە سەری ڕێزمانیی فریزەکەو ناوێک وەک تەواوکەرێکی فەرهەنگیی هەڵاویردەکەن. دیارخەرەکان سەری پرۆژەسازدەرن و بوونیان خورتییە ((دیارخەرەکان لە زمانی کوردییدا سەری ڕیزمانیین، بۆیە (خورتین)، لابردنیان دروستەی ناڕێزمانی دێنێتە کایەوە.)) (مەعروف،٢٠١٠، ٣٩). لە خوارەوە مەرج و دروستەی فریزی دیارخەریی بەپێی چەشن و جۆری فریزەکان دەخرێنەڕوو، بڕوانە یاسای(٢).

٢) ا- Det + N

ب- N + Det

### ٢/٣_٢_١_١) مۆرفێمەکانی ناسراویی و نەناسراویی

وەک دیارخەرەکانی فریزی دیارخەریی، هەریەکەیان فۆرمی تایبەتیی خۆی هەیە، بەپێی توخمی ئەو تەواوکەرەی دەچێتە پاڵی، وەک سەری ڕێزمانیی گۆدەکەن، دەچنە سەر ناوی [+گشتی]و تەواوکەرێک هەڵاوێردەکەن. لەبەرئەوەی ((ناوی گشتی گۆکردنی فریزی نییە، بەهۆی دیارخەرەکانەوە دەبێت بە فریز)) (مەعروف،٢٠١٠، ٩٦). هەرچەندە وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەی بۆکرا، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە دیارخەرانە مۆرفێمی بەندن، بۆیە لەوێدا لە مۆرفۆلۆژیی گەردانکردندا بەشێک بوون لە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی ناوەکان، بەڵام لەبەرئەوەی سەری ڕێزمانیین، بۆیە لە سینتاکسدا فریز بەرهەمدەهێنن. ئەوەی لێرەدا پێویستە پرسیاری لەبارەوە بکرێت ئەوەیە، کە ئایا ئارتیکڵەکان مۆرفێمەکانی لە ئاستی/ لیڤڵی فەرهەنگییدا هەن، یان بەپێی تەواوکەرەکان لە سینتاکسدا بۆ نێرومێ(جێندەری ڕێزمانیی) دەشکێنەوە؟ واتا هەریەک لە /_ەکە/و /_ەکیْ/ وەچەو نواندنی مۆرفێمی /_ەکە/ بن؟ وەڵامەکە بەو چەشنە دەبێت، کە وەک لە بەشی دووەمدا دەرخرا، شێوەزارەکە سەرباری مۆرفێمە سەربەخۆکانی، مۆرفێمە بەندەکانیشی زانیاریی جێندەرییان تێدایە. بەوەش مۆرفێمەکە وەک سەرێکی ڕێزمانیی هەڵاوێری دروستەیی، پاشان واتایی تەواوکەرەکەی دەکات، بڕوانە پۆلەڕەگەزدیارییکردنی ئارتیکڵەکان لە (٣)داو نموونەشی لە(٣-٨)دا. لە ڕێککەوتنی جێندەرییدا، مۆرفێمەکانی ناسراویی و نەناسراویی لەلایەن تەواوکەرەوە

بۆ جێندەری ڕێزمـانیی جیاواز، (+/- نێر) هەڵدەبژێرین و ڕێککەوتـن لە نێوانیاندا دەبێت، ئەمەش ئەوە  نیشاندەدات، کە ئاڕاسـتەی حـوکمکردن لە دیـاریکردنی ڕێککەوتنی جێندەرییدا،  لە ڕاسـتەوە بۆ چەپە ((لە شێوەزاری هەورامییدا ڕێککەوتن لە نێوان سەری واتایی و سەری ڕێزمانیدا هەیە.))( سـەرچاوەی پێشـو،٩٤). بەڵام لە مـۆرفیمی ناسـراویی (کـۆ)دا، جیـاوازیی جێنـدەریی نابینرێـت، بـۆ هەردوو جێندەر مۆرفیمی/_ەکیْ/یە. دروستەی فرێزەکەی بەمجۆرەیە: بڕوانە(٣)

**٣)** ا.  [N]  + det    بڕوانە نموونەی (٣و٥و٧_ا،ب)

+ نێر    ەکە/یو

ب. [N] + det    بڕوانە نموونەی (٤و٦_ا،ب)

– نێر    ەکیْ/یوە

پ. [N] + det    بڕوانە نموونەی (٣ – ٨_ پ)


+/– نێر    ەکیْ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣) | ا.  کوڕەکە | ب. کوڕیو | پ. کوڕەکیْ | (کوڕەکە، کوڕێک، کوڕەکان) |
| ٤) | ا. کناچەکیْ | ب. کناچیوە | پ. کناچەکیْ | (کچەکە، کچێک، کچەکان) |
| ٥) | ا. هیتیارەکە | ب. هیتیاریو | پ. هیتیارەکیْ | (جوتیارەکە، جوتیارێک، جوتیارەکان) |
| ٦) | ا. هیتیارەکیْ | ب. هیتیاریوە | پ. هیتیارەکیْ | (جوتیارەکە، جوتیارێک، جوتیارەکان) |
| ٧) | ا. جانتاکە | ب. جانتێو | پ. جانتاکیْ | (جانتاکە، جانتایەک، جانتاکان) |
| ٨) | ا. هارگاکیْ | ب. هارگێوە | پ. هارگاکیْ | (ئاگردانەکە، ئاگردانێک، ئاگردانەکان) |


لە نمونەکـانی(٣- ا،ب)دا، وشــەی <کـوڕ> لە لـیقڵە فەرهەنگییەکەیـدا فـۆڕمەکەی بـۆ [+ نێـر] داڕێـژراوە، نەک لە ناویـدا نیشـانەی [+/- نێـر]ی هەبێت، واتـا لە دروسـتەی {کـوڕەکە}دا، زایەنـدو جێندەری ڕێزمانییش هەیە. هەمان شتیش بۆ<کناچە> بە نیشانەی [- نێر]ەوە، بەوەش لە نواندنە فەرهەنگیـیەکەی <کـوڕو کنـاچە>ەوە، جێنـدەرە ڕێزمـانییەکە پێشـبینییلێکراو دەبێـت، بەڵام ئەگەر سـەیری وشـەکانی <هیتیـار، جانتـا، هارگـا> بکرێـت، نیشـانەی [+/- نێـر] ئـارتیکڵەکە جێنـدەرە ڕێزمـانییەکە نیشـانەدەکات، واتـا هەریەک لە {هیتیـارەکە و هیتیاریو}و{هیتیـارەکیْ و هیتیـاریوە} پێشـبینییلێکراوێکی جێنـدەریی ڕێزمـانیین. بەوەش دیـارخەرەکە جـگەلە حـوکمکردنی ڕێزمـانیی، نیشـانەی تەواوکەرەکەی دەکـات، ئەوەش پشتڕاسـتی ئەوە دەکـاتەوە، کە دیـارخەرەکە دەسـەڵاتی

ڕێزمانیی و واتاییشی هەیە، ئەمەش پەیکاڵە لەگەڵ بانگەشەکەی تیۆری (X-bar)دا، بۆ دروستەو سیمانتیکی (X)ەکان. بڕوانە هێڵکارییەکانی (٣)و (٤).

**هێڵکاریی(٣)**





**هێڵکاریی(٤)**





هەرچەندە لە چێوەی فرێزی ناوییدا ئەوە ڕوونکرایەوە، کە ناوەکان بەرهەمهێنەری فرێزە ناوییەکانن، بەڵام لەبەرئەوەی ناوەکان، بە تایبەت ناوە تایبەتییەکان، پاشکۆی زانیاریی تێداهەڵگیراوی فرێزە دیارخەرییەکانن (سەعید، ٢٠١٩، ٧٦-٨٠)، بۆیە ناوی تایبەتی بە فرێزی دیارخەریی هەژماردەکرێن و لە قۆناغی فرێز بەرهەمهێناندا، توخمەکە دەبێتە سەری ئەرکی فرێزەکە ((NP)ەکان لەبەرئەوەی (ناوی تایبەتیی کەس، جێناوی سەربەخۆ)ن، خاوەنی فیچەری [+ ناسراویی]ن، کە هەمان نیشانەی ناسراویی دیارخەرەکانیان هەن ((ناوی تایبەتیی کەس، جێناو)، لەڕووی سیمانتیکەوە پەیکاڵی دروستەی فرێزی دیارخەریین و هەمان هەڵسوکەوتیان دەبێت، بە بێ داواکردنی تەواوکەر، دەبنە جێگرەوەی (DP )و ئەمەش گریمانەی بوون بە(DP)ی ئەو یەکە فەرهەنگییە دەسەلمێنێت) (سەرچاوەی پێشوو،٦٠)، بڕوانە هێڵکاریی (٥) و قۆناغی بەفرێزبوونی لە شێوەزارەکەدا.

**هێڵکاریی**(٥)




هەروەهــا لەبەرئەوەی جێناوەکــان، گەر لە زاراوەکانیــانەوە تەماشــابکرێن، دەبێـت جێـی نــاو بگــرنەوە، لەمەوە جێنــاوە ســـەربەخۆکان بــۆ نوانــدنی زانیــارییەکی پــاش بەرهەمهێنــانی فرێــزە دیـارخەرییەکە دەبن، خـودی خۆشـیان بە فرێزی دیـارخەریی هەژمـاردەکرێن. بەمەش جێناوەکـان دەبنە پاشکۆی فرێزی دیارخەریی{ کوڕەکە، کناچەکە} بڕوانە هێڵکاریی (٦).

**هێڵکاریی**(٦)




**٢/٣_٢_١_٢) وشەی نیشانە:**

وشــەکانی نیشـانە دەبنە دیـارخەرو ســەری ڕێزمـانیی و فرێزێکی دیـارخەریی بەرهەمدێنن (Bahan &others,1995,3). بە پــێچەوانەی ئارتیکڵەکــانەوە، وشــەی نیشــانە فــۆرمی وشــەیان هەیە، بۆیە بۆ ئەوانیش پێشبینیی ئەوە دەکرێت، هاوشـێوەی ئارتیکڵەکان، فۆڕمە جیاجیاکانیـان بۆ

جێندەر دیاریکرابێت. کەواتە هەڵاوێرکردنی دروستەیی و واتایشی، جڵەوێکە هەر لە فەرهەنگەوە بۆی دیاریکراوە، بڕوانە پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی لە (٤_أ)و دروستە سینتاکسییەکەی لە (٢_ب)دا، کە تێیدا دەردەکەوێت، وشە نیشانەکە هەڵاوێری ناوێکی گشتیی دەکات، ناوە گشتییەکە لە لیقڵە فەرهەنگییەکەیدا هاوشێوەی پۆلەڕەگەزدیاریکردنەکەی (١)، ناوەگشتییەکە فۆرمی زایەندیی، یان ناوەخنێکی جێندەریی ڕێزمانیی هەیە. هەروەها بۆ فۆرمی وشەنیشانەکان بڕوانە خشتەی (٤) . بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر وشەنیشانەکان لە شێوەزاری هەورامییدا، (بڕوانە: (بێدار،٢٠٢٢، ٧٤) و (فتاح، ٢٠٠٦،٧٤)).

٤) أ. $D'$ + [N] بڕوانە نموونەی (٩_أ)

وشەی نیشانە + نێر

ب. $D^0$ + [N] بڕوانە نموونەی (٩_ب)

وشەی نیشانە – نێر

پ. $D^0$ + [N] بڕوانە نموونەی (٩_پ)

وشەی نیشانە +/– نێر

| مەودا | تاکی نێر | تاکی مێ | کۆی نێرو مێ |
|---|---|---|---|
| بۆ نزیک | ئی ....ە (ئەم.....ە) | ئی....یْ(ئەم.....ە) | ئی....یْ(ئەم......انە) |
| بۆ دوور | ئا......ە(ئەو......ە) | ئا....یْ(ئەو.....ە) | ئا....یْ(ئەو....انە) |
| بۆ دوورتر | ئوو.....ە(ئەو.....ە) | ئوو....یْ(ئە...وە) | ئوو....یْ(ئەو...انە) |

**خشتەی (٤)**

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی، کە لە شێوەزاری هەورامییدا بەدیدەکرێت، (ئەو وشە نیشانانەیە، کە بۆ (نێرو مێ) بۆ ئاماژەدان بە دوورو نزیکی فۆرمی تایبەتییان هەیە) (بێدار،٢٠١٢، ٩٢). ئەوەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە هەڵاوێرکردنی واتایی و دروستەیی لە وشە نیشانەکەوە بۆ ناوێک/ تەواوکەرێک دەبێت، کە لە ناواخنیاندا، یان لە فۆرمەکەیاندا، نیشانەی[ +/– نێر] هەبێت، ئەگەرنا هەڵاوێری بۆ ناکرێت. وشە نیشانەکان بەپێی ئەو ناوەی لەگەڵیدا دێن، ڕێککەوتنی جێندەریی دەنوێنن. بڕوانە نموونەکانی (٩).

٩)  ا. ئی/ئا/ئوو پیایە   (ئەم/ئەو پیاوە)

ب. ئی/ئا/ئوو ژەنیْ  (ئەم/ئەو ژنە)

پ. ئی/ئا/ئوو پییَ، ژەنیْ  (ئەم/ئەو پیاوانە،ژنانە)

ت. ئی/ئا/ئوو  هیتیارە/هیتیاریْ   (ئەم/ئەو جوتیارە)

ج. ئی/ئا/ئوو جانتایە   (ئەم/ئەو جانتایە)

د.  ئی/ئا/ئوو هارگیَ   (ئەم/ئەو ئاگردانە)

نمونەکانی(٩_(ا- د)) وشە نیشانەکان بۆ ناوی تاکی (نێرو مێ) بەکاردێت، وشەی <پیا> ناوێکی (نێر)ە پۆلەرەگەزەکەی لە فەرهەنگەوە بۆ زایەند دارێژراوە، پەیوەست بە مۆرفۆفۆنۆلۆژییەوە، لەبەرئەوەی بە بزوێن کۆتاییهاتووە، بۆیە کاتێک لەگەڵ بزوینی/ە/ یەکدەگرێت، /ی/ ی نەبزوین دێتە نێوانیان. بەمجۆرە<پیایە> دەنوێنرێت. بەلاَم  لە (٩_ب)دا توخمی <ژەن> فۆرمێکە بۆ زایەند گۆڕاوە، بەوەش <پیا و ژەن> پۆلەرەگەزێکی زایەندیین بۆ زایەند دارێژراون، بۆیە سەرەرای زایەندیی، جێندەری رێزمانیشن (بڕوانە روونکردنەوەکانی سەرەوە بۆ نیشانەو ئەدگارەکانی ناوە گشتییە تەواوکەرەکە)، لە(٩_پ)دا وشە نیشانەکان بۆ کۆی(نێرو مێ)بەکاردێن و وەک تاکی (مێ)یە نیشانەکانی، بەلاَم لەناو رستەدا جیادەکرێتەوە بۆ تاکە، یاخود کۆ. بڕوانە (١٠)

١٠)  ا. ئا ژەنیْ نانشا کەردەن.  (ئەو ژنانە نانیان کردووە).

ب ئا ژەنیْ نانش کەردەن.  (ئەو ژنە نانی کردووە).

هەروەها وەک لە خشتەکەی خوارەوەدا دەردەکەوێت، وشە نیشانەکان لە دروستەی رووکەشدا دەتوانن بە بێ تەواوکەرەکەیان بێن، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە نیشانەو شکانەوەی ئەو وشانە دەتوانێت جێگای کۆی فریزەکە بگرێتەوە، نیشانە جێندەرییەکەش دەبێتە پێدەری زانیاریی پەیوەست بە تەواوکەرەکە. بڕوانە فۆرمەکانی خشتەی (٥)، بڕوانە (مەعروف،٢٠٠٦، ٩٥ ))و نمونەکانی(١١).


| مەودا | تاکی نێر | تاکی مێ | کۆی نێرو مێ |
|---|---|---|---|
| بۆ نزیک | ئینە (ئەمە) | ئینیْ (ئەمە) | ئینیْ(ئەمانە) |
| بۆ دوور | ئانە (ئەوە) | ئانیْ (ئەوە) | ئانیْ (ئەوانە) |
| بۆ دوورتر | ئوونە (ئەوە) | ئوونیْ (ئەوە) | ئوونیْ (ئەوانە) |

**خشتەی (٥)**

(١١) ا. ئینه/ ئانه ئازادا.    (ئەمە/ ئەوە ئازادە).

ب. ئینیْ / ئانیْ/ ئوونیْ نەسرینەنە.  (ئەمەو ئەوە نەسرینە).

خشتەی (٥)و نموونەکانی ژمارە (١١) فۆڕمە ڕووکەشەکەی فریزی دیارخەرن، کە تێیاندا توخم و نیشانەی جێندەر لە دروستەکەدا هەم زاڵەو هەم سیستەمی جێندەریی شێوەزارەکەی پاراستووە. بڕوانە هێڵکاریی (٧)و (٨).




**هێڵکاریی(٧)**    **هێڵکاریی(٨)**

**٢/٣_٢_١_٣) ژمارە:**

ژمارە دیارخەرەو هاوشێوەی ئارتیکڵ و وشەی نیشانە دەبێتە سەری ڕێزمانیی فریزی دیارخەریی (Heycock&Zamparelli,2004,11-25). ئەم دیارخەرەش ناوێکی (گشتی، ژمێراو) وەک تەواوکەرێک هەڵاوێردەکات، واتە ناوە گشتییەکە ژمارە دەیکاتە فریز، بۆیە بەسەر هەژماردەکرێت. ڕێککەوتنی جێندەریی لە نێوان ژمارەو تەواوکەردا، لە هەندێ زماندا دروستدەبێت، وەک زمانی ئیتاڵیی و عەرەبیی، کە بەپێی جێندەری ئەو ناوەی لەگەڵی دێن، نیشانەی نێر یاخود مێ وەردەگرن (Al-Najjar,2014,164-170)، بەڵام لە شێوەزارەکەدا ژمارە ڕێککەوتنی جێندەریی لەگەڵ ناوە دەرخراوەکەدا نییە، تەنها لەڕووی ژمارەوە ڕێککەوتنی هەیە، بۆیە بە هەمان شێوەی وشەی نیشانە، ڕێککەوتن لە ژمارەدا دەچێتە کۆتایی تەواوکەرەکە، نەک خودی دیارخەرە ژمارەییەکە، وەک پۆلەڕەگەزێکی جێندەریی لە فەرهەنگدا دەربکەوێت، واتا ژمارە وەک ئارتیکڵ و وشە نیشانەکان خودی خۆیان فۆڕمی جێندەرییان نییە، بەڵکو تەنها ڕێککەوتنی جێندەریی لەگەڵ تەواوکەرەکەیاندا دروستدەکەن، ئەویش لەبەرئەوەی لە پۆلەڕەگەزی ژمارەدا، نیشانەی ژمارە زاڵە نەک جێندەر، بەڵام هەڵاوێرکردنی جێندەریی هەیە. بڕوانە پۆلەڕەگەزدیاریکردنی دیارخەری ژمارەیی لە(٥) نموونەکانی (١٢).

٥) $D^0$ + [N]

یەک ∅ ناوی گشتی

دوویْ

١٢) ا. یەک کناچیْ/کوڕ∅ (یەک کچ/ کوڕ)

ب. دوویْ کناچیْ/کوڕیْ (دوو کچ/کوڕ)

پ. پەنج نانیْ/سەماوەریْ (پێنج نان/سەماوەر)

### ٢/٣_٢_١_٤) ژمارەی پلەیی

( ژمـارە لە فـۆڕمی تەرتیبییـدا (Ordinals) بە یەکێـک لە دیارخـەرەکـان هەژماردەکرێـت) (https://eslgrammar.org/determiner/)، بەڵام لەبەرئەوەی بە پێـواژۆی خسـتنەپاڵ ڕوودەدات، بـۆیە هەڵسـوکەوتی جیـاواز لە دیارخـەرەکـانی دیـکە دەکەن. ئەمـیش لە فـۆڕمە فەرهەنگییەکەیـدا سـیماو تایبەتمەنـدیی زایەنـدیی و جێنـدەریی نییە، بۆیە بە ڕێککەوتنـی جێنـدەری سینتاکسـیی، مۆرفێمێکی جێندەریی وەردەگرێت، کە هـی خۆی نییە، بەڵکو بۆ ئەو فرێـزە دیـارخـەرییە دەگەڕێتەوە، کە ئەم دەریخستووە/ بووە بە دەرخـەری، ئەویش لەبەرئەوەی کۆی فرێزەکە، وەک سێتێک مامەڵە لەگەڵ جێنـــدەردا دەکـــات، هەر لە ســـەرەتاوە فرێـــز بە ســـەرو تەواوکەرەوە وەک ســـێتێک ناســـێنران، شێوەزاری هەورامیـی بەهـۆی سیسـتەمی جێنـدەرەوە زیـاتر ئەو بنەمـای سـێتییە دەسـەلمێنێت. ئەم چەشنە فرێزە دیارخـەرییە بە شکانەوە لەناو یەکدا دوو فرێزی دیارخـەریین، واتا لە ناویدا فرێزێکی دیارخـەریی شکاوە/ نائازاد هەیە (بڕوانە پاری (فرێزی دیارخـەریی شکاوە)و ژمـارە تەرتیبییەکە بە نیشانەی جێندەرییەکەوە دەبێتە فرێزێکی دیارخـەریی، بڕوانە یاسای (٦)و نموونەی (١٣)و هێڵکاریی (٩).

٦) DP =$^{D-}$ [ ە/∅+$D^0$ ]+ [ det+ N]]


١٣) ا. کناچیْ یەکەمە/ یەکەمینە (کچی یەکەم)

دووەمە/ دوەمینە

ب.پیای  یەکەم/ یەکەمین∅     (پیاوی یەکەم)

دووەم/ دووەمین∅

**هێڵکاریی (٩)**




**٢/٣_٢_١_٥) ڕادە:**

لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕێزمان، گریمانەی بەسەربوونی ڕادەکان دەکەن، ئەویش لەبەرئەوەی ڕادە بە دیارخەر هەژماردەکەن( Johnson,2018,1). لە شێوەزارەکەدا وشەکانی (گرد، فرە، هیچ، توزیو، کەمیو...) ڕادەن و دەبنە دیارخەر و سەری فەرهەنگیی لە فرێزی دیارخەرییدا، بە جۆرێک کە ناوێکی گشتیی بە نیشانەی [+/- ژمێردراو]ەوە هەڵدەبژێرن، بەڵام سەرباری ئەوە شێوەزارەکە لەبەر پڕاوپڕێتی سیستەمی جێندەریی، ناوە تەواوکەرەکەی بە نیشانەی [+/- جێندە]یشەوە هەڵاوێری تەواوکەرەکەیان دەکەن.

٧ ) ا- N+ D˙(Quan)

ب- D$^0$( Quan) + (det + N)

لە یاسای(٧، ا)دا، هەندێک لە وشەکانی ڕادە لە سەرەتای فرێزەکەدا دێن، کە ڕێککەوتنی جێندەرییان لەگەڵ تەواوکەرەکەدا نییە، بەڵام لە ڕووی تاک و کۆوە ڕێککەوتنیان هەیە (ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی ژمێراودا بەکارهات، ئەوا ناوەکە دەبێت مامەڵەی کۆی لەگەڵ بکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕادە لەگەڵ ناوی نەژمێراودا بەکارهات، ئەوا ناوەکە دەبێت مامەڵەی تاکی لەگەڵ بکرێت) (ئەحمەد،٢٠١٢،٣٩). بڕوانە نموونەکانی (١٤)

١٤) ا. {گرد کناچەکیْ}        (هەموو کچەکان)

ب. {گرد دوْکەØ}          ( هەموو دۆکە)

لە ( ١٤،ا)دا < کنــاچیْ> نــاوێکی ژمێــراوە، بــۆیە مــۆرفیمی کــۆی ناســراوی/_ەکــیْ/ی وەرگرتووە، بەڵام لە(١٣،ب)دا <دوْ> ناوێکی نەژمێراوە، بۆیە مامەڵەی ناوی تاکی لەگەڵ کراوەو مــۆرفیمی ســفر(Ø)ی وەرگرتــووە. لە یاســای(٧،ب)دا، هەنــدێکی تــر لە وشــەکانی ڕادە لە دوای تەواوکەرەوە، بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەپاڵ/_ی/ بۆ نێر و/_یْ/ بۆ مێ دێن، لە ڕووی (جێندەر و ژمارە)وە لەگەڵ تەواوکەردا ڕێکدەکەون و فرێزێکی دیارخەریی بەرهەمدەهێنن. بڕوانە(١٤)

١٤) ا. {نانی فرەØ}   (نانی زۆر)   (+نێر)

ب. {ئاویْ فریْ}      (ئاوی زۆر)  (– نێر)

### ٢/٣_٢_٢) فرێزی دیارخەریی شکاوە:

جیــــاواز لە تەرزە دیارخەرەکــــانی دیــــکە، بەڵگەکــــان ئەوە بەدەســــتەوەدەدەن، کە لە شێوەزارەکەدا  فرێزی دیارخەیی شکاوەیان هەبێت. ئەمجۆرە لە فرێزی دیـارخەریی لە سینتاکسـدا بەکارهێنـانی ئازادیـان نییە، بەڵکو لەنـاو فرێزێکـی تـردا دەشکێنەوە، ((مـۆرفیمی خسـتنەپاڵ دەبێت بەسـەری دیـارخەریی(DP)و مـۆرفیمە خسـتنەپاڵەکە (det)ە و تەواوکەرێـک هەڵـدەبژێرێت)) (قـادر، ٢٠٠٩،٥٤). دیارخەرەکــان فرێزێکــی نــاویی وەک تەواوکەر هەڵــدەبژێرن (دیارخەرەکــان ســەری پرۆژەسازدەرن، (NP) یەکانیش وەک تەواوکەرەکانیان، ڕوودەدەن)) (سەعید،٢٠١٩، ٦٩). مۆرفیمی دیارخەری لە جۆری( خستنەپاڵی خاوەنداریی)، لە شێوەزاری هەورامییدا بە پێی جێندەری (نێرو مێ) جیاکراوەتەوە، هاوشـێوەی ئـارتیکڵە دیارخەرییەکـان فۆڕمەکەیـان لە فەرهەنگەوە بـۆ جێندەر شـکاوەتەوە، بەوەش هەڵاوێرکـردن و هەڵبژاردنەکەیـان لە سینتاکسـدا، بـۆ تەواوکەرێـک دەبێـت، کە نیشــانەی[ +/– نێــر]یــان هەبێــت. بەوەش هاشــێوەی ئەوانە لە ئاســت و لــیڤڵە فەرهەنگییەکەیــدا، نیشــانەکانی جێنــدەریی/ زایەنــدیی هەن و مــۆرفیمەکە دەرکــردەی فرێــزەکە، دەبێــتە پرۆژەیەکــی جێندەریی، بەجۆرێک زایەندەکە زانیاریی لەسـەر جێنـدەرە ڕێزمـانییەکە دەدات[٤]، بـڕوانە یاسـابەندی (٨) و نموونەکانی (١٥و ١٦) و هێڵکاریی (١٠).

٨) ا–   det / و/+  [Y]    [+ نێر]

[٤] لە کرمانجی ژووروودا،  ئەم  فرێزە لە لایەن طە رحیم( ٢٠١٥،١٤٢ )ەوە بە (DP) هەژمارکراوە، مۆرفیمەکانی/_ا/ و/ێ/ی بەسەری دیارخەرو سەری ڕێزمانیی فرێزە شکاوەکە داناوە. بۆ نموونە< {کوڕا } ،          { کچێ}.


١٥) ا. {دەسو}      (دەستی)

ب. {تاتەو}      (باوکی)

ب– det /وْ/ + [Y]    [– نێر]

١٦) ا. { کناچوْ}      (کچی)

ب. {ئەداوْ}      (دایکی)




**هێڵکاریی (١٠)**

### ٢/٣_٢_٣) شکانەوەی فرێزی دیارخەریی لەناو فرێزێکی دیارخەریی تردا:

شکانەوەی فرێزی دیارخەریی لە ناو فرێزێکی دیارخەریی تردا، بە جۆرێکە، (DP)یە شکاوەکەی پاری پێشوو دەبێتە تەواوکەری(DP)یەکی گەورەتر لە چوارچێوەی فرێزێکی خستنەپاڵییدا. بڕوانە یاسای (٩)و نموونەکانی (١٧).

٩) $D^- + [det + N]$

١٧) ا. {دەسو ئادی/ ئادیْ}      (دەستی ئەو)

ب. {کناچوْ ئازادی}      (کچی ئازاد)

پ. {چەمو ژەنەکیْ}  (چاوی ژنەکە)

نمونەکانی(١٧_ (ا، ب، پ)) وانیشاندەدەن، کە (DP)یەکی شکاوە لە ناو ($D^-$)یەکی تردا نوێنراون بە جۆرێک هەریەک لە وشەکانی {ئادی/ئادیْ، ئازادی، ژەنەکیْ}، وەک فرێزێکی

دیارخەریی و سەری فریزی خستنەپاڵیی گۆدەکەن و(DP)ە شکاوەکە دەبێتە تەواوکەری فرێزەکە گەورەکە. لەم فریزەدا ڕێککەوتنی جێندەریی بە شێوەیەک دەبێت، لەلایەکەوە تەواوکەری فرێزە شکاوەکە لەگەڵ سەری ڕێزمانی، کە مۆرفێمە دیارخەرییەکەیە، لە ڕووی جێندەرەوە ڕێکدەکەون و تەواوکەری فرێزە دیارخەرییە لەناوشکاوەکەش، لە لایەن مۆرفێمێکی دیارخەرییەوە، هەڵاوێردەکرێت. ڕێککەوتنەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیەن:

١- ئەگەر تەواوکەری (det)ی فرێزە شکاوەکە، ناوێکی [+نێر] بێت، مۆرفێمە دیارخەرییەکە/ و/ دەبێت. ئەگەر[–نێر] بێت، مۆرفێمەکە، کە سەری فرێزە شکاوەکەیە، / وْ / دەبێت. فرێزە لەناوشکاوەکەش، ئەگەر تەواوکەرەکەی ناوێکی [+نێر] بێت، سەری ڕێزمانییەکەی مۆرفێمی دیارخەریی /ـی/ و ئەگەر [–نێر] بێت، مۆرفێمی دیارخەری/یْ/ دەبێت. بڕوانە نموونەکانی(١٨).

١٨) ا. {تاتەو نەوزادی} (باوکی نەوزاد)

ب. {کناچوْ ئایشیْ} (کچی ئایشە)


پ. {کتوْ دەشتیْ} (پشیلەی دەشت)

ت. {دەسو ژەنەکیْ} (دەستی پیاوەکە)

ح. {والوْ نەوزادی} (خوشکی نەوزاد)

نموونەو بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە فرێزی لەناوشکاوەی دیارخەری، لە شێوەزارەکەدا ئەوە دەردەبڕێت، کە فرێزەکە پرۆژەیەکی جێندەرییە، ئەگەرچی لە لیقڵە فەرهەنگییەکەدا، زایەند و نیشانەی ناوەکیی جێندەریی هەن، بەڵام پرۆژەکە لەلایەن دوو دیارخەری جێندەرییەوە سازدراوە، بەجۆرێک [ [ (det)ˀو/و +y ] + [ (det)ˀی/ی + y ] ]، بەوەش یاساو هێڵکاریی کەوانە شکاوەکە ئەوە دەردەخات، کە فریزەکان دوو فرێزی دیارخەریی شکاوەن و هەموویان پرۆژەیەکی ڕێککەوتنی جێندەرین، چونکە هەریەک لە دیارخەرەکان هەڵاوێری تەواوکەری خۆیان دەکەن و بە دوو فرێزی دیارخەریی شکاوە، فرێزە دیارخەرییە گەورەکە سازدەکەن، بەوەش دروستەیەکی بێ کەموکووڕی سینتاکسیی و جێندەریی بەرهەمدێت. بڕوانە هێڵکاریی (١١).

**هێڵکاریی(١١)**




**٣_٢/٣) دروستەی فرێزی ئاوەڵناویی:**


ئاوەڵنــاو کەتیگــۆرییەکی فەرهەنگیــی و پرۆژەســازدەرە (وەک ســەری ڕێزمــانیی فرێــزی ئاوەڵنــاویی گــۆ دەکات)(فتــاح،٦٥،٢٠٠٦). لەبەرئەوەی بە تەنهــا گــۆکردنی سینتاکســیی نــیە، بــۆیە بەخــورتی داوای ناوێک/تەواوکەرێــک دەکــات، بە یاریــدەی مــۆرفێمێکی خســتنەپاڵی سینتاکســیی، ســـەرەو تەواوکەر لێکــدەدرێن و فرێزیکــی ئاوەڵنـــاویی بەرهەمـــدەهێنن. ئەم فرێـــزە بە فرێـــزی خستنەپاڵی ئاوەڵناویش ناودەبرێت. لە فرێزی ئاوەڵناوییدا ڕێککەوتنی جێندەریی، لە نێوان نــاوو ئاوەڵناودایە واتە لە نێو سەرو تەواوکەردا هەیە، بەجۆرێک ئاوەڵناوەکە بەپێی جێندەر و ژمــارەی نــاوەکە، مــۆرفێمی جێنــدەری ڕێزمــانیی وەردەگرێت، لەلایەکــی تــرەوە، تەواوکەر لەگەڵ مــۆرفێمی خستنەپاڵدا ڕێککدەکەوێت، بەڵام لە فرێزی ئاوەڵناوییدا مۆرفێمی خستنەپاڵ، جیاوازە لە مۆرفێمی خستنەپاڵی لە فرێزی دیارخەرییدا (مۆرفێمی خستنەپاڵ لە شێوەزاری هەورامییدا /ـی، یْ/یە، بۆ نێــرو مــێ ئەگەر دیــارخەرەکە ئاوەڵنــاو بێــت) (ســـەرچاوەی پێشــوو٦٣-٦٤). بەمپێــیە، مــۆرفێمی خســـتنەپاڵ لە شـــێوەزارەکەدا، هەروەک دیـــالیکتی کرمـــانجی ژووروو، لە یەک کاتـــدا کـــردەی دەرخســـتنی جێنــدەرو و خســـتنەپاڵ ئەنجامــدەدات(مەعروف،٢٠٠٥، ١٣٤). بــڕوانە یاســای (١٠) و نموونەکانی (١٩):

A +[det +N ](١٠

19) ا. {کوڕی ژیر∅}

ب.{کناچیْ ژیرە}

لە (١٩_ا،ب)دا ڕێککەوتنی جێندەریی لە نێوان ناوو ئاوەڵناودایە، ناوەکان مۆرفیمی جێندەرییان بە ئاوەڵناوەکـان بەخشـیوە. ئەگەرچیـی وادەردەکەوێـت، کە ئاڕاسـتەی ڕێککەوتنـی جێنـدەریی لە ڕاستەوە بۆ چەپ بێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئاوەڵناوەکە سەرەو دەسەڵاتی دروستەیی و واتایی بە دەسـت ئەوەوەیە، بـۆیە لێـرەوە گریمـانەکە هەڵـدەگەڕێتەوە. ئاوەڵناوەکـان ئەگەرچیـی نیشـانەی جێنـدەرییان نیـیە، بەڵام هەڵاوێرکردنـی جێنـدەرییان هەیەو تەواوکەرێـک بە نیشـانەی واتـایی گونجـاوەوە هەڵـدەبژێرن، بەڵام بە ڕێسـای سـەرکۆتایی و لەبەرئەوەی فرێـزەکە بە سـەرو تەواوکەرەوە سـێتێکن و فرێزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناوییـان پێدەگوترێت، بـۆیە نیشـانەی جێنـدەریی دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکەو نیشانەی جێندەریی دەداتێ. بۆ نموونە وەک لە بەشی دووەمدا باسی لێوەکرا، ئاوەڵناوەکە بە گەردانکردن نیشانەی جێندەریی وەردەگرێت، بەوەش لە مۆدێلەکەدا ڕاسـتە ئاوەڵنـاوەکە لە فەرهەنگـدا نیشـانەی نیـیە، بەڵام لە مۆرفۆلـۆژیی گەردانکردنـدا بـۆ جێنـدەر نیشانەدەکرێت، بڕوانە هێڵکاریی (١٢).





**هێڵکاریی (١٢)**

ئەمە جگە لەوە، لەبەرئەوەی تەواوکەری ئاوەڵناوەکە دەبێت سینتاکسیی بێت، بۆیە فرێزێکی دیارخەریی شکاوە دەبێتە ئەو تەواوکەرە، لە پاری پێشتردا گریمانەی فرێزی دیارخەریی شکاوە کـرا، بـۆیە لەمەشـدا پێشـنیازو گریمـانەکە بەو جـۆرە دەکەوێـتەوە، کە ئاوەڵنـاوەکە فرێزێکـی دیـارخەریی، وەک پرۆژەیەکـی جێنـدەری ڕێزمـانیی هەڵـدەبژێرێت، نەک خـودی نـاوەکە، ئەوەش پشتڕاسـتی ئەوە دەکـاتەوە، کە فرێـزی دیـارخەریی شـکاوە { کوڕی، کنـاچی̊} دیارخـەرەکانیـان لە خسـتنەپاڵەکەدا /ی/ و/ی̊/ بێـت و هەریەک لەو دیـارخەرانە فرێزێکـی دیـارخەریی بە نیشـانەی جێندەریی[ +نێر] یان [–نێر] بەرهەمبهێنێت، پاشان ئاوەڵناوەکە هەڵاوێری فرێزە دیارخەرییەکە، بە یەکێک لە نیشـانەکانی [ +/–نێر]ەوە بکـات، چونکە فرێـزە دیـارخەرییەکە، وەک پرۆژەیەکـی گەورە بەربەسـتی ئەوە دەبێـت، کە ئاوەڵنـاوەکە بتوانێـت نـاوەکە هەڵبژێرێـت، بەمەش ئاوەڵنـاوە

گەردانکراوەکە تەواوکەرێکی سینتاکسیی، کە DPیەکی شکاوەیە، هەڵدەبژێرێت، بڕوانە یاساکەی لە (١١)دا و هێڵکاریی(١٣).

(١١) [[A + [det+N]] ⟵ AP

**هێڵکاریی (١٣)**




### ٢/٣_٤) دروستەی فرێزی کرداریی:

فرێزی کرداریی؛ یەکێکە لە فرێزە گرنگەکانی ناو دروستەی ڕستە، کە ڕەگی کردار سەری ڕێزمانییەتی (فرێزی کرداریی پێکهێنەرێکی تری دروستەی ڕستەیەو ئەرکێکی گەورەو دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێت) (محەمەد،٢٠٠٠،٦٦). دواتر نموونەو بەڵگەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن کە ڕەگ تەنها هەڵاوێری واتایی تەواوکەرەکەی دەکات و تاف دەیکاتە کردارێکی سینتاکسیی، بەوەش دۆخی بەرکاریی قەد دەیدات. ڕەگی کردار ئەگەرچیی لێکسیمێکی سەربەخۆ نییە، بەڵام فەرهەنگییەو زانیاریی واتایی و دروستەیی تێدا هەڵگیراوە. کرداره فەرهەنگییەکە بە پێی ڕێسای دووپەلکییانەی سەرو تەواوکەری (X-bar)، داوای تەواوکەرێک دەکات، تەواوکەرەکانیش بە پێی جۆری کرداره فەرهەنگییەکە دەگۆڕێت. واتا لە فەرهەنگدا کردارمان بە زانیاریی دروستەیی و واتایی جیاوازەوە هەیە. ((هەندێک کردار بەپێی ویستە فەرهەنگییەکەی داوای ئارگومێنت ناکات، لەم کاتەدا پەیڕەوی یاسای V + [....] دەکات)) ( مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٦). بۆ نموونە کردارەکانی < وتەی : خەوتن>، <ئامای : هاتن>، <لوای : ڕۆشتن>و .... کرداره تێنەپەڕەکان، وەک دانەیەکی فەرهەنگیی بە لیکسیمبوو فرێزێکی کرداریی بەرهەمدەهێنن ((کرداره تێنەپەڕەکان بەتەنها بە ڕەگی کردارەکان دروستەیەکی تێرن، بۆیە کرداره تێنەپەڕەکان بە تەنها دروستدەکرێت) (مەعرووف،قادر،٢٠١١، ٢٠). وەک<وەرم: خەو>، <تەرس: ترس>، <پەرس: پرس> و..تاد، بەڵام هەندێک جۆری تری کردار، کە کرداری تێپەرە، پێویستی بە تەواوکەرێکە، لەڕووی واتاو دروستەوە هەڵیدەبژێت. بڕوانە یاساکانی (١٢)و نموونەکانی (٢٠-٢٤):

١٢) ا. $V+\ NP/DP \longrightarrow V^{-}$

٢٠) {نامە نویس}     کناچەکیْ نامەکیش نویستە.  (کچەکە نامەکەی نوسی).

ب. $V + PP \longrightarrow V^{-}$

٢١) {پنەزان}          من بە کناچەکیم زانا.          ( من بەکچەکەم زانی).

پ. $V +[N +PP] \longrightarrow V^{-}$

٢٢) {جە ژەنەکیش کەر}          {لە ژنەکەی کر}

ت. $V + [PP+N] \longrightarrow V^{-}$

٢٣) ا. {تەوەن وەنەگیر} زاروْلەکیْ تەوەنگیرانە یانەکیْ.( منالەکان بەرد دەگرنە ماڵەکان).

ب.{تەوەن وەنە گر} زاروْلەکیْ تەونشاگرتە یانەکیْ.(منالەکان بەردیان گرتە ماڵەکان).

ج. $V+\ [.....] \longrightarrow V^{-}$

٢٤) ا. {وس}          من موسوو.     (من دەخەوم). ڕانەبردوو

ب. {وت}          من وتا.          (من خەوتم). ڕابردوو


نموونەکانی (٢٠-٢٣) ئەوە نیشاندەدەن، کە ڕەگی کردار بەپێی زانیارییە دروستەیی و سیمانتیکیی (واتایی)ەکان (بڕوانە پاری(٤/٣)سیمانتیک)، تەواوکەری جیاواز هەڵدەبژێرێت. لە (٢٣،٢٤)دا ڕەگی کردارەکان لە شێوەزارەکەدا بەپێی یاسای جیاواز بۆ ڕابردوو و ڕانەبردوو جیاکراونەتەوە، بڕوانە (محەمەد،١٩٩٨، ٦٠-٦١). نمونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە ڕەگی کردار، نە وەک مۆرفیمی بەند و نە وەک وشەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت(مەحویی، عومەر،٢٠٠٤، ٥٠ )، بۆیە پێشنیازی ئەوە کرا ڕەگ کرداره فەرهەنگییەکەیە، بەڵام نەبووەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ، بۆیە  دروستەکانی فرێزی کرداریی لە شێوەزارەکەدا دەستەواژیلەن و لەناو تافدا دەشکێنەوەو دەبێتە کردارێکیی سینتاکسیی و لە ناو دروستەی فرێزێکی لە خۆیان گەورەتردا دەشکێنەوە، کە فرێزی تافە (بڕوانە (مەعرووف،١٧،٢٠٢٠). لەبەرئەوەی  فرێزی کرداریی، توانایەکی دروستەیی و واتایی هەیە بۆیە ڕێککەوتنی جێندەریی نابینرێت، هەرچەندە مۆرفیمی جێندەری ڕێزمانیی، لەلایەن تەواوکەری فرێزە کردارییەکەوە دەبەخشرێت، واتە بەپێی توخمی پۆلەڕەگەزی تەواوکەرەکە مۆرفیمی توخمەکە دیاریدەکرێت، بەڵام مۆرفیمەکە لە سنوری فرێزی کردارییدا نابەخشرێت، بەڵکو لە ڕستەدا دەچێتە سەر فرێزی تاف. (بڕوانە پاری (٣/٣). لە دوای

مۆرفێمی تافەوە مۆرفێمی جێندەر دەردەکەوێت (بشڕوانە (عەبدوللا، ٢٠١٠، ٧٩)، پێی وایە، کە ((مۆرفێمی توخم دەکەوێتە دوای مۆرفێمی کات))، بەڵام لەبەرئەوەی لەم لێکۆڵینەوەدا، نۆد/ گرێی فرێزی تاف جیاکراوەتەوە، بۆیە تاف، وەک کەرەستەیەکی ئەرکی، دەبێتە سەری ڕێزمانیی و کۆی فرێزە کردارییەکە، دەبێتە تەواوکەرێکی سینتاکسیی و حوکمی ($V^{-}$)دەکات. (( تاف کاتیگۆرییەکی ڕێزمانییە، بەهۆی مۆرفێمێکی دیاریکراوەوە دروستدەبێت، کە دەچێتە سەر کردار، هەروەها کاتەگۆرییەکی فەرهەنگییە، کە کاتە پەیوەندیدارەکانی ڕابردوو و ئێستاو داهاتوو دەستنیشاندەکات)) (عەزیز،٢٠٢٠، ٣٣). بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر فرێزی تاف (بڕوانە (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٧-٢٠)، (سەعید، ٢٠١٩، ١٤٥-١٤٩). مۆرفێمەکانی تاف لە شێوەزاری هەورامییدا فۆڕمەکانی(/∅، ـا، ـت، ـد، ـی/)ن، ئەم مۆرفێمانە فرێزی تاف_کرداری تافدار_ بەرهەمدەهێنن و کۆتایی کرداری ڕابردوو دەگرن، بۆ پاراستنی پارامێتەری سەرکۆتایی، بەڵام لە کرداری ڕانەبردوودا، مۆرفێمی تاف بە /∅/ دەنوێنرێت، نیشانەی تاف لەپێش ڕەگی کردارەوە دێت، بەوپێیەی لە ڕووی واتاوە لەگەڵ ڕەگی کردارەکەدا دەمێنێتەوە، بەڵام بەهۆی فۆڕمێکی بەرجەستەوە دەرکەوتنی فۆنەتیکییان نابێت، هەربۆیە لە دەرنەبڕینی مۆرفێمی تافەکەدا، فۆڕمی/مـ/ وەک نیشانەی تاف لەسەر ڕەگی کردار گۆکردنی دەبێت. بڕوانە یاسای (١٣)و نموونەی (٢٥) و هێڵکاریی (١٤):

١٣) $TP \longleftarrow T^0 + VP$

٢٥) ا. {نامە نویست} (ڕابردوو)

ب. {نامە منویس (∅ ) (ڕانەبردوو)




**هێڵکاریی(١٤)**

## ٣/٣) ڕێککەوتنی جێندەریی لە ڕستەدا:


پاش ئەوەی ڕێککەوتنمان لە ناو فرێزەکاندا پەیوەست بە جێندەرەوە ڕوونکردەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە جێندەر ڕێککەوتنێکی فرێزیی هەیەو بەشێکە لە پرۆژەی ناوەوەی فرێزەکان، پاشان ڕستەیی، هەروەکچۆن ڕێککەوتنە جێندەرییەکە لە نێوان(XوY)دا بوو، دەبێت لە ڕستەشدا بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، بزانین ڕێککەوتنەکان چۆن جێبەجێدەبن؟ ئایا ڕێککەوتنەکە هی فرێزەکانە، یان هی دروستەی ڕستەکەیەو لە نێوان پێکهاتەکانی دروستەی ڕستەدا جێبەجێدەبن؟ لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکە بەپێی (AgrP) کاردەکرێت، (AgrP)ەکە پاش گواستنەوەی بکەر بۆ جێکەوتەی خۆی دروستدەبێت. فراوانکردنی فرێزی ڕێککەوتن، فراوانکردنی دروستەی فرێزە (X-bar)ە بۆ ڕستە، ڕستە خۆی پێکهاتەیەکە لە نێوان (TP)و کەسی بکەریدایە، بۆیە دەبێت بە دوای ئەو ڕێککەوتنەدا بگەڕێین، واتە ڕێککەوتنی جێندەریی لە نێوان فرێزەکاندا، تا سنوری (TP)ڕێککەوتنی فرێزەکانبووە، لێرە بە دواوە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین، ئایا ڕێککەوتنەکە لە نێوان بکەرو (TP)دا ڕوودەدات؟ شێوەزارەکە ئەوە بەدەستەوەدەدات، کە ڕێککەوتنی نێوان(TP) و بکەر، ڕێککەوتنێکی ڕوون نەبێت. فرێزەکان خۆیان لەناو خۆیاندا پرۆژەیەکی تەواوی بێکەموکوڕیین، بۆیە جگەلەوەی لە ڕووی دروستەیی و ئەرکییەوە بێکەموکوڕیین، لە ڕووی ڕێککەوتنی جێندەرییشەوە، ڕێککەوتنەکان لە سنووری فرێزەکاندان، لێرەوە فرێزەکان بۆ بونیاتی ڕستە دەبنە تێکردە، ئەویش بەوپێیەی ڕستە لە فرێزەکان بەرهەمدێن، نەک وشەکان. وەک ئاماژەشی پێدرا، فرێزەکان پێواژۆیەکی تەواوی بێکەموکوڕیین و لە هەر نۆدێکدا پەیڕەوی ڕێککەوتنی جێندەریی دەکەن، بۆیە نۆدی/گرێی ڕێککەوتنی جێندەریی لە سەرەوەی پرۆژەی فرێزەکانیشە، ئەوەش تەواوکەری پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگیش دەبێت، بڕوانە خشتەو نواندنی (٦).

| |
|---|
| سینتاکس: ڕێککەوتنی جێندەریی نێوان<br>نۆدی ڕستە (DP+ TP) |
| سینتاکس: ڕێککەوتنی جێندەریی نێوان<br>نۆدی فرێزەکان (X +Y) |
| مۆرفۆلۆژیی: فۆرمدارشتنی مۆرفۆلۆژییانە بۆ<br>جێندەر/ گەردانکردن |
| فەرهەنگ: فۆرمدارشتنی فەرهەنگیی بۆ جێندەر/<br>نیشانەی جێندەریی |

**خشتەی (٦)**

(TP) دوا نــۆد/ گرێــی بەرهەمهێنــانی فرێزەكــان بــوو، كە تــاف و كردارێكــی تافــدار بەرهەمیهێنــابوو، بەڵام لەبەرئەوەی كەســی تێــدا نەبــوو، بــۆیە نەبــووە ڕســتە، كەواتە كەس داواكراوێكــی سینتاكســیی و دروســتەیی و واتــایی ڕســتەیە. لەبەرئەوەی بەركــارەكە فرێزێكــی شكاوەی ناو فرێزە تافەكەیەو هەڵاوێرێكی تری ئەو بەرهەمهاتووە دەبێتە داواكاریی (TP)یەكە/ بەركارو كرداری تافدار پێكەوە، بڕوانە نواندنەكەی لە (١٤)و هێڵكارییەكەی لە (١٥)دا.

١٤) [ [ DP + $^{TP}$[ T+[ V +DP] ] ]
↓
[ +/– نێر ]





**هێڵكاریی(١٥)**

یاساو نواندنی(١٤) زیادكردنی بكەرە، بۆئەوەی پرۆژەكە لە (TP)یەوە بگاتە سنوری ڕستە، ئەویــش بەوپێیەیــی(TP)ەكە تەنهــا كردارێكــی تافــدارە، كەس(TP) دەكــاتە ڕســتە، بەوەش نوانـدنەكەی(١٤) بـۆ دروسـتەی پـێش بـوون بە سینتاكسـییە، بـۆیە لە پـاش بـوون بە سینتاكسـی دروستەكە، بكەر بۆ پاراستنی سەرەوڕێزبوونەكە بۆ لای ڕاست دەگوێزرێتەوە و جێناوی لكاو وەک نیشانەی ڕێككەوتنی كۆزانیارییەكانی ناو بكەرەكە جێدەهێڵێت، بڕوانە یاسای (١٥).

(١٥ [ [ DP + [ T+[ V +DP] ] ]  ساوەکی٘ وارد من

agr + TP + DP  من ساوەکیم وارد

لە ڕاستییدا بەپێی سیستەمی دووپەلکیی، دروستەی ڕستە یەک مۆدێلی دروستەیی هەیە، هەمەجۆرییەکەی بۆ جیاوازیی فریزە کرداریەکان دەگەڕێتەوە، نەک بۆ فرەمۆدێلیی ڕستەی کوردیی بگەڕێتەوە. بڕوانە هێڵکاریی (١٦) دووپەلکیی بکەرو فریزی تاف پێش دروستبوونی نۆدی ڕێککەوتن، هەروەها بڕوانە پاری دواتر.




**هێڵکاریی(١٦)**

### ٣/٣_١) ڕێککەوتنی جێندەریی لە نێوان (بکەرو TP)دا/ قۆناغی پێش-ڕستە:

لەو ڕستانەی فریزی کرداریی پەیڕەوی یاسای $V^0$+[....] دەکات، ($V^0$) لە ڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە پێویستی بە هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتی ناوەکی نییە، لە دوای شکانەوەی (VP) لە فریزی تافدا و بەرهەمهێنانی فریزی تاف، فریزی تاف لە پرۆژەسادانی فراوانکراودا داوای کەس دەکات، لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە/ ئەگریمێنتەوە، (بکەر) وەک ئارگومێنتێکی دەرەکی دەبێتە تەواوکەری (TP) وەک لە هەنگاوەکانی پێشوودا باسکرا، هەربۆیە بکەرو (TP) ڕێکدەکەون و دەچنە دۆخی ئێرگەتیڤییەوە[٥]، واتا ئەگەرچیی ئێرگەتیڤ جۆرێکی دۆخی ڕێزمانییە، بەڵام

---

[٥] - ئێرگەتیڤ؛ زاراوەیەکە بۆ یەکەمجار لەلایەن ئۆدلێڤ دیر، لە ساڵی ١٩٢٨بۆناونانی دۆخی بکەری کرداری تێپەڕ لە زمانە قەفقازییەکاندا بەکارهێنراوە. (ئێرگەتیڤ لە زانستی پۆلێنکردنی زماندا(Language Typology)دا, بەجۆرێک ڕەفتاردەکات، بکەری کرداری تێنەپەڕ، وەک بەرکاری کرداری تێپەڕ وایە، بە شێوەیەکی جیاواز لە بکەری کرداری تێپەڕ، کە بە ئێرگەتیڤی تەواو(Ergative bsolutive) دادەنرێت. ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی (باسک، جۆرجی، تبت وهەندێ لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکانی وەک(کوردی و زمانەکانی ئاری و ئوردویی)دا دەبینرێت.(https://en.wikipedia.org/wiki/Ergative%E2%80%93absolutive_alignment )

هەروەها ( ئاماژە بە سیستەمێکی نیشانەکردنی پەیوەندییەکانی سینتاکس دەدات، کە تێیدا نیشانەی بکەری کرداری تێنەپەڕ، لەگەڵ بەرکاری کرداری تێپەڕدا، جا نیشانەکە بە مۆرفۆلۆژیی بێت لێکچووە، یاخود بە هۆی ڕێککەوتنەوە بێت ، لەگەڵ ئارگومێنت داواکەرەکە) ( https://www.oxfordbibliographies.com/view/document/obo-). لە هەندێک سەرچاوەدا دیاردەی ئێرگەتیڤ (بە دۆخێکی فەرهەنگیی ئاماژەپێدراوە لەوەی، کە دۆخێکی ستراکچەری بێت، وەک دۆخی (ڕێزمانی و دۆخی بەرکاری)، بەڵکو دۆخێکی فەرهەنگیی داتیڤییە) ( Belgardt,1978,22 ) بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئێرگەتیڤ و جۆرەکانی، بڕوانە (محمد،٢٠١٦، ٤٧-٦٤)و (پژوە،٢٠٢٠، ٤٢-٨٠)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

نمونەکانی خوارەوە زاڵێتیی پێڕەوی جێندەر بەسەر ڕێزماندا، وا گریمانە دەکرێت، کە نیشانەی جێندەرەکە دەردەکەوێت، نەک نیشانەی ڕێزمانیی دۆخ. بەمەش لە شێوەزارەکەدا نیشانەی دۆخی ڕێزمانیی نادیارە. پەیوەست بەم گریمانەیەوە، ڕای پێچەوانە هەیە، بڕوانە (محەمەد ،١٩٩٨، ٨٥))، کە پێیوایە (لە شێوەزاری هەورامییدا ئێرگەتیڤ بە شێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێت، نیشانەکردنەکەشی بە مۆرفۆلۆژییە. نیشانەکانی دۆخ بۆ نێرو مێ جیاوازن) بشڕوانە ( حسەین، ٢٠٠٩، ٧٨-٨٥) و ( محمد، ٢٠١٦، ٥٦). بۆ نموونە ئەگەر تافی کردارەکە ڕابردوو بێت، بەجۆرێک بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی جێندەرییەوە، بکەر نیشانەی جێندەری نێر/ مێ بە مۆرفۆلۆژیی دەبەخشێتە (TP)ی ڕستەکە، ئەگەر بکەری ڕستەکە DP/NP، یاخود جێناو بۆ کەسی سێیەمی تاک بێت. بڕوانە (٢٦-٢٩):

٢٦) ا. ئازاد وت.  ب. شیرنە وتە.  پ. ئازادو شیرینە وتیْ. (ئازاد/ شیرین نوست/ نوستن.

٢٧) ا. کوڕەکە وتەبی.  ب. کناچەکیْ وتیبی.  پ. کوڕو کناچەکیْ وتیبینیْ (کوڕەکە/ کچەکە نوستبوو/ نوستبوون.

٢٨) ا.ئازاد لوا/ ئاما.  ب. شیرینە ئاما/ لوا.  پ. ئازاد و شیرینە ئامێ. (ئازاد/ شیرین هات/هاتن))

٢٩) ا. ئازاد/ئاد وتەن.  ب. شیرینە/ ئادە وتینە.  پ. کوڕو کناچەکی/ئادیْ وتینیْ (کوڕەکە/کچەکە/ئەو/ئەوان نوستووە/نوستوون).

نموونەکانی (٢٦-١،ب) ڕستەکانی سادەن، نیشانەی جێندەری ڕێزمانیی لەلایەن بکەرەوە بە (TP)ەکە بەخشراوە ، کە /∅/بۆ نێرو/ـە/ بۆ مێیە. لە (٢٧- ا،ب)دا، (TP)ی ڕستەکە ڕابردووی دوورەو نیشانەی جێندەر، بۆ نێرو مێ/ـە،ـیْ/ەیە و لەسەر(TP)ەکە دەرکەوتووە، لەسەر مۆرفیمی تاف. لە (٢٨-ا،ب)دا، ئەو(V )یانەی مۆرفیمی تافەکەیان بزوینی/ ا /ە، نیشانەی جێندەر بە مۆرفۆلۆژیی لەسەر(TP)ەکەو بۆ تۆخمی مێ دەرناکەوێت، کاتێک تافەکە ڕابردووی سادەیە. لە (٢٩)دا (TP)ی ڕستەکە بۆ تافی ڕابردووی تەواوە، نیشانەی نێرو مێ/ـە،ـیْ/ەیە، بەڵام دووجار نیشانەی جێندەر بۆ(مێ) دەردەکەوێت، ئەگەر بکەر مێ بێت<شیرینە وتینە< مۆرفیمەکانی/ـیْ و ـە/ بۆ تۆخمی مێ، لەسەر کردارەکە دەردەکەون. لە(٢٦-٢٩،پ)دا نیشانەی نێرو مێ لەسەر دەرناکەوێت، تەنها مۆرفیمی کەسی کۆ لەسەر کردارەکە دەردەکەوێت. بەڵام ئەگەر بکەری ڕستە جێناوی کەسی سەربەخۆ، بێجگە لە کەسی سێیەمی تاک بوو، ئەوا تەنها لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککدەکەون، ڕێککەوتنی جێندەریی لە نیوان بکەرو(TP)دا نییە. بڕوانە نموونەکانی (٣٠).

٣٠)ا. من وتا/ وتانیْ.  (من خەوتم).

ب. تۆ وتی.        ( تۆ خەوتی).

نمونەکانی(٣٠) ئەوە نیشاندەدەن، کە بکەرو (TP)ەکە، لە ڕووی کەس و ژمارەوە نیشانەی ڕێککەوتنیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی نیشانەی جێندەر لەسەر دروستەی ڕستەکان دەرنەکەوتووە، بۆیە جێندەری قسەکەران لای کەسی سێیەم دیارنییە، بەڵام لای گوێگر ئاشکرایە، چونکە لە فەرهەنگدا جێناوەکانی(من و تۆ) نیشانەی [± نێر]یان هەیە، بەڵام لە سینتاکسدا بکەرەکانی(من، تۆ) بۆ گوێگر بکەرێکی دیارو نیشانەکراون، واتا جێناوەکە بۆ گوێگر کۆدێکی لێکدراوەیەو ئەوەی ناو سینتاکس نیشانەی [+نێر] یان [- نێر]ی هەیە، بەڵام ئەگەر بکەر DP/NP، یاخود جێناوی سەربەخۆ بێت بۆ کەسی سێیەمی تاک، لای گوێگر جێندەرەکەی نەزانراوە ، ئەگەر بە مۆرفێم نیشانەنەکرێت، بڕوانە ( ٢٦، ٢٨و ٢٩). ئەوەش دوو ڕوانگەی دەبێت: (ا) یاسای گواستنەوەی DP + TP[ T+[ V +DP]، بۆ سینتاکس بکەرەکە، جێندەرەکەی دیارییدەکرێت و مۆرفێمێکی ڕێککەوتن/ جێناوێکی لکاو لە شوێنی بکەرە گوێزراوەکە دادەنرێت، بەوەش مۆرفێمە ڕێککەوتنەکە هەمان نیشانەی بکەرە هێنراوە پێشەوەکەی دەبێت، بڕوانە نموونەی (٣١)، (ب) لە دروستەی زانیاریی (information structure)دا، بکەر زانیاریی کۆن و زانراوە، بۆیە ئەوەی بچێتە شوێنی بکەرەوە زانیارییە جێندەرییەکەی زانراوە.

٣١) ا. <u>ئازاد</u> ملو.   ب. <u>شیرینە</u> ملو.  پ. ئادیشا ملا.  (ئازاد/شیرین دەڕوات/دەڕۆن)).
i  i   i  i
[+نێر] [+نێر]   [–نێر]  [–نێر]  [–نێر]

لە (٣١–ا،ب،پ)دا، تافی کرداری ڕستەکە ڕانەبردووە، بۆیە بکەرو (TP) تەنها لە ڕووی کەس و ژمارەوە ڕێککەوتوون، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، لە شێوەزارەکەدا، نیشانەی جێندەر، لەسەر (TP) بۆ ڕانەبردوو بۆ (ئێستا وداهاتوو) دەرناکەوێت، تەنها بکەر بەپێی ئەو جێندەرەی هەیەتی نیشانەی لەسەر دەردەکەویت، وەک لە پێشتردا ئاماژەیپێدرا، کە ئەگەر بکەر DP/NP، یاخود جێناوی سەربەخۆ بێت بۆ کەسی سێیەمی تاک.

ئەگەر کرداری ڕستەکە تێپەڕ بێت، واتە کردارەکە پێویستی بە هەڵاوێرکردنی تەواوکەری ناوەکی بێت، بەوەش بەرکارو کرداری سینتاکسیی دەچنە دۆخی ئێرگەتیڤییەوە، بە هەمان شێوە نیشانەی دۆخ دەرناکەویت، تەنها نیشانەی جێندەرەکەیە، بۆ نێرو مێ، بۆیە بەرکارەکە لە دروستەی ناوەوەی فرێزە تافەکەدا نیشانەی جێندەر دەبەخشێتە کردارە تافدارەکە، بڕوانە نموونەکانی( ٣٢ و ٣٣) و (٣٤)!

٣٢) ا. من <u>ساوەکیم</u> واردە  ب. من <u>نانەکەم</u>  وارد <u>∅</u>.   پ. من <u>ساوەکیم</u> واردیْ .
i i i i i i

(من سێوکەم/نانەکەم/سێوەکان/م خوارد).

٣٣) ا. ئیمە <u>نانەکەما</u> وارد ∅.  ب. ئیمە <u>ساوەکیما</u> واردە.  پ. ئیمە <u>ساوەکیما</u> واردیْ.
i i i i i i

( ئێمەنانەکە/سێوەکە/سێوەکان/مان خوارد).

٣٤) ا. من نەسرینیْ کیانوو .  ب. من ئازادی کیانوو.   پ. من زارۆڵەکیْ  کیانوو.

(من نەسرین/ ئازاد/منداڵەکان دەنێرم)

له (٣٢-٣٣)دا ڕستەکان بۆ کرداری ڕابردووی تێپەڕ هێنراونەتەوە، لە (٣٢-ا،ب)دا نموونەکان ئەوە نیشان دەدەن، نیشانەی جێندەری ڕێزمانیی، لەلایەن بەرکاری ڕاستەوخۆی ڕستەکەوە بە کردارە تافدارەکە بەخشراوە ، بەهۆی زاڵێتی جێندەرەوە، مۆرفیمەکانی نێرو مێ/∅، _ە/ لەسەر کردارەکە دەرکەوتوون، بکەرو بەرکاریش، لەڕووی کەسەوە ڕێککەوتوون، لە(٣٢،پ)دا نیشانەی جێندەر بۆ نێرو مێ لە حاڵەتی کۆدا جیانەکراوەتەوە. لە (٣٣-ا،ب)دا (بکەرو بەرکار) لە ڕووی کەسەوە ڕێککەوتوون، کە کەسی یەکەمی کۆیە، بەڵام هاوشێوەی (٣٢-ا،ب) بەرکار نیشانەی جێندەری بە کردارە سینتاکسییەکە بەخشیوە، /نان/ ناوێکی نێرەو /سێو/یش مێیە. بە سەرنجدان لە ڕستەکانی (٣٤)، کە بۆ کرداری ڕانەبردووی تێپەڕن، ئەوە نیشاندەدەن کە کرداری ڕانەبردوو، ڕێککەوتنی لەگەڵ بەرکاردا نییە، لە ڕووی جێندەرەوەو مۆرفیمی جێندەر وەرناگرێت، لە لایەن بەرکاری ڕاستەخۆی ڕستەکەوە، تەنها لە ڕووی کەسەوە،  لەگەڵ بکەردا ڕێککدەکەوێت،  وا گریمانەدەکرێت، کە بەرکارەکە سیستەمێکی ناوەکیی جێندەریی هەبێت، واتە لە فرێزەکەدا ڕێککەوتنەکە جێبەجێبووە، نەک لە ڕستەکەدا.  لە لایەکی ترەوە، بەرکاری ناڕاستەوخۆش لە ڕستەدا، هیچ مۆرفیمێکی جێندەر بە کردار نابەخشێت، بەڵکو لە قۆناغی فرێزدا نیشانە وەردەگرێت و بە ئامادەکراوی دێتە ڕستەوە، جا فرێزی دیارخەریی بێت، یاخود فرێزی پێشناویی. بڕوانە (٣٥).


٣٥) ا. من <u>ئاوەکیم</u>  <u>بە</u> <u>کوڕەکەی</u> هورگیرتە.    ( ئاوەکەم بە کوڕەکە هەڵگرت.)
i j j i

ب. من <u>نانەکەم</u>  <u>بە</u> <u>کناچەکیْ</u> هورگیرت<u>∅</u>.      (نانەکەم بە کچەکە هەڵگرت)
i j j i

## ٢-٣/٣) ڕێککەوتنی جێندەریی لە پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسیی_ پاش ڕستە:

پاش ئەوەی لە پاری پێشودا، دروستەی ڕستەو ڕێککەوتنی جێندەریی لەو دروستەیەدا خرایەڕوو، هەروەها لە ڕستەدا کردارو ئارگۆمێنتەکانی لە فۆڕمی فریزدا خرانەڕوو، لەم پارەدا دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی، وەک قۆناغێکی نواندنی پاش سینتاکسیی دەخرێتەڕوو. مۆرفۆسینتاکس نواندنی سینتاکسە بە مۆرفیم، بۆیە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، لەم دروستەیەدا جێگرەوەی ئارگومێنتەکان، جێناوە لکاوەکان دەبن، بۆیە مۆرفۆسینتاکس دەبێتە پرۆسەی بەجێناوکردنی بکەرو بەرکار. ((مۆرفۆسینتاکس نواندنی پێکهاتە سینتاکسییەکانە، واتە لە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی دیکە دەکەوێتەوە، نەک ئەوەی خودی خۆی، کەرەستەکانی ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەربگیرێت، هەر بۆیە هەنگاوەکانی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی نابڕێت، بەڵکو لە پێواژۆکانی پاش سینتاکس/ ڕستەوە بەرهەمدەهێنرێت)) ( مەعرووف،زاهیر،٢٠١٩، ١٧٩). هەر لەم پارەشدا بنەمای دروستەیی، بۆ پەیکاڵبوونی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس گرنگ دەبێت، چونکە سینتاکس لەسەر بنەمای دروستەی قووڵ و دروستەی ئارگومێنت و فۆڕمە سینتاکسییەکەی بەرجەستەدەبێت. دروستەی ئارگومێنت و دروستە قووڵەکەش، وەکچۆن بنیاتی دروستەی سینتاکسیی دەنێن، هەر ئاواش دەبێت دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکان، هەمان ئارگومێنت و هەمان دروستەی قووڵیان پەیوەست بە سیمانتیکەوە هەبێت.

سەرەتای بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکس بەوە دەستپێدەکات، لەبەرئەوەی (زمانی کوردیی زمانێکی بکەرخراوە)(مەحوی،٢٠٠١،٤٥)، بۆیە بنەمای بکەرخراویی، کە بەهۆی هەبوونی هەمان نیشانەی واتایی و ڕێزمانییەوەیە، ئەو پێواژۆیەش دەبێتە سەرەتای جێخۆشکردن بۆ دەرنەبڕینی ئارگومێنتی فریزە بەرکارییەکە، واتە وەکچۆن هۆکاری دەرنەبڕینی بکەر بە ڕێککەوتن دەبێت، دەبێت بەهەمان هۆکاریش بۆ دەرنەبڕینی ئارگومێنتی بەرکاریش (مۆرفۆسینتاکس پرۆژەی مۆرفیمی ڕێککەوتنە) (قادر،٢٠١٥،٥٣). گەر قۆناغەکە بەو جۆرە بڕوات، ئەوا دەبێت هاوشێوەی سینتاکس، مۆرفۆسینتاکسیش دروستەیەکی بێکەموکوڕی بێت. دروستەی بێکەموکوری مەبەست لێی ئەوەیە، دروستەی هەریەک لە ڕستەیەکی سینتاکسیی و دروستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی، پەیوەست بە دروستەی ئارگومێنتەکەیانەوە، پێداویستیی دروستەییان هەبێت، بە تایبەتی (بکەرو کردارو بەرکار). (وێڕای جیاوازیی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس لە ڕووی دروستەی ناوەکیی و جێکەوتەوە، دەتوانرێت دروستەکان بەهۆی هاونیشانەکردنەوە هاوتابکرێنەوە، تاوەکو ڕێککەوتن لە نێوان جێکەوتەی کەتیگۆرییە سینتاکسییە دەرنەبڕاوەکەو کۆپییەکەدا ڕووبدات)( مەعرووف،سەعید، ٢٠١٩، ١٨٦). (بڕوانە هێڵکاریی(١٧)سەرچاوەی پێشوو، ١٨٨) وەرگیراوە.




**هێلکاریی(١٧)**

بەپێی نواندنەکە وا دەردەکەوێت، کە جێکەوتەکان پەیوەست بە ئارگومێنتەکانی سینتاکس، دوو شوێنی جیاواز پڕدەکەنەوە، کە ئەوانیش لای ڕاست و لای چەپن. بڕوانە نمونەی (٣٦، ٣٧).

٣٦) ا. من نانەکەم/ ساوەکیم وارد/واردە. ب. pro trace واردØ م /واردەم. (خواردمن)
j i i j

٣٧) ا. من نانەکەی/ ساوەکیْ موەروو. ب. pro trace موەروو ش . (دەیخۆم)
j i j i

جێکەوتەی لای ڕاستی(TP) جێکەوتەی لای چەپی(TP)

نواندنەکانی سەرەوە، جێکەوتەی سینتاکسیی لای ڕاست و جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکسیی لای چەپ نیشاندەدات، توخمەکانیش ئارگومێنتی فرێزیی و ئارگومێنتی جێناون. ئاشکرایە کە نیشانەکانی ڕێککەوتن لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، وا لە دروستەکە دەکەن بیکەموکوڕیبێت، لەڕووی پاراستنی جێکەوتەو سەرەوڕیزبوونی کۆپیی کەتیگۆرییە دەربڕاوەکان. لێرەدا ئەو پرسیارە دروستدەبێت، کە ئایا دروستەی سینتاکسیی و دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی لە شێوەزارەکەدا، لە ڕووی جێکەوتەی ئارگومێنتەکان و هاونیشانەکردنەوەو پێدانی ئاڕاستەی دۆخ و پارامێتەرەوە پەیکاڵن؟ بە سەرنجدان لە نمونەی (٣٦)، کە ڕستەکە بۆ تافی ڕابردووە، ئەگەر تافی ڕابردوو بکرێتە پێوەر بۆ سەرەوڕیزبوونی کۆپیی کەتیگۆرییەکانی ناو دروستەی مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزارەکەدا، ئەوا نموونەکە ئەوە نیشاندەدات، کە هەرچەندە لەڕووی دروستەوە یەکسانن، بەڵام گۆڕانکاری لە سەرەو ڕیزبوونی کۆپی کەتیگۆرییەکەدا ڕوویداوەو هاوشێوەی دروستە سینتاکسییەکە نین، بە شێوەیەک چۆنییەتیی بەدوایەکدا هاتنی مۆرفیمە لەبریدانراوەکانی ناو دروستە مۆرفۆسینتاکسیەکە، هاوشێوەی سینتاکس لە جۆری (بکەر،بەرکار)نین، بەڵکو بۆ (بەرکار، بکەر) گۆڕاون. واتە لەگەڵ سەرەوڕیزبوونە بنەڕەتییە سینتاکسییەکەدا نین، بەڵکو پێچەوانەبوونەتەوە، بەمەش نیشانەکانی ڕێککەوتن پارێزگاری پارامێتەری ڕێککەوتن نابن، بەڵام ڕستەی (٣٧) بۆ تافی ڕانەبردوو، مۆرفیمە لەبریدانراوەکان بە هەمان شێوەی سەرەوڕیزبوونی

کەرەستەکانی سینتاکس، بە دوای فریزی تافەوە شوێنیان گرتووە، واتە سەرەتا نیشانەی بکەر، پاشان بەرکار دەبێت، بەمەش پارێزەری پارامیتەری ڕێککەوتنن، بەوەی کۆتایی فریزە تافەکە دەگرن و یاسای سەرکۆتایی پەیڕەودەکەن (بڕوانە (عەزیز،٢٠١٦، ٩٣-٩٨). پەیوەست بە تیۆری دۆخیشەوە، لەبەرئەوەی هەموو فریزێکی دیارخەریی، لە جێکەوتەی بکەر بێت، یاخود بەرکار، دۆخ وەردەگرن، بەمەش هەر کەرەستەیەک ڕێککەوتنی هەبێت، دەبێت دۆخێکی ڕێزمانیشیی پێبدرێت، بەو مەرجەی لە بەرامبەر هەر کەرەستەیەکی دۆخدەر، کەرەستەیەکی دۆخ وەرگر هەبێت، کەرەستە دۆخدەرەکان (ڕەگی کرداری ڕانەبردوو دۆخ بە بەرکاری ڕاستەوخۆ، کرداری تافدار (TP) دۆخ بە بکەری ڕستەو پێشناو دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات)، لە تافی ڕانەبردوودا دۆخی نۆمینەتیڤی و ئەکوزەتیڤیی و داتیڤیی بە کەرەستەکان دەدرێت، بەڵام لە تافی ڕابردوودا کرداری تافدار، دۆخی ئێرگەتیڤیی بە بەرکار دەبەخشێت و بکەریش دەچێتە دۆخی ئێرگەتیڤەوە، بەڵام وەک لە پاری پێشتردا گریمانەکرا، کە نیشانەی دۆخ لە شێوەزارەکەدا دەرناکەوێت، بەڵام مۆرفیمی جێندەر دەردەکەوێت، بۆیە دەبێت، لە جێی هەر ئارگومێنتکی دەرنەبڕاو لە دروستەی ڕستەدا، مۆرفیمی جێندەرەکە لە مۆرفۆسینتاکسدا جێگەی بگریتەوە.

٣٨) ا. ئازاد شیعرەکیش نویستە. (ئازاد شیعرەکەی نوسی).

↓ ↓

ش ە نویست

ب. pro trace نویستە ش

i j j i

لە(٣٨_ب)دا نیشانەی ئارگومێنتەکانی {ئازاد، شیعرکیْ}، لە پاش دەرنەبڕینیان، لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکەدا بەمۆرفیمی /_ش، _ە/ جێگەیان گیراوەتەوە، کە/_ش/ جێناوی لکاوەو پەیکاڵی بکەری<ئازاد>ە، نیشانەی جێندەرەکە /∅/ دەرنەکەوتووە، لەبەرئەوەی جێندەرەکەی نێرە. نیشانەی/_ە/یش لە جێی بەرکاری ڕستە/شیعر/کەیەو مێیە. ڕوونکردنەوەو بەڵگەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە ئارگومێنتی دەرنەبڕوای بکەر لە مۆرفۆسینتاکسدا بە جێناوی لکاوە، لە تافی ڕابردوودا، بەرکاریش بە مۆرفیمی جێندەرە، بە نیشانەی جێندەری جیاواز. بڕوانە (٣٩) و لەگەڵ(٣٨) بەراوردیبکە !

٣٩) ا. ئازاد شیعرەکیْ منویسوْ.

↓ ↓


و ش منویس

ب.pro trace منویسو ش

i j i j

لە(٣٩_ب)دا ئارگومێنتە لە بریدانراوەکانی (بکەر، بەرکار) لە مۆرفۆسینتاکسەکەدا، بریتیین لە /و/ ،/ش/، جێناوی لکاون بۆ کەسی سێیەمی تاک لە دوو دەستەی جیاواز [٤]، کە/و/ جێناوی لکاوەو جێگرەوەی ئارگومێنتی بکەرەو دۆخی نۆمینەتیڤی پێبەخشراوە لەلایەن (TP)و /ش/ لە جێی بەرکاری ڕاستەوخۆی /شیعر/ەکەیە، دۆخی ئەکوزەتیڤی هەیە و لەلایەن ڕەگی کرداری ڕانەبردووەوە پێدراوە. لە مۆرفۆسینتاکسی تافی ڕانەبردوودا، نیشانەکانی ڕێککەوتن بە جێناوی لکاوە، نەک بە مۆرفێمی جێندەری ڕێزمانیی. لە مۆرفۆسینتاکسدا نیشانەکانی ڕێککەوتن بەمۆرفێم، دەبنە جێگرەوەی ئارگومێنتەکانی ناو ڕستە، جا بە مۆرفێمی (جێناو بێت، یاخود جێندەر). بۆیە پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە، کە ئایا نیشانە واتاییەکانی مۆرفێمەکانی ڕێککەوتن و پەیکاڵی نیشانە واتاییەکانی ئارگۆمینتەکانی ناو سینتاکسن و لە نواندنە مۆرفۆسینتاکسییەکانیشدا زانیارییەکان دەگوێزرێنەوە؟ وەک لە پاری پێشتردا ئاماژەی بۆ کرا، هەریەک لە لیڤڵە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکان سیستەمێکی پڕاوپڕی جێندەرییان تێدایە. وشە فەرهەنگییەکان بە بیچم و بە ناواخن زانیاریی جێندەرییان تێدابوو، بەوەش زانیاریی و نواندنە جێندەرییەکان بۆ ناو ڕێزمان/ سینتاکس دەگوێزرێنەوە. ڕستەکان لە فرێزەکان بەرهەمهاتوون، فرێزەکانیش لە وشەکان. لەبەرئەوەی سینتاکس فرێزەکانی سەرو تەواوکەرن (X,Y)، هەروەها نواندنی جێناویی و لە مۆرفۆسینتاکسیشدا پۆلەڕەگەزی بەمۆرفێمبووە، بۆیە دەبێت زانیارییەکان پەیوەست بە جێندەر پەیکاڵ بن، بە جۆرێک زانیاریی جێندەریی سینتاکس، لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت، بەڵام زانیاریی جێندەریی مۆرفۆسینتاکس، لە سینتاکسەوە وەردەگیرێن. بڕوانە هێڵکاریی (١٨)و نموونەو ڕستەیی و مۆرفۆسینتاکسییەکانی (٤٠، ٤١).

**هێڵکاریی(١٨)**




٤٠ ) ا. ئەڎاکیْ زاڕوڵەکیش شتیْ.(دایکەکە منداڵەکانی شت). ب. شت یْ ش. (شتنی).

[٤] پینج کۆمەڵە جیناوی لکاو لە شێوەزارەکەدا جیاکراوەتەوە، کە بە پێی تاف و ڕێژەی جیاوازی کردارەکان بەکاردێن. بڕوانە(محمد،١٥،١٩٩٨)

| i | j | i | j |
|---|---|---|---|
| +کەس | +کەس | +کەس | +کەس |
| +تاک | + کۆ | +تاک | + کۆ |
| – نێر | ± نێر | ± نێر | ± نێر |

٤١) ا. <u>ئەڎاکیْ کوڕەکەش</u> شت∅.(دایکەکە کوڕەکەی شت). ب. شت <u>∅</u> <u>ش</u>. (شتی).

| i | j | i | j |
|---|---|---|---|
| +کەس | +کەس | +کەس | +کەس |
| +تاک | +تاک | +تاک | +تاک |
| –نێر | + نێر | ± نێر | +نێر |

نموونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە نیشانە واتاییەکانی (کەس، ژمارە و جێندەر)، لە ڕستەو دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا سەبارەت بە بەرکاری ڕستەکان پەیکاڵن، لەبەرئەوەی وەک پێشتر ئاماژەیپێدرا، ئارگومێنتی دەرنەبڕاو لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا بە مۆرفیمی جێندەرە، بەڵام بکەر بە جێناوی لکاوە، بۆیە ئارگومێنتی بکەر لە ڕووی جێندەرەوە پەیکاڵی دروستەی ڕستەکە نییە، بەڵام لەبەرئەوەی مۆرفۆسینتاکس زانیارییە سینتاکسیی و دروستەیی و واتاییەکان لە سینتاکسەوە وەردەگرێت، بۆیە زانیاریی ناواخنی پۆلەڕەگەزە سینتاکسییەکە دەبێتە ئاڕاستەکەری زانیاریی ناوەکییەکانی جێناوە لکاوەکانی ناو مۆرفۆسینتاکسەکە. بەوەش ئەگەر زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە[+/- نێر]بن، ئەوا لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و پاشان لە مۆرفۆسینتاکس بۆ یەکێک لەو نیشانانە نیشانەدەکرێت. هەر بەو شێوەیەی لە (١٨)دا نوێنرا، فرێزی دیارخەریی {کناچەکیْ}نواندنە سینتاکسییەکەی <کناچە>یە، هەروەها لە هەنگاوێکی تردا {ئادە} پەیوەست بە زانیارییەکانی {کناچەکیْ}ەوە بۆ جێندەر نیشانەدەکرێت، بۆیە جێناوی لکاوی { ....}، لە مۆرفۆسینتاکسدا بە فرێزو جێناوە سەربەخۆکەوە پەیوەستدەبێت. بەوەش گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە جێناوە لکاوەکانیش لە فەرهەنگدا [+/- نێر]یان هەبێت و لە جێکەوتەی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا بۆ یەکێک لەو نیشانانە نیشانەبکرێن، بشرِوانە (٤٢).

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، شێوەزارەکە هاوشێوەی زمانی ستانداردی کوردیی بکەرخراوەو ئەوەش لە ئەنجامی هەبوونی جێناوێکی لکاوی ڕێککەوتن بە هەمان نیشانەو زانیارییەوە وادەکات بکەرخراویی نەبێتە لێڵیی و کەمزانیاریی، بڕوانە (٤٢_ب). پرۆسەکە لەسەر هەمان هەنگاوو پێواژۆ بۆ خستنی بەرکار ڕێخۆشکەردەبێت ، ئەویش بە دانانی جێناوی لکاوی ڕێککەوتنی بەرکاریی بە هەمان نیشانەو زانیاریی بەرکارە خراوەکەوە/ دەرنەبڕاوەکەوە بەرهەمدێت، (بڕوانە هێڵکاریی (١٩)و نموونەکانی(٤٢ و ٤٣)).

زاڕۆڵە (ئاستی فەرهەنگیی) [± نێر]

زاڕۆڵەکە {فریز} (ئاستی سینتاکسیی) [+نێر]   ،   زاڕۆڵەکیْ {فریز} (ئاستی سینتاکسیی)[– نێر]

ئاد {فریز} (ئاستی سینتاکسیی)[+نێر]   ئادە {فریز} (ئاستی سینتاکسیی)[– نێر]

جێناوی لکاو (ئاستی مۆرفۆسینتاکسیی)[+ نێر]   جێناوی لکاو (ئاستی مۆرفۆسینتاکسیی)[– نێر]

**هێڵکاریی(١٩)**

٤٢) ا. ماموساکە شیعرەکیش بە کوڕەکەی نویستە.

∅   ە   ش   نویست

[+ نێر]   [– نێر]

ب. pro   trace   پنەش نویستە ∅

i   j   i j

[+ نێر]   [– نێر]

٤٣) ا. من شیعرەکیْ بە کناچەکیْ منویسوو.

وو   ∅   ش   منویسوو

ب. pro   trace   پنەش منویسوو ∅

i   j   j i

## ٤/٣) پێڕەوی جێندەر لە پرۆژە سیمانتیکییەکاندا:

پاش ئەوەی لە بەشی یەکەمدا پەیڕەوی سیمانتیکیی بۆ هەڵاوێرکردنی واتایی خرایەڕوو، پێواژۆی گەیشتن بە واتای ڕستە، بەپێی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی دەرخرا. ئەوە ڕوونبووەوە، کە فەرهەنگ  بۆ بونیاتنانی دروستەی قووڵ، هەگبەی پێدانی وشە و کەرەستەکانە. دروستەی قووڵ پێکهاتەی سیمانتیکی ڕستەیی و کەرەستەو توخمەکانی لەسەر بنەمای واتا، ڕیزو هەڵاوێردەکات. هەڵاوێرکردنی واتایی لە ڕستەدا،  لە کردارەکانەوە دەستپێدەکات، کردار بەپێی کۆتوبەندی واتایی، داواکراوەکانی بۆ بونیاتنانی دروستەی قووڵ داوادەکات. داواکراوەکانی توخمی فەرهەنگین و لە ناواخنیاندا نیشانەی واتایی هەن، نیشانە واتاییەکان، کە ئاکاری واتایی ناو توخمە فەرهەنگییەکان، بەشداری لە هەڵاوێرکردن و دانانی کۆتوبەندەکاندا دەکەن. وەک ئاماژەی بۆ کرا کردار هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی توخمە داواکراوەکان دەکات، بەمەش کردار بونیاتی دروستەی قووڵ دەنێت. بڕوانە ناوی کرداریی< خواردن> لە (٤٤)دا. هەڵاوێرکردنەکەی بەو جۆرەیە، کە داواکراوەکانی لە هەنگاوی یەکەمدا دەبێت[ +خۆراک] بن، پاشان جێبەجێکردنی کردەکەش دەبێت [+گیاندار] بێت.

٤٤)  داواکەر    داواکراو     داواکراو

[خواردن   [+خۆراک] , [ +گیاندار] ]

هەڵاوێرە واتاییەکەی کرداری< خواردن> لەسەر بنەمای ئەو نیشانانە، کە بۆ زۆربەی زمانەکان وەکیەکن، کە ئەوانیش نیشانەی [ +خۆراک]و [+بخۆر]ن، بەڵام دەشێت سنوری زمانێک بۆ زمانێکی تر ئەوە بگۆڕێت، کە ئایا ئارگومێنت و پۆلەڕەگەزەکانی[ +خۆراک]، لە کەلتوورو دنیابینیی کۆمەڵایەتیی نەتەوە و گەلەکە چییە؟ ئەگەر بەپێی ئەو بنەما گشتییە، دروستەی قووڵی گشت زمانەکان بۆ کردار بخرێتەڕوو، ئەوا داواکراوەکانی کردارەکە، نیشانەکانی [ +خۆراک] و [+بخۆر] دەبێت، بەڵام ڕوونکردنەوەی دروستە قووڵەکە بۆ زمانێکی دیاریکراو، دەبێت بەپێی بنەمای کەلتووری خۆراک و خواردن بێت. بەوەش ئارگومێنت و پۆلەڕەگەزەکانی[+خۆراک] دەبێت بەو جۆرەی خوارەوە بێت. بڕوانە(٤٥)

٤٥)    داواکراو   داواکراو   خواردن
[ +بخۆر]   [+خواردن]
+ گۆشت (گۆشتی ئەو ئاژەڵانەی، کە لە کەلتووری ئێمەدا دەخورێن).
+ نان
+ سێو
+ وێنجە
– ئاسن

هەریەک لە نیشـــانەکانی ئەو پــۆلەڕەگەزانەی [+خـــۆراک] ڕوون و ئاشــکران، بەڵام هەر لە ناویاندا نیشانەی [+خۆراک/ وینجە/ ئاسن] دەبێت زانیاریی پەیوەست بە بخۆرەکە جیابێت، بەوەش کردارەکە لەگەڵ داواکراوی یەکەم، زانیـاریی لەسـەر داواکراوی دووەم دەدەن. واتە هەڵبـژاردنەکە دوو لایەنە دەبێت، چونکە کردارەکە لەسەر داواکراوە بەرکارییەکە، هەڵاوێری داواکراوی بکەریی ڕووندەکەنەوە. بڕوانە هاوکێشەی (٤٦).

46) [ داواکراو [داواکراو، داواکەر]

| | |
|---|---|
| +مرۆڤ | یاپراخ |
| +ئاژەڵ | وینجە |
| +بێگیان | ئاسن |

واتـا لە زمـانی کوردیدا یەکگرتنی کرداری فەرهەنگیی و کرداری سینتاکسـیی (کە لە کرداری فەرهەنگیی + بەرکـار) دروسـتدەبێت)، هەڵاوێرکردنێکی تر بە کردارە سینتاکسییەکە پەیوەست بە بکەر دەدات (عەزیز، ٢٠٢٢، ١٠٩-١١٠)

پەیوەست بە شێوەزاری هەورامیی دەکرێت، قۆناغێکی هەڵاوێرکردنی کردارەکان دەستبکەون، وەک پێشتر باسیلێوەکرا، دروستەی قووڵی زمانی مـرۆڤ  هەڵاوێرکردنیکی گشـتی هەیە، بەڵام کە هەنگاوەکـانی بەرهەمهێنـانی دروسـتەکە بەرەو زمـانی کـوردیی نـرا، هەڵاوێرکردنەکـان بـۆ بەرەو کەلتوورو هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتیی ڕۆیشت، بۆ ئەوەش کرداری <خواردن> تاقیکرایەوە، ئەگەر بـۆ شـێوەزاری هەورامیــی زیــاتر ڕۆبچــین، ئەوە دەردەکەوێــت، کە هەڵاوێرکردنەکــان بەپێــی بیــرو ئاوەزمەندیی ئاخێوەری شێوەزارەکە دەبێت. وەک لە بەشی دووەمدا  ئاماژەپێدرا شـێوەزارەکە لە کۆی تـوخمە فەرهەنگییەکانیدا نیشـانەی[+/- نێر]ی هەیە، بەمەش جگەلە نیشـانە گشـتییەکانی هەر توخمێک، ئەو نیشانە جێندەرییە بۆ شێوەزارەکە حەتمیە!

هەبوونی زانیـاریی و نیشـانەی جێندەر لە فەرهەنگی شـێوەزارەکەدا، هاوکـات، هەڵاوێرکردنـی پۆلەڕەگەزو ئارگومێنتەکان لە دروستەی قووڵدا بەشێک دەبن لە دروسـتەکە. وەک ئامـاژەی بـۆکرا پێواژۆکە لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، بە شێوەیەک هەم کردارو هەم داواکراوەکانیش فەرهەنگین، بەڵام لەبەرئەوەی کـردار دروسـتەکە بەرهەدێنێت، بـۆیە کـردار جڵەوی واتـایی دەگرێـت و دەبێت سیمانتیکی کردارەکان بکرێتە پێوەر. شێوەزارەکە لە فەرهەنگەوە ئەو کردارانەی لە فۆڕمەکەیانەوە هەڵاوێرکردنی جێندەریی پەیوەست بە زایەندەوە تیدا دەردەکەوێت، بۆیە بە نیشانەی [+ نێر] یان[- نێـر]ەوە، لە دروسـتەی قووڵـدا هەڵاوێرێکـی ڕوون و ئاشـکرا دەکـات. کردارەکـانی (شـوکەردەی: شــــوکردن، ژەنئـــاوردەی: ژنهێنـــان) لەو کـــردارانەن، کە لە ئەزەلەوە زانیـــاریی دەربـــارەی ئەو پۆلەڕەگەزە دەدەن، کەلە ئاستە قووڵەکەدا هەڵیدەبژێرن، بڕوانە نموونەی (٤٧)

٤٧)     [[+ نێر] ژەنئاوردەی]

[[- نێر] شوکەردەی]

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو شێوەیەی لەبەشی دووەمدا پێشبینیکرا، لەبەرئەوەی ناواخنی گشتیی پۆلەڕەگەزێک [+/- نێر]ی هەیە، ئەگەر لە بیچمی فەرهەنگیشدا دەرنەکەوێت، لە ڕێزماندا (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا) ڕووندەبێتەوە/ نیشاندەکرێت. بۆیە دەبێت کۆدەکراوەکانی ناو فەرهەنگ لە شێوەزارەکەدا زانیاریی تایبەت بە جێندەریان تیدابێت، بەوەش کردارەکانی< واردەی: خواردن، ناردەی: ناردن، بەردەی: بردن، لوای: ڕۆشتن، کیڵای: کیڵان،...> لەگەڵ کردارەکانی وەک<شوکەردەی و ژەنئاوەردەی> جیاوازییان نابێت. ئەویش لەبەرئەوەی لە هەڵاوێرکردنیاندا بە نیشانەکانی  [+/- نێر]ەوە پۆلەڕەگەزەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام دەبێت ئەوە بگوترێت، کە هەندێک کردار، لە فۆڕمەکەیانەوە پێشبینیی پۆلەڕەگەزەکەیان دەکرێت، بەڵام هەندێک کردار لە دروستەی قووڵدا نیشانەدەکرێن و لە سینتاکدا نیشانەکردنەکە بەرجەستەدەبێت، بەڵام وەک ئاماژەپێیدرا، کردارە نیشانەنەکراوەکان هاوشێوەی  پۆلەڕەگەزە نیشانەکراوەکان، هەرخۆیان بۆ جێندەر/ زایەند لە فەرهەنگەوە یەکلاکراونەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر بڕوانرێتە کردارێکی لە جۆری< لوای: چوون> ئەوە دەردەکەوێت، کە جێندەری پۆلەڕەگەزە داواکراوەکە  نیشانەنەکراوە. بۆیە دروستە قووڵەکەی لە فەرهەنگەوە بۆ نواندنە واتاییەکەی، بەوجۆرەی خوارەوە دەبێت. بڕوانە (٤٨)

٤٨) ا.  [ [± نێر] لوای]

ب.  [ [+ نێر] لوای]
↓
کوڕ

پ.  [ [– نێر] لوای]
↓
کناچیْ

نواندنەکەی سەرەوە ئەوە دەردەبڕێت، کردارە نیشانەنەکراوەکانیش هەڵاوێری جێندەریان هەیە، کە دەشێت لە نێوان زایەندو نیشانەکانی [+/- نێر]دا بن، بەمەش سیمانتیکی گشتیی کردارە نیشانەنەکراوەکان بەمجۆرە دەبێت. بەڵگەو نموونە بۆ کردارێکی تێپەڕو کردارێکی تێنەپەر دەبێت. تاقیکردنەوەکان بۆ کرداری <مەردەی: مردن> و<کیاستەی: ناردن>ە. کرداری <مەردەی> لە شێوەزارەکەدا بۆ نیشانەی [+ مرۆڤ] نیشانەکراوە، بەڵام نیشانەکراوی بۆ یەکێک لە نیشانەکانی [+/- نێر] تێدا ڕەنگی نەداوەتەوە، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، نیشانەی [+ مرۆڤ]، وەک نیشانەیەکی پێش فەرهەنگیی، لەلایەن پۆلەڕەگەزەکانی(<کوڕ>، <کناچە>، <پیا>،<ژەن>، <لالو: خاڵۆ>، < مامو>، <مەتیە: پور>، ...هتد) نیشانەکراون، کەجگە لە نیشانەکراویی خزمایەتیی،

نیشانەی [+/- نێر] دەنوێنرێن، بەمەش لە <مردن>دا بۆ نیشانەی [+ مرۆڤ] نیشانەکراوە، بۆیە دروستەی قووڵی کردارەکە بەمجۆرەی لای خوارەوە دەبێت:

٤٩) [ [ + مرۆڤ] [ مەردەی] ]

بەڵام وەک ئاماژەپێدرا، پۆلەڕەگەز دارڕشتن بۆ نیشانەی [+مرۆڤ]، لە فەرهەنگدا بۆ هەموو ئەو ئارگومێنتانەیە، کە نیشانەی[ +مرۆڤ]یان تێدا دوبارەدەبێتەوە.

٥٠) [ +مرۆڤ] [ +مەردەی]
+ کوڕ
+کناچە
+پیاو
+مەتیە
+لالو
+مامۆ

وەک لە نواندنەکەدا دیارە، هەریەک لە پۆلەڕەگەز دارڕشتنەکە پەیوەست بە [+مرۆڤ]و پەیوەست بە هەڵاوێرکردنی <مەردەی>یەوە گونجاوە، ڕکێفی کردارەکە تەنها پەیوەستە، بە ئەو بەهاو نرخە کۆمەڵایەتییانەی، کە <مەردەی> دەیدات بە پۆلەڕەگەزەکە، نەک جیاکاریی جێندەریی، بۆیە پۆلەڕەگەزەکانی< کوڕ، کناچە، پیا، لالو،...> لەبەر هەبوونی نیشانەی [+مرۆڤ]، بەڵام لەبەرئەوەی گریمانەکان بەوجۆرە بوون، کە نیشانەکانی ناو توخمەکان بەپێی [+/- نێر] هەڵگیران، بۆیە دەبێت دروستەی قووڵی شێوەزارەکە پەیوەست بە نیشانەکانەوە پڕبکرێتەوە، لەبەرئەوەی باکگراوندی دروستەی قووڵ، فەرهەنگەکە دەبێت، دەبێت تێکردەکان بۆ ناو ئەو دروستەیە بەپێی ئەو نیشانە واتاییانە بن، کە بەشێکی زگماکیی و فەرهەنگیی کردارەکانە، بەوپێیەی کرداری <مەردەی> نیشانە سەرەکییەکانی هەڵاوێرکردنی [+مرۆڤ] دەبن، پاشان نیشانەکانی [+نێر/مێ] دەبێت، کە نیشانەیەکی زایەندیی دەبن، بەوپێیەی مەزەندەی ئەوە کرا، کە شێوەزارەکە بنەچەی زایەندیی /بایەلۆژیی و جۆرەکانی جێندەر، جا گەر ڕێزمانیی بێت، یان کۆمەڵایەتیی، لە دابەشکردنی کەرەستەکانییدا هەیە، بۆیە لەوەوە پێشبینیی ئەوە کرا، کە لە فەرهەنگەوە نیشانەکانی [+/-نێر] هەبن. واتە لێرەوە پێشنیازی سەرەکیی و ناسەرەکیی کرا، بە جۆرێک بۆ <مەردەی> نیشانەی سەرەکیی [ +مرۆڤ] بوو، بەڵام نیشانەی ناسەرەکیی [+/- نێر] دەبێت. بۆچوونەکانی کرداری<واردەی: خواردن>یش هەمان شت بەدەستەوەدەدەن، کردارەکە دوو داواکراوی دەبێت، نیشانەکانی داواکراوی دووەم لە کردارەکەوە نزیکترن، ئەویش بەوپێیە پەیوەندی لەگەڵ

پۆلەڕەگەزە هاوسێکەیدا بەهێزترە، وەک ئاماژەیپۆکرا، نیشانەی [+خۆراک] لە نیشانەکانی ئەو پۆلەڕەگەزەیە، کە کردارەکە ڕاستەوخۆ هەڵیدەبژێرێت. بەمەش نیشانەی سەرەکیی کردارەکە [ +خۆراک] دەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە هەموو پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکاندا نیشانەی جێندەر هەیە، لە هەر هەڵبژاردنێکدا پەیوەست بە واتاوە، هەڵاوێرکردنێکی جێندەریی هەیە، بۆچوونەکە بۆ هەڵبژاردنی یەکەم ئارگومێنت/ پۆلەڕەگەزو دووەم پۆلەڕەگەز، سەبارەت بەوەی لە پێشتردا بۆ کردارەکە ڕوونکرایەوە، نواندنەکەی بەوجۆرەی خوارەوە دەبێت:

٥١) [ داواکراو+ [ داواکراو+ [ کردار]
+بخۆر +خۆراک خواردن

پەیوەندیی هەرەمی لە نێوان [خۆراک+[خواردن] ]دا وادەکات لە ڕووی واتایی و تەنانەت سینتاکسییشەوە، ئەو کردارە نوێیەی (کردار+ تەواوکەر) دەبێت هەڵاوێرکەرێکی تری سیمانتیکیی و دروستەیی و سینتاکسییش. بڕوانە( ٣/ ٣_١)، کە دروستەکان وانیشاندران، کە کردار لەگەڵ تەواوکەردا فرێزی کرداریی و کردارە تافدارەکەش (TP)یان بەرهەمهێنا، کە ئەویش هەڵاوێری بکەری دەکردو دۆخی بکەریی پێدەدا.

ڕوانگە سینتاکسییەکە لە دروستەی ڕووکەشدایە، کە زانیاریی لەسەر پەیوەندییەکان دەربارەی سیستەمی دوو پەلکیی لە نێوان (X,Y)ەکاندا دەدات. ئەگەرچی دروستەی قووڵ دروستەیەکی واتاییە، بەڵام هەمان ئارگومێنت و ئارگومێنتداواکەر لە پەیوەندییە سینتاکسییەکاندا پەیوەست بە توخم و ئەرکی سینتاکسیی ڕەنگدەداتەوە، بۆیە دۆخ پەیوەستە بە دروستەی ڕووکەش و لەسەر بنەمای پەیوەندیی سینتاکسییە، بەڵام توخمەکە بۆ دەربڕینی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکانە، بۆیە لە قووڵدا بەپێی ناواخنی توخمەکان مامەڵە لەگەڵ بونیاتی دروستەکە دەکرێت. لەو ڕوانگەوە وەک پێشتر خرایەڕوو، کردارێک سیمانتیکەکەی لەگەڵ پۆلەڕەگەزێکی هاوسێیدا دەبێت، بە ڕووکەش کردارێکی گەورەتر هەڵاوێری ئەو پۆلەڕەگەزە دەکات، کە دواتر دەبێتە بکەر، بڕوانە نواندنی (٥٢). بۆ سەلماندنی ئەوە، کە کرداری< ئاردەی: هێنان> تاقیبکرێتەوە، ئەوا دەگەین بەوەی، کە لە خوارەوە دەنوێنرێت. کردارەکە وەک کردارێکیی تێپەر، دوو داواکاریی دەبێت، بەڵام لە یەکگرتنی پۆلەڕەگەزی یەکەم لەگەڵ کردارەکە، هەڵاوێرکردنی جێندەریشی دەگۆڕێت.

٥٢) [ هێنەر [ +شتی بەرجەستە[ ئاردەی] ] ]
↓ ↓
+ زیندوو +/- زیندوو

کورِ      کتێب
کناچیْ      پەرداخە

کردارە فەرهەنگییەکە لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا، ئەگەری هێنانی ئارگومێنتی دووەم بە نیشانەی جیاواز دەرەخسێنێت، لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیری کرداری <ئاردەی>، لەگەڵ ئارگومێنت/ پۆلەڕەگەزەکە داواکراوەکەیدا بکەین، ئەوا نیشانەی زایەندیی و جێندەریی پۆلەڕەگەزەکە دەردەخات. بڕوانە (٥٣).

٥٣) ا. [+ نێر] [ ژەنەکیْ [ئاردەی] ]
–نێر
ب. [+/– نێر] [ کوڕەکە [ئاردەی] ]
+نێر
پ. [+/– نێر] [ کتێبەکیْ [ئاردەی] ]
+/– نێر


کەواتە هەڵاوێرکردنی کردارەکە، بەپێی یەکگرتنی کردار/ پۆلەڕەگەزەکەو کرداری دووەم+ پۆلەڕەگەزی دووەم دەگۆڕێت. بەمجۆرەی خوارەوە:

٥٤) . [پۆلەڕەگەز [ پۆلەڕەگەز [کردار] ]
کردار

لەو ڕوانگەیەوە، کە دروستەی قووڵ پەیوەستە بە واتاو ئەو واتایەی لە فەرهەنگەوە، لە ناواخنی کەرەستەکاندا هەڵگیراون، هەر بەو شێوەیەی لە بەشی دووەمدا ئاماژەی بۆ کرا، مۆرفۆلۆژییش، وەک بەرهەمهێنەری واتای نوێ دەبێت لە ڕەخساندنی واتا بۆ فەرهەنگ و پاشان بۆ دروستەی قووڵ بەشداربێت، بەڵام لەبەرئەوەی مۆرفۆلۆژیی شێوەزارەکە، دروستەی تاکوتەرای بۆ جێندەر بە گشتیی و زایەندیی بە تایبەتی بەرهەمهێنا، بۆیە دەبێت وەک لە پاری (دووەمدا) ئاماژەی بۆ کرا، گۆڕینی نیشانەی جێندەریی بە تایبەتی جێندەری ڕێزمانیی، بەشداری لە بەرهەمهێنانی واتای دروستەی قووڵدا بکات، بڕوانە هێڵکاریی و نواندنی خوارەوە، هەروەها لەبەرئەوەی دروستەی قووڵ دیوە واتاییەکەی بەرهەمهێنانی ڕستەیە، بۆیە دەبێت پێشبینیی ڕەنگدانەوەی لە دروستەی ڕووکەشدا هەبێت. وەک لە پارەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، سینتاکسی شێوەزاری هەورامیی، لە هەردوو ئاستی فرێزو ڕستەشدا نواندنی جێندەریی هەن. ئەگەرچیی لە ناو دروستەی فرێزەکاندا جێندەرو نیشانەکانی جیاکراونەتەوەو سنووری جێندەری

فرێزەکان سەربەخۆبوون، بەڵام لە پرۆژەی سەرووتردا، پەیوەست بە کردارو فرێزی تافەوە، کۆی فرێزەکەش جێندەری ناو سنووری ڕستە بوون. بڕوانە هێڵکاریی (٢٠):

**هێڵکاریی(٢٠)**




٥٥) {کناچەکی} { ساوەکیْ} {وارد}

٥٦) [[کناچەکی] [[ساوەکیش وارد]ە] ]

### ٤/٣ _١) دروستەی ئارگومێنت و هەڵاوێرکردنی جێندەریی:

لە بەشی یەکەمدا تیۆریی بەرهەمهێنان بۆ دروستەی ئارگومێنت بە گشتی خرایەڕوو، لەم پارەدا زانیاریی واتایی ناو پریدیکاتەکان بۆ هەڵاوێرکردنی جێندەریی، تاقیدەکرێتەوە، ئەویش بەوپێیەی پریدیکاتەکان جگەلە ویستی سینتاکسیی، زانیاریی واتاییش پەیوەست بە ئارگومێنتەکانیان کۆتوبەنددەکەن. بەوپێیەش کە پریدیکاتەکان زانیاریی داواکەرن و کردارو ئاوەڵناوو ناوەکان دەگرنەوە(بڕوانە(مەعرووف،٢٠٢٠، ١٣٨)، کە زانیارییەکانیش لەسەر بنەماو پێوەری کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن لەلایەن پریدیکاتەکانەوە ڕێکدەخرێن و ئارگومێنتەکانیش لە دەروازەی زانیارییەکەیاندا، زانیاریی لەسەر پەیوەندیی بە پریدیکاتەوە تۆمارکراوە. کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن لەسەر دوو بنەما کاردەکات :(ا) پریدیکاتەکە کام زانیارییە داوادەکات؟ (ب) ئارگومێنتەکە پەیوەست بە پریدیکاتەکەوە، کام نیشانەی واتایی فەرهەنگیی هەیە؟ بۆ نموونە،

هەریەک لە ناوی پیشەکانی< شەنیەر، ئاسنگەر، فیتەر، نانەوا، چایچی، دارتاش،...> پریدیکاتێکن، ئارگومێنتەکانیان بە نیشانەی[+ نێر]وە وەردەگرن نەک [- نێر]. بڕوانە(٥٧)، هەروەها دەبنە پریدیکاتۆرو لەگەڵ کرداری ناتەواودا پریدیکات دروستدەکەن. تا کردارە ناتەواوەکە بتوانێت هەڵبژاردنی سیمانتیکیی بکات. بڕوانە نمونەکانی (٥٨). هەریەک لە پریدیکات و پریدیکاتۆر لە دوو مەودای جیادا پێشنیازی واتایی ئارگومێنتەکان دەکەن. ناوی پیشە لەگەڵ کرداری ناتەواودا پریدیکات دروستدەکات و لەڕێیەوە زانیاریی زایەندیی ئارگومێنتەکە نیشانەدەکرێت. بڕوانە (٥٩).

٥٧) ئاد/پیا ( ئاسنگەر، فیتەر، نانەوا، چایچی، دارتاش)
↓
[+نێر]

٥٨) ا. ئاد ......بی، ئاد ........ەنە.

ب. ئاد شەنیەر بی. ، ئاد زەڕەنگەر ەنە.
↓ ↓
پریدیکاتۆر.... پریدیکاتۆر.....
↓ ↓
پریدیکات پریدیکات

لە(٥٨_ا)دا کردارەکانی <بی: بوو، ەنە: ە> ناتوانن زانیاریی واتایی لەسەر ئارگومێنتی<ئاد> بدەن و کۆتوبەندیبکەن، بەڵام لە(٥٨_ب)دا بەهۆی پریدیکاتۆرەکانی< شەنیەر و زەڕەنگەر>ەوە، پریدیکاتەکان دەتوانن زانیاریی داوابکەن. ئاوەڵناوەکان پریدیکاتن و زانیاریی و کۆتوبەندە واتاییەکان پەیوەست بە زایەندەوە، دەدەنە ئارگومێنتەکەیان. ئارگومێنتی ئاوەڵناوەکان لە ڕەگەزی ناون، بۆیە پێشبینیدەکرێت، ئاوەڵناوێک هەبێت، ناوێک بە نیشانەی [+/- نێر] کۆتوبەندبکات. بۆ نموونە ئاوەڵناوی< زەریفڵێ، خانومانە، عەیارە، لەمەپەڕە: دووگیان،...> پریدیکاتەکانیان پەیوەست بە زایەندەوە، ئارگومێنتی [- نێر] لە دروستەی فرێزو بەشەکرداردا هەڵدەبژێرن. لە دروستەی فرێزدا بڕوانە (٥٩)و بۆ بەشەکرداریش بڕوانە (٦٠).

٥٩) کناچیٚ زەریفڵە، ژەنیٚ لەمەپەڕە، کناچیٚ عەیارە، ....

٦٠) ئادە خانومانەنە، ئادە زەریفەنە، ئادە عەیارەنە، ....

لە نموونەکانی (٥٩)دا ئاوەڵناوەکە پریدیکاتێکە، کە لە ڕووی واتای زایەندەوە، تەنها ئارگومێنتە[- نێر]ەکان هەڵدەبژێرێت، ئەوەش وادەکات بەبێ ئارگومێنتەکەش دەرببڕێن، ئەوەش لە نمونەکانی (٦٠)دا ڕوونبووەتەوە، کە پریدیکاتۆرن و لەگەڵ کردارە ناتەواوەکەدا زانیارییان لەسەر نیشانەی [- نێر]ی ئارگومێنتی<ئادە> هەیە. ئەوەش وادەکات بتوانرێت بەبێ کەمکردنەوەی

زانیاریی ئارگومێنتەکە بکرێتە (pro)، واتە زانیاریی واتایی لە پریدیکاتەوە وەردەگیرێت. بڕوانە (٦١) ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جێناوی<ئادە>ی سینتاکسیی لە(٦١)دا، بۆ زایەند نیشانەکراوە، لە (٦٢)دا نیشانەکانی<ئاد>ی فەرهەنگیی و سینتاکسیی دەخرێنەڕوو.

٦١) ا. pro خانومانە.

ب. pro عەیارەنە.

[–نێر]

٦٢)

| ئاد ( فەرهەنگیی) | ئادە (سینتاکسیی) |
| --- | --- |
| +کەس | +کەس |
| +ژمارە | +ژمارە |
| ±نێر | – نێر |

جێناوەکە <ئادە> بۆ ئەو ئاوەڵناوانەی نیشانەی زایەندی[– نێر]ە، بەڵام ئەگەر ئاوەڵناوەکە نیشانەی [+نێر] بوو، ئەوا فۆڕمی جێناوەکە بۆ < ئاد> دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئاوەڵناوەکانی < سەرسەری، شەقاوە،...> کە ئارگومێنتەکەیان بە نیشانەی[+نێر] هەڵدەبژێرن. بڕوانە (٦٣). ئەوەی خراپەڕوو، بۆ جێناوی کەسی سێیەمی تاک بوو، بەڵام وەک لە بەشی دووەمدا ئاماژەیپێدرا، جێناوەکان بۆ کەسی یەکەم و دووەمی تاک فۆڕمیان بۆ جێندەر ناگۆڕێت، تەنها نیشانەی واتاییان دەگۆڕدرێت. ئەوەش لەلایەن زانیارییە واتاییەکانی ئاوەڵناوەکەوە کۆتوبەنددەکرێت.

٦٣) ا. ئاد سەرسەریەنە.
ب. pro سەرسەریەنە.
[+نێر]

کردارەکانیش پریدیکاتن و جگەلە زانیاریی سینتاکسیی، زانیاریی واتاییشیان تێدایەو زانیارییەکان بەشێکن لە ناواخنی فەرهەنگییان. لێرەدا پەیوەست بە زایەندەوە ئەو واتایانە لێکدەدرێنەوە، کە لە فۆڕمی کردارەکەوە واتاکەی پێ کۆتوبەندکراوە. فۆڕمی بەلێکسیمبووی کردارەکە پەیوەست بە زایەندی ئارگومینتەکەیەوە زانیارییدەدات. بۆ نموونە کردارەکانی<زاوڵەبیەی: منداڵبوون، شوتدای: شیردان، گزیدای: گسکدان، شوکەردەی:شوکردن، ناوای: سواقدان، .....> لەو کردارانەن هەر لە فەرهەنگەوە، کە ئارگومێنتەکانیان بە نیشانەی [–نێر]ەوە داوادەکەن. هەروەها کردارەکانی< ژەنئاوردەی، کاسبیکەردەی، وەزتەکنای: گوێزتەکاندن،

پلیکنـای: بە پێـوە میزکـردن...> ئارگومێنتەکانیـان بە نیشـانەی [+نێـر]ەوە هەڵدەبژێرن. بڕوانە (٦٤ و٦٥).

٦٤) ا. تو زارۆڵەتبیەن.    (تۆ منداڵتبووە).
ب. pro زارۆڵەتبیەن.
[– نێر]
٦٥) ا. تو ژەنتئاوردەن.      ( تو ژنتهێناوە).
ب. pro ژەنتئاوردەن.
[+نێر]

هەریەک لەو نیشانەکردنانەی سەرەوە باسیان لێوەکرا، نیشانەکردنەکان لە خودی پریدیکات و پریدیکاتۆرەکاندا بوون. وەک ئەوەی لە فۆرمی فەرهەنگیی ناوو ئاوەڵناوو کردارەکاندا خرانەڕوو. هەریەکەیان ئارگومێنتەکانیان لە سینتاکسدا بۆ یەکێک لە نیشانەکانی [+/–نێر] نیشانەکرد، واتە لە گشتەوە بۆ تایبەتێتیی زایەندییان بردن، وەک ئەوەی لە جێناوەکاندا جێبەجێبوو.

## ٤/٣_٢) جێندەری کۆمەڵایەتیی

هەرچەنـــدە واتـــای کـــۆمەڵایەتیی لە دەرەوەی ڕێزمـــانە، بەڵام بەشـــێکی زانیـــارییە کۆمەڵایەتییەکان، دەچنە توخمە فەرهەنگییەکانەوە. واتە سەرەڕای ئەوەی توخمە فەرهەنگییەکان/(X)ەکان، زانیاریی زمانییان سەبارەت بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و واتایی تێدایە، واتـا کۆمەڵایەتییەکـانیش خۆیـان دەخزێننەنـاو ئەو توخمـانەوە. زانیـارییە کۆمەڵایەتییەکـانی نـاو توخمەکان، پەیوەست بە گروپی کۆمەڵایەتییەوە دەگۆڕێن، بەڵام گشتێتیی کۆمەڵایەتیی، کە لە ناو تۆڕی کۆمەڵایەتیی هەموواندایە، هاوبەشـن و هەمـووان جێبەجێیاندەکەین. جێندەری کۆمەڵایەتیی، بەشێکە لە زانیاریی کۆمەڵایەتیی گشت ئاخێوەرانی شێوەزاری هەورامیی، مۆدێلێکە بۆ دەرخستنی ئاوەزمەندیی کۆمەڵایەتیی ئاخێوەران. وەک ئاماژەپێدرا، جێندەری کۆمەڵایەتیی پەیوەستە بە ئەرک و مانا کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ و کۆمەڵگایەک، بە جۆرێک جیاکارییەکە تەنها سەنگی مەحەکی ئەو ئەرک و مافانە دیاریدەکات. ئەنجامی کارەکانی پێشتر بۆ جێندەر لە چێوەی زایەندو ڕێزماندا، بە خشکەیی ئەوەمان دەرخست، کە شێوەزارەکە سیستەمی دووپەلکیی جێبەجێدەکات، بەوەش هەر لە فەرهەنگەوە تـا ڕێزمـان، توخمەکـان بـۆ نیشـانەی [+/– نێـر] دەنـوێنرێن. بەوەش لە فەرهەنـگ و ڕێزمانەکەیدا هیچ توخمێکی بێلایەن، یـان دوولایەن نـادۆزرێتەوە، بەوەش دابەشکردنە زایەندیی و ڕێزمـانییەکە تونـدوتۆڵ بـوو، دارشـتنێکی سیسـتماتیکی هەبـوو، بەڵام پێشـبینییەکان بـۆ جێنـدەری کۆمەڵایەتیی، ئەوە بە دەستەوەدەدەن، کە بیرو بۆچوون و ئاوەزمەنـدیی ئـاخێوەری شـێوەزارەکە، پەیوەسـت بە دابەشـکردنی جێنـدەری کـۆمەڵایەتیی جیـاواز بێـت و جیاکارییەکـان پەیوەسـت بە

فەرهەنگ و ڕێزمانیشـەوە، بـۆ ئەو ئاوەزمەنـدییە کۆمەڵایەتییـانە بگەڕێتەوە، کە ئاخێوەرەکـانی بـۆ مـــرۆڤ و شـــتەکانی دەوروبەری هەیـــانە. واتە ڕاســـتە فەرهەنـــگ توخمەکـــانی بە نیشـــانەکانی [+/- نێـر]ەوە هەڵگرتـووە، لە ڕێزمانـدا ئەو نیشـانانە بـۆ نوانـدنی مۆرفۆلـۆژیی و سینتاکسـییش حوکمدەکەن، بەڵام خودی ئەوانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە حوکمی خۆیان دەبێت، چونکە پێگەی شتەکان بۆ جیاکاریی کۆمەڵایەتیی گرنگن و جیاکاریی کۆمەڵایەتیش زیاتر جێندەری کۆمەڵایەتیی زەقدەکاتەوە.

هەرچەندە سەرتاپای توخمەکانی شێوەزارەکە بە سیستەمە دووپەلکییەکەو وەک لە نموونەکانیشـدا دەردەکەوێت، شێوەزارەکە بەپێی ئەرک و ماف، ئەو نێرو مێیە هەڵدەبژێرێت، بەجۆرێک بنەچەی جێندەرە کۆمەڵایەتییەکە، لەلایەن ئەو تەرزە فەرهەنگیی و ڕێزمانییەوە جڵەودەگیرێت. بە جۆرێک لە زایەندەوە بۆ جێندەری ڕێزمانیی پاشـان جێندەری کۆمەڵایەتیی دەڕوات. بـۆ نمـوونە: <کنـاچە> جیاکـاریی زایەنـدیی، بەپێی فـۆڕمەکەی دیـاریکراوە، ئەوەش جـڵەوی ڕێزمـان دەگرێت، لە فرێـزی دیارخەرییدا لەلایەن دیارخەرەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی فرێزەکە هەڵاوێردەکرێت. هەروەک ئاماژەی بـۆ کـرا لە هەنگـاوی دووەمـدا دەبێـتە نـاوێکی تـایبەت، بـۆ نمـوونە < نەسـرین> دەبێـتە هەڵگـری زانیـارییە فەرهەنگیـی و ڕێزمـاییەکە. لە ڕوانـگەی کۆمەڵایەتییشـەوە، بەو جـۆرە لێکـدەدرێتەوە، کە ناونـانەکە لەسـەر بنەمـای دابەشـکردنی جێنـدەرییانەی ناونانەکـانە، بـۆ نێـرو مـێ. واتە لە نـاوی <نەسرین>دا جگەلە ڕێزمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ ناونانی، [- نێر] هەیە، بڕوانە (٦٦).

نەسرینە نانش وارد.

٦٦) کناچە ⟵ کناچەکیْ ⟵ نەسرین

ناوی گوڵ و ناسکی جێندەرەکەی دیاریکردووە.

بە هەمان شێوەش بۆ ناوی <کوڕ> بڕوانە(٦٧).

باڵامبۆ نانش وارد.

٦٧) کوڕ ⟵ کوڕەکە ⟵ باڵامبۆ

کێوو بەرزی جێندەرەکەی دیاریکردووە.

بەمەش جیاکـاریی جێنـدەری فەرهەنگیـی و ڕێزمـانیی و کـۆمەڵایەتیی نـاوە تایبەتییەکـان دەردەکەون و زایەندەکە ڕۆڵی لە دەرکردەکەدا ڕەنگدەداتەوە. بڕوانە نمونەکانی (٦٨ و ٦٩).

٦٨) میهرەبانە/ دڵسۆزە/ گوڵباخە ئاما. (میهرەبان هات.)

٦٩) شامراد/ قارەمان/ سەردار ئاما. ( شامراد هات.)

پەیوەست بە جیاکاریی ناونانی تایبەتی و خواستنی ناوی شوێنە بەرزەکان و ئەو ناوانەی، کە واتاو چەمکی [ هێز، توانا، دەسەڵات، شکۆ، گەورەیی، ئازایەتی، مەردایەتی، جوامێری، زبری، هیواو ئومێد، زۆرداری، پێشەوایەتی، سەرکردایەتی، پاڵەوانێتی و ... هتد] بۆ ناوی نێرو ئەو ناوانەی واتاو چەمکی[جوانی، شۆخ و شەنگی، نازداری، نەرم و نیانی، ناسکی، بەسۆزی و ئەوین، میهرەبانی، بۆنخۆشی، لارولەنجە، ساف و سۆڵی، دڵبەری و...هتد] بۆ ناوی مێ ئەوە دەگەیەنێت، کە شێوەزارەکە پەیوەست بە جێندەری کۆمەڵایەتیی و ئاستی کۆمەڵایەتیی، جیاکاریی جێندەریش دەکات. بەوەش جێندەرە کۆمەڵایەتییەکەش بە سیستەمی دووپەلکیی دابەشدەبن. تێکشکاندنی ئەو جیاکارییە، هەنگاوەکانی کەمبوونەوەی جیاکارییەکە دەرەخسێنێت. بڕوانە(٧٠)

٧٠) كناچیْ ← كناچەكیْ ← كەش: شاخ ← كەشە نانش وارد.

لە(٧٠)دا <کەش: شاخ> ناوێکی نێرەو چەمک و واتای بەرزی دەگەیەنێت، بەڵام بەهۆی تیکشکانی جیاکاریی جێندەرییەوە، بە هەمان سیفات بۆ ناونانی مێ بەکاردێت، بەهەمان شێوە ناوەکانی< بەرزی، ئاوات، ئارەزوو، باڵا و....هتد> لە شێوەزارەکەدا نێرن، بەڵام لە ئێستادا بۆ ناونانی نێرو مێ بەکاردێن.

وەک لە پاری پێشوودا ئاماژەی بۆ کرا، سیمانتیکی بەرهەمهێنان، پەیوەندیی زانیاریی فەرهەنگیی بۆ هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتەکان لەلایەن پریدیکاتەکانەوە دەبێت. ڕاستە پریدیکاتەکان پەیوەست بە کۆتوبەندە واتاییەکانەوە مامەڵە لەگەڵ ئارگومێنتەکاندا دەکەن، بەڵام ئەگەری تێکشکاندنی ئەو کۆتوبەندانە پێشبینیلێکراوە. هەروەها وەک ئاماژەپێدرا، لە ڕیزبەندی نیشانەکانی هەڵاوێرکردنی ئارگومێنتێکدا، نیشانەی [+/- نێر] لە شێوەزارەکەدا شتێکی حەتمییە، چونکە وەک سەلمێنرا، هەموو توخمێک یان هەر ئارگومێنتێکی فەرهەنگیی دەبێت، لە ناواخنەکەیدا، یان لە بیچمەکەیدا ئەو نیشانە جێندەریانە هەبن. بۆیە ڕاستە دەبێت کۆتوبەندی سیمانتیکیی پەیوەست بە جێندەرەوە حەتمی بێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانرێت، کە هەبوونی نیشانەی [+/- نێر] لە هەڵاوێرکردنەکاندا، واتا گەر وا بڕیاربێت هەڵاوێرکردنی پەیوەست بە جێندەرەوە [+ نێر]، یان [- نێر] بێت، ئەوا ئەوە سەلمێنەری جیاکاریی جێندەریی کۆمەڵایەتیشە. بەپێچەوانەشەوە گەر پریدیکاتێک، لە هەڵاوێرکردنەکە بۆ نیشانەکانی[+/- نێر]یش بێت، ئەوا یەکسانیی جێندەری کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات. ئەگەرچیی بەربەستەکانی بەردەم ئەو پریدیکاتانەی، بەپێی فۆڕم بۆ نێرو مێ داڕێژراون، زۆرن و پێشبینیی لێکراونین، چونکە گەر بڕوانرێتە <ژەنئاوردەی> و <شوکەردەی>، ئەوا هەر لە فۆڕمەکەوە، هەڵاوێرکردنەکە بۆ [+نێر]و [- نێر] ڕەنگدەداتەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا فۆڕمی <marriage> بەرامبەر بە< هاوسەرگیری> لە کرمانجی ناوەڕاستدا،


فۆڕمێکی گشتییەو جێی فۆڕمەکانی< ژنهێنان> و <شوکردن>ی گرتووەتەوە و هەڵاوێرکردنەکەی[± نێر]ە. واتە لە فۆڕمەکەوە پێشبینیی نێرو مێیەکەی ناکرێت، پێویستە لە ڕستەدا ئاماژەدەرەکەی دەستنیشانبکرێت، بەڵام دەشێت بۆ کرداری <مەردەی> وەکچۆن پێشبینی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکەکەی بۆ[+/- مرۆڤ] گۆڕاوە، هەر لەو کردارەوە پێشبینییەکان بۆ گۆڕین و فراوانبوونی هەڵاوێرکردنەکان لە ئارادایە بڕوانە (محەمەد، ٢٠١٦،٧٠)، ڕاستە< مەردەی> ئاست و پلەی جێندەری مرۆڤ نیشانە دەکات، بەڵام لە نموونەیەکی وەک < توتەکە مەرد: سەگەکە مرد> ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە جێندەری< توتە: سەگ> وەک ئارگومێنتێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکەی گۆڕابێت. واتە هەڵاوێرکردنی<توتە> لەلایەن< مەردەی>ەوە، ئەوەی گرنگە زایەندو جێندەرە ڕێزمانییەکەی نییە، بەڵکو[+ جێندەر بەرز]یەو ئەویش بەوپێیەی جێندەرەکەی، لە گیانکێشاندا هاوتای مرۆڤ بووەتەوە. لەبەرئەوەی لە شێوەزارەکەدا، مۆرفۆلۆژیی شکانەوە و ئەگریمێنتی، سیستەمێکی چالاکە، بۆیە نیشانەکردنی ئارگومێنتەکان، بەسە بۆ گۆڕانکاریی جێندەریی کۆمەڵایەتی، واتا لەبەرئەوەی جێندەری ڕێزمانیی لە ناو خودی ڕێزماندا جێبەجێدەکرێت و هەموو جێندەرێکی ڕێزمانیی نیشانەکراوە، بۆ نیشانەکردنە کۆمەڵایەتییەکەش تەواوکەر دەبێت. بڕوانە< فیتەر>، < ماموسا>، < شەنیەر>، کە ئەگەرچیی هەریەک لەوانە هەر لە توخمەکەوە نیشانەی جێندەری ڕێزمانیی و هەڵاوێرکردنی واتایی پێشبینی لێدەکرێت. بۆ نمونە< فیتەر> و< شەنیەر> هەڵاوێری[+ نێر] دەکەن، بۆیە ئارگومێنتەکان پێشبینی لێکراوە و هەر لەوەوە، واتا لەچەپەوە پێشبینی و نیشانەکردنەکە، بۆ ئارگومێنتە هەڵاوێرکراوەکان دەبێت. هەروەها پێشبینیدەکرێت، لە کۆمەڵگای پێشتری کوردیدا <مامۆستا>ش تەنها بۆ هەڵاوێرکردنی [+نێر] بوبێت، زەمەن و کاڵبوونەوەی جیاوازییە جێندەرییەکانی ئەو پیشەیە وایکردووە، کە پریدیکاتەکە بۆ هەڵاوێری ئارگومێنتی [+/- نێر] بێت بەپێچەوانەی زمانی ئینگلیزیی، کە لە پێشتردا <ماموسا> تەنها هەڵاوێری[- نێر]ی کردووە، بۆیە پەیوەست بە <ماموسا>وە، لە ئێستای شێوەزارەکەدا، نەک هەر لە چەپەوە، بەڵکو لەلای ڕاستیشەوە جێندەرەکەی ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام بۆ <فیتەر> و<شەنیەر> تا ئێستاش لێکدانەوەکە، لەلای چەپەوە ئەنجامدەدرێت و پێشبینییەکەی وەک <ماموسا>ی لێنەهاتووە، بەڵام گریمانە گۆڕانکارییەکان بۆ شێوەزارەکە لەبارە، ئەویش وەک گوترا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نیشانەکردنی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی هەیە، بڕوانە نواندنی(٢١) نموونەکانی(٧١، ٧٢). پێوەری جێندەری کۆمەڵایەتیی، پێوەرێکی جێگیر نییەو پێشبینیی گۆڕانی دەکرێت. بەپێی پێشکەوتن و گۆڕانی دنیابینی وادەکات، پریدیکاتەکان ئارگومێنتەکانیان بە[+/- نێر] ەوە هەڵبژێرن، بڕوانە نموونەی پێشبینیلێکراو لە (٧٣). هەموو نموونەکانی پەیوەست بە ڕێژەی بەشداریکردنی ئابووریانەی مێینە لە کۆمەڵدا، کە دەکرێت بکرێتە سەرەتای پتەوبوونی پێگەی مێینە لە کۆمەڵ و کایەکانی تری کۆمەڵدا. بۆ نموونە پێشکەوتنی

مێینە لە پێگە سیاسیی و کارگێڕییەکاندا، وادەکات پێشبینیی ئەوە بکرێت پریدیکاتەکانی< وەزیر، پەرلەمانتار، سەرۆککۆمار، میر، ئاغا، ...> ببنە فۆرمێکی نیشانەنەکراو، ئەویش بەوپێیەی ئارگومێنتەکانی نیشانەکانی [+/- نێر] هەڵبژێرن.

٢١ ) ا. [+نێر] فیتەر
ب. [+/- نێر] ماموسا

<u>لای ڕاستەوە</u>

٧١) ا. ئاد ماموسان. ( ئەو مامۆستایە) [+ نێر]
ب. ئادە ماموسێنە. ( ئەو مامۆستایە) [- نێر]
٧٢) ئاد شەنیەرا. ( ئەو گوێزتەکێنە)

٧٣) ژەنە



هەروەها پەیوەست بە ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە، پریدیکاتەکان جیاوازیی لە جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا کەمدەکەنەوە، کردارەکانی< چاشتکەردەی: چێشتلێنان، گزیدای: گسکدان، جلشتەی: جلشتن،....> پەیوەست بە زایەندەوە، کۆمەڵ بۆ [- نێر] بڕیاری لێدابوون، بەڵام لە ئێستادا، لەلایەکەوە بەهۆی تەکنەلۆژیاو هەروەها لەلایەکی ترەوە بەهۆی گۆڕانی جۆری کۆمەڵایەتییەوە، کردارەکان پێشبینیی هەڵبژاردنی ئارگومێنتی [+/- نێر]یان لێدەکرێت، بۆیە لە ڕووی جۆری کۆمەڵایەتییشەوە، ئەرکی بەڕێکردنی ژیان بە مرۆڤ دراوە، نەک نێرو مێ، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەگەزی (مێ)ش، ئەرکی دارایی ماڵی کەوتووەتەدەست و لەوەدا لەگەڵ نێردا ئەرکەکان جێبەجێدەکات، بۆیە لە مافدا لە پیاوان نزیکبووەتەوە. واتە گەشەی کۆمەڵایەتیی، نیشانەکانی جێندەر کەمدەکاتەوە و لەسەر بنەمای ئەرک و ماف، پریدیکاتەکان واتاکانیان بە

ئارگومێنتەکان دەدەن، بەوەش هەر کۆمەڵگایەک پریدیکاتەکانی ئازادانە بە نیشانەی [+/- نێر]ەوە ئارگومێنت هەڵبژێرێت، ئەوا جیاوازییە جێندەرییەکان کەمدەبنەوە. تاقیکردنەوەکان بۆ جیاکاریی جێندەری کۆمەڵایەتیی، ئەگەرچیی بە فەرهەنگ و هەڵاوێرکردنەکانەوە پەیوەستە، بەڵام دەکرێت لە زۆر ڕووی ترەوە، نەرمونیانیی شێوەزارەکەو لەباریی فەرهەنگ و ڕێزمانەکەی ئەوە دەربڕێت، کە شێوەزارەکە بەرەو جێندەری مرۆڤبوون بڕوات، جێندەری مرۆڤبوون پەیوەستە بەو ئەرک و مافانەی هی مرۆڤن و بۆ مرۆڤن، ئەوەش کرانەوەی کۆمەڵگای هەورامیی دەگەیەنێت.

لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵ و هۆشیارییەکی زیاترەوە، جیاوازییەکی وردو هەندێکجاریش ئەوەندە ورد نییە، لە هەڵبژاردنی وشەسازیدا دەکرێت، کە بۆ وەسفکردنی ژن و پیاو بەکاردەهێنرێت، بۆیە تا دەتوانرێت وشەی بێلایەن بەکاردەهێنرێت، وەک لە وەسفکردنی پیشەکاندا لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆ نموونە <chairperson: سەرۆک>، <letter carrie: هەڵگری نامە> ، < salesclerk : کارمەندی فرۆشتن> و <actor: ئەکتەرو...> <ئەو ئەکتەرە : She's an actor>، کە بۆ هەریەک لەو وشانە دوو ناوی جیا بە دوو جێندەری جیاواز هەن، بەڵام لەبەرئەوەی زمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی لە گۆڕاندایە، سیفەت و ناوەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، چونکە هەندێک ناو بۆ جێندەری مێ، وەک کەمی و سوکایەتییەک بە پیشەو بە ڕەگەزی مێینە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالارییدا بەکارهاتوون، نەک تەنها لە ناونانی تایبەتیدا، بەڵکو ناوی پیشەو ناونانی شتەکان بەجۆرێک بوون، کە وەک تەنز و توانج بۆ مێینە بەکارهاتوون. هەر بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییدا <پۆستی پەرستاریی: nursing positions و وانەوتنەوە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا primary : school teaching >، لە پێشتردا تەنها بە مێ دراوە، بەڵام ئەمەش بە گۆڕانی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پیاوانیش ئەو کارانە دەکەن. لە ڕۆمای کۆندا کۆیلەکان جێندەری جیاوازیان بۆ دانراوە، هەرچەندە داننراوە بەوەدا، کە کۆیلەکان سەر بە ڕەگەزی مرۆڤن، بەڵام ناوێکی بێلایەن <mancipium: خزمەتکار>یان بۆ بەکارهێناون، هەروەها زاراوەی دیکە کە بە شێوەیەکی باو بۆ ئاماژەدان بە شتی نازیندوو بۆ نموونە زاراوەی < instrumentum : ئامێر>یان بۆ کۆیلەکان بەکارهێناوە، بڕوانە (Mäder,Moura,2019,22). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە چۆن پێگە لەسەر پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، کارلێک لەگەڵ پێگە لە پێوەرەکانی مرۆڤایەتیدا دەکات. لە نێوان پۆلی ژن و پیاودا پلەبەندییەک هەیە، کە پیاوان لە بەرزترین جەمسەری پێوەرەکەی مرۆڤایەتیدایە. ئەم یەکتربڕینەی نێوان پیاوسالاری و مرۆڤایەتی، ڕەنگە لە هەندێک حاڵەتدا لە جێندەری ڕێزمانییدا ئاوێتە ببێت. هەروەک ئاماژەپێدرا چاوەڕواندەکرێت ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بە شێوەیەکی حەتمی کۆمەڵگا بەرەو یەکسانیی جێندەری کۆمەڵایەتیی هەنگاو بنێت. هەرچەندە لە کۆمەڵگەی هەورامییدا، جیاوازیی جێندەرە

کۆمەڵایەتییەکە بۆ کەمکردنەوە و بێدەسەڵاتیی مێینە نییە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە هارمۆنییەو هەنگاو بە هەنگاوەو لەسەر شێوەزارەکە ماڵ نییە، بەڵکو سەرەداوێکن بۆ ئەو گۆڕانە جێندەرییانە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەرک و مافەکان و پێگەی شتومەکەکانی، کە لە ناو زماندا ئارگومێنت و توخمیان بۆ دانراوە. هەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە، زۆربەی شتە نازیندووەکان، بەسەر جێندەری ڕێزمانیی جیاوازدا پۆلێنکراون، هەروەک زۆربەی ئەو زمانانەی، کە جێندەری ڕێزمانیی شتە نازیندووەکانیان جیاکردووەتەوە، بۆ نموونە< تاش: بەردی گەورە: تاوێر> جێندەرە ڕێزمانییەکەی نێرە، بەڵام< تەوەنی: بەردی بچوک> مێیە ،< کەش: شاخ> نێرەو< دەشتە: دەشت> مێ، <باخ> نێرو <باخچە> مێیە، بەڵام هەندێک ناونانی شتومەکەکان، بێ هیچ بنەمایەکی زایەندیی، کۆمەڵایەتیی، تەنها ڕێزمانیانە جێندەرەکەیان جیاکراوەتەوە، بۆ نموونە < مەکی: خوێ، قەبرە: گۆڕ، کولەکیْ، لووتە: لوت، چەنی، دەرزی، هەڕە: قوڕ، ... >، جێندەرە ڕیزمانییەکەیان مێیە، بەڵام <دەم، شوتی، پەنجە، سەوە: سەبەتە، هانە: کانی، ... > نێرن. هەریەک لەم ناوانە، بێبنەمای کۆمەڵایەتیی، بۆجێندەر نیشانەکراون، بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سیفەتێک، یاخود هۆیەکی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی، هەروەک لە پارەکانی پێشتردا باسکرا، تەنها بنەمایەکی ڕێزمانیی ئارەزوومەندانەیان هەیە.

سەرەڕای ئەو پێوەرانەی سەرەوە، کە پەیوەست بوون بە نیشانەکردنی جێندەری کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت پێوەرەکان بۆ ئەو نیشانەکردنە لەوان زیاتر بن، ئەویش لەبەرئەوەی جێندەری کۆمەڵایەتیی، ڕوانگەی زۆرەو ڕۆچووەتە ناو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، لەو چوارچێوەدا بەڵگەکان پەیوەست، بە سنوری ئەم پارە دەهێنرێتەوە، ئەگەرچیی خستنەتەکیەک (Coordinate) ئاکارێکی سینتاکسیی_فرێز بەرهەمهێنانە و لە ڕووی دروستەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئەو فرێزانەی دەخرێنەتەکیەک، دەبێت سەر بە هەمان پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی بن، واتە دەکرێت یاساکەی بەم شێوەیە بێت( $X^{-}$ و $X^{-}$ )(مەعرووف،٢٠١٠، ١١٠)،(سەعید، ٢٠١٩، ٩٣-٩٨)، بەڵام ڕیزبوونی پۆلەڕەگەزەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، جێگای تێڕامانێکی ترە، چونکە ئەگەرچیی دروستەی فرێزەکە، دەکرێت لەژێر باری سایکۆلۆژیی تاکدا ئازادانە دابڕێژرێت، بەڵام هەندێک فۆڕمی دابەشبوونی ئەو فرێزانە، لە تەکخستندا گشتین و دەچنە چوارچێوەی بیرکردنەوە و ئاوەزمەندییە گشتییەکەوە، بۆیە پەیوەست بە ستراتیژی نامەکەوە، کار لەسەر ئەوە دەکرێت، دەربڕینە گشتێتییەکەی ئەو فرێزانە بۆ چۆنیەتیی ڕیزبوونی فرێزەکان، لە فرێزی تەکخستندا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەوەک دەربڕینی تاکلایەنانە. بۆ نموونە < دەمو چەم: دەموچاو، واڵەو براڵە: خوشک و برا، ...>

گەر لەو ڕوانگەیەوە تەماشای سیستەمی جێندەریی شێوەزارەکە بکەین و بە بیرۆکەکانی پێشترماندا بچینەوە، ئەوە دەبێت تاقیکردنەوەکەمان لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان و پاشان جێندەری کۆمەڵایەتیی بێت، بۆ نموونە: گەر پۆلەڕەگەزی<دەم> لە فەرهەنگەوە بۆ مۆرفۆلۆژیی و پاشان سینتاکسیی و جێندەری کۆمەڵایەتیی تاقیبکەینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چ لە فەرهەنگ و چ لە ڕێزمان و چ لە جێندەری کۆمەڵایەتییدا، بە کۆی سیستەمەکە لە مۆدێلی ڕێزمانی شێوەزاری هەورامییدا هەمان پێگەو پلەوپایەیان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی (٢١).

دەم ←——— فەرهەنگیی

[± نێر]

دەمەکە∅ ———→ فریز/ شکانەوە

من <u>دەمم</u> شت <u>∅</u>. ———→ سینتاکس/ ڕێککەوتن

i i

<u>دەمو</u> چەم * چەم و دەم

↓

گرنگی ودیاریکردنی جێندەری کۆمەڵایەتیی بەهۆی جێکەوتەوە، جێندەرەکەی دەستنیشانکراوە، نەک مۆرفێم و ڕێککەوتن.

## هێڵكاریی(٢١)

لەو ڕوانگەیەوە، بڕوانە نموونەکانی< واڵەو براڵە، ژەنوپیا، ئەداو تاتە، ویەوەو زەما: بوک و زاوا، ...>، نموونەکان نواندنێکی باوو ڕۆشتوە بە پێی سایکۆلۆژیی گشتی داڕێژراون و بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕن، کە لەو جۆرە دروستانەدا، لە ڕووی زایەندەوە، کەتیگۆرییە مێیەکە لە پێشەوە هاتووە، پاشان نێرەکە، ئەوەش دەروازە بۆ ڕیزبوونی جێندەریی دەکاتەوە، پاشان چالاکی کەتیگۆرییە مێیەکان لە نموونەکاندا، تێیدا بەپێی ڕیزبوونی کەتیگۆرییە تەکخراوەکان، پەی بە کەتیگۆرییە گرنگ و چالاکەکە دەبرێت. بڕوانە (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٥٩).

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

**نامەکە بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:**

١. لە شێوەزاری هەورامییدا، سیستەمی جێندەریی لە نێوان قۆناغی پێش_فەرهەنگیی و فەرهەنگیی و ڕێزمانییدا پێڕەوێکی تەواوکاریی و بێکەمکوڕیی هەیە.

٢. لە پێکهاتەی فەرهەنگەکەیدا دارشتنی پۆلەڕەگەزەکان و ئارگومێنتەکان بۆ زایەندن، لەوەشەوە لە ڕێزمان_بەتایبەتیی مۆرفۆلۆژییدا ئەگەرچیی جێندەر نواندنی ڕێزمانیی هەیە، بەڵام پەیکاڵی نیشانەی [+/- نێر]ن، ئەویش بەوپێیەی لە شکانەوەی مۆرفۆلۆژییانەی پۆلەڕەگەزەکاندا هەمان مۆرفێمی جێندەریی وەردەگرن، ئەوەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە جێندەر و ڕەهەندەکانی، بنەمایەکی زایەندییان هەیە.

٣. داتاو نموونەکان ئەوە بەدەستەوەدەدەن، کە لەسەر بنەمای فۆڕمدارشتنی فەرهەنگیی(lexical argumentation)، لە فەرهەنگدا پۆلەڕەگەزەکان بۆ زایەندن، شێوەزارەکە لەمۆرفۆلۆژیی دروستکردندا پۆلەڕەگەزی دەگمەن تاکوتەرای بۆ زایەند هەیە، ئەگەرچیی پێواژۆکانی هەڵگواستن و لێکدان زایەندی پۆلەڕەگەزەکان ناگۆڕن، بەڵام ناواخنی جێندەرییان بۆ[+/- نێر]دەگۆڕن، بەڵام مۆرفۆلۆژیی شکانەوە بۆ جێندەری ڕێزمانیی چالاک و بەبەرهەمترە، بەوەش سیستەمی ڕێزمانیی شێوەزارەکە ئازادانەو بەهێزترە لە فۆڕمدارشتنەکەی.

٤. سینتاکس لە مۆدێلی ڕێزمانیدا وەک پێکهاتەیەکی پاش_مۆرفۆلۆژیی، تەواوکەری پێڕەوی جێندەرە، بەجۆرێک لە کەرەستەکانیدا ( فریز و ڕستەدا) بە دوو تەرزی جیاواز نواندنەکانی جێندەری تێیاندا بەرجەستەدەبێت: (ا) فریزەکان لە ڕێی سەرە ڕێزمانییەکانەوە پێڕەوێکی ناوخۆیی جێندەرییان هەیە، (ب) کە دەشهێنرێنە ڕستەوە لە ڕێککەوتنە ستنتاکسییەکەی نێوان بەشی کرداریی/ (TP)دا، جێندەر دەچێتە ناو دروستەی ڕستەوە.

٥. مۆرفێمی جێندەریی لە ڕستەدا بەشێکی پێڕەوی ئێرگەتیڤیی شێوەزارەکەیە، بەجۆرێک نیشانەکردنی جێندەریی لە پێڕەوە ئەرگەتیڤییەکەدا زاڵە، نەک نیشانەی دۆخی ئێرگەتیڤیی، ئەویش لەبەرئەوەی لە ڕێککەوتنی ئێرگەتیڤیی (TP+NP)دا نیشانەکردنەکە بۆ جێندەری ڕێزمانییە، نەک دۆخ.

٦. بەپێی شیکردنەوەی داتاو نموونەکان ئەوە سەلمێنرا، کە لە هەڵاوێرکردنی جێندەریی کردارەکان بۆ ئارگومێنتەکانیان لە دروستەی قووڵدا، نیشانە واتاییەکان دەبێت، واتە ئارگومێنتەکانیان لە دروستەی قووڵدا بە نیشانەی [+/- نێر]ەوە هەڵدەبژێرێن، بە جۆرێک لەبەرئەوەی هەڵاوێرکراوەکان هەر لە فەرهەنگەوە ئەو نیشانانە لە ناواخنیاندایە، بۆیە

هەڵاوێرکەرەکە، کە کردارەکانن، هەر لە دروستە قووڵەکەدا بەو نیشانانەوە ئارگومێنتەکان هەڵدەبژێرن.

٧. جێندەر لە شێوەزارەکەدا سیستەمی دووپەلکیی جێبەجێدەکات، ڕاستە بنەماکەی لە زایەندەوە دەستپێدەکات و مۆدێلەکە جێندەری ڕێزمانیی پڕاوپڕو بێکەموکوڕیی دەکات. سەرەڕای ئەوە، کە پەیوەستە بە مۆدێلی ڕێزمانیی شێوەزارەکەوە، جێندەری کۆمەڵایەتیی پێشبینییەکانی بۆ زایەندو جێندەری ڕێزمانیی دەگۆڕێت، ئەوەش لەبەرئەوەی ئەرک و ماف و دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی و ئاوەزمەندیی، گۆڕانی بەسەردا دێت، بە جۆرێک پریدیکاتەکان توخمە هەڵاوێرەکانی لە [+ نێر]ەوە بۆ [− نێر] و بەپێچەوانەشەوە دەگۆڕێت. ئەوەش سەرەتای جێخۆشکردن دەبێت بۆ کەمبوونەوەو کاڵبوونەوەی جیاوازیی جێندەریی لە شێوەزارەکەدا. بۆ ئەوەش لەبەرئەوەی شێوەزارەکە بە شکانەوە پێڕەوی نیشانەکردنی جێندەریی هەیە، زیاتر جێ بۆ نەمانی ئەو جیاوازییانە خۆش دەبێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**بەزمانی کوردیی:**

**ا- کتێب:**


١. ئەحمەد، بیستون (٢٠١٢). کۆمەڵەوشە وپێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا. چاپی یەکەم. بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی. سلێمانی.

٢. ئەمین، وریا(٢٠٠٤). چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. بەرگی یەکەم. چاپی یەکەم. بڵاوکراوەی ئاراس. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

٣. بێدار، جمال(٢٠٠٧). لەبابەت ڕێزمانی هۆرامییەوە. چاپی یەکەم. چاپخانەی پەیڤ

٤. بێدار، جمال(٢٠١٢). لە بابەت ڕیزمانی هۆرامیەوە(نیشانەی نێرو مێ لە زاری هەورامییدا). چاپی یەکەم.

٥. بێدار، جەمال(٢٠٢٢). نیشانەی نێرومێ لە شێوەزاری هۆرامیدا. بەرگی چوارەم. چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی

٦. پژوە، فاطمە(٢٠٢٠). خۆشناو،شێروان. ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا: کرمانجی(بادینی)، سۆرانی، هەورامی . چاپی یەکەم. ناوەندی ڕۆشنبیری ئاودێر. هەولێر.

٧. حسەین، ئازاد(٢٠٠٩). سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا. مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، چاپخانەی یاد، (ب.ش).

٨. حوسێن، شیلان(٢٠١١). پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی کارۆ. سلێمانی.

٩. دزەیی، عەبدولواحید (٢٠١٥). وشەسازی زمانی کوردی. چاپی سێیەم. چاپخانەی ئاودێر. هەولێر.

١٠. سدیق، فاروق(٢٠١١). لەدایکبوونی وشە. چاپی یەکەم. چاپخانەی شڤان. سلێمانی

١١. فەتاح، محەمەد و قادر، سەباح(٢٠٠٦). چەند لایەنیکی مۆرفۆلۆجیی کوردی. بەشی ڕووناکبیری. چاپخانەی ڕوون. سلێمانی.

١٢. قادر، سەباح (٢٠٠٩). هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB)لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

١٣. مەحویی، محەمەد (٢٠٠١). ڕستەسازی کوردیی. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

١٤. مەحویی، محەمەد (٢٠١٠). مۆرفۆلۆژی وبەیەکداچوونی پێکهاتەکان. بەرگی یەکهەم. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

١٥. مەحویی، محەمەد و عومەر، نەرمین (٢٠٠٤). مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی. لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنانەی سلێمانیی نوێ(٣٢). چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
١٦. محەمەد، حاتەم (٢٠٠٩). پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان. چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی. چاپخانەی خانی. دهۆک.
١٧. مەعرووف، عەبدولجەبار (٢٠١٠). دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا. مەڵبەندی کوردۆلۆجی. سلێمانی.
١٨. مەعرووف، عەبدولجەبار (٢٠٢٠). لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی سارا. سلێمانی
١٩. نۆردنستام، کریستین، (٢٠٠٩). عەلی،زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە. چاپی یەکەم. مەڵبەندی کوردۆلۆجی. چاپخانەی ڕەنج. سلێمانی

ب- **نامەی زانکۆیی(بڵاونەکراوە):**

٢٠. ئەحمەد، تریفە (٢٠١٣). پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی. نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٢١. ئیبراهیم، بەشدار (٢٠١٤). واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. سکوڵی زمان. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی
٢٢. حمەغەریب، بەهرە (٢٠١٥). شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا. نامەی ماستەر. سکوڵی زمان. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٢٣. حەمەد، شێروان (٢٠٠٤). توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا. نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.سلێمانی.
٢٤. ڕەمەزان، هێمن (٢٠١٥). پرۆسەو یاساکانی وشەدروستکردن لە زمانی کوردیدا(بەشەدیالێکتی سلێمانی). نامەی ماجیستێر. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی
٢٥. سەعید، سازان (٢٠١٩). نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٢٦. ڕەشید، طە (٢٠١٥). ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا. نامەی ماجیستێر. سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٢٧. عەبدولڕەحیم ،عثمان (٢٠١٤). وشەی زمانی کوردی وڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی. نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٢٨. عەزیز ، ئاریان (٢٠٢٠). ناوی کرداری ،کرداری شکاوەو کرداری ئاڵۆز. نامەی دکتۆرا.کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.سلێمانی

٢٩. عەبدوللا، مهاباد (٢٠١٠). چەند کردەیەکی سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامیدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلیمانی.
٣٠. عەزیز، سالم (٢٠١٦). کرداری دارێژراو لە شێوەزاری هەورامییدا. نامەی ماجیستێر. سکوڵی زمان/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٣١. عەزیز، برهان (٢٠٢٢). واتاو نواندنی واتایی لە شێوەزاری گەرمیاندا .نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٣٢. عەلی، پێشڕەو(٢٠١٥). یاسامۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە دارشتەی مۆرفۆسینتاکسدا. نامەی ماجیستێر. سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٣٣. مەعروف، عەبولجەبار (٢٠٠٥). دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا. نانمەی ماجێستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی، سلێمانی
٣٤. فەتاح، شنە (٢٠٠٦). ئاوەڵناو وەک کەرەستەی فەرهەنگی و سینتاکسی لە شێوەزاری هەورامییدا. نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٣٥. قادر، شێرکۆ (٢٠٠٢). مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا. نامەی ماجیستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلیمانی.
٣٦. قادر، ئاوات (٢٠١٥). ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٣٧. قادر، ئەبوبەکر (٢٠٠٣). بەراوردیکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٣٨. محمد، شهرەزاد (٢٠١٦). ڕێککەوتن لە دروستە سینتاکسییەکانی شێوەزاری هەورامییدا. نامەی ماجیستێر. کۆلێجی پەروەردە. زانکۆری گەرمیان. کەلار.
٣٩. محەمەد، حاتەم (٢٠٠٠). فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا. نامەی ماجێستێر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.
٤٠. محەمەد، شادان (٢٠١٦).پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا. نامەی ماجیستێر. سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٤١. محەمەد، فەرەیدوون (١٩٩٨). چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٤٢. محەمەد، بژوێن (٢٠١٦). نواندنی فەرهەنگی لە زمانی کوردییدا. نامەی ماستەر. سکوڵی زمان. زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

## پ- گۆڤار:


٤٣. ئەحمەد، تریفە (٢٠١٥). زانیاری پراگماتیکی لە کرداردا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. بەشی(B)٤٦.

٤٤. ئەحمەد، تریفە، سەعید، سازان (٢٠١٥). مۆرفیمی هەڵگواستن پەیوەست بە پراگماتیکەوە. گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، (٨).

٤٥. فەتاح، محەمەد (١٩٨٩). کار پۆلێنکردن بە پێی ڕۆنان. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. (١٢١).

٤٦. محمد، فەرەیدوون، قادر، ابوبکر (٢٠١٠). کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروودا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی(B)١٢٣،٢٧-١٤٩.

٤٧. مەعرووف، عەبدولجەبار و قادر، کاروان (٢٠١١). کاریگەری فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا. گۆڤاری الأستاذ. جامعة بغداد. العدد (١٨٦).

٤٨. مەعرووف، عەبدولجەبار و سەعید، سازان(٢٠١٩). پرۆژەی مۆرفۆسینتاکسی لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان.(٢٣)٣، ١٧٩-١٩٨.

٤٩. عەلی، بەکر و مەعرووف، عەبدولجەبار(٢٠١١) سنووری کێڵگەی واتایی لە وشەی بێگانەو ڕەنگدا. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣١) ٢٩-٤٢.


## ح- چاوپێکەوتن:


٥٠. ئاریان سدیق عزیز. ( دکتۆرا لە زمانی کوردییدا). ٢٠٢٢/٥/١٤. کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور.

٥١. زوبێر عەلی عارف. (ماستەر لە زمانی کوردییدا). ٢٠٢٢/٧/١٧. هەڵەبجەی شەهید.


## بە زمانی عەرەبیی:


٥٢. R،Taufiqurrochman(2009). دراسة معجمية نشأتها ونضرياتها ومدارسها Ittijâh.1(2),173-188

٥٣. عزوز، احمد(٢٠٠٢). أصول تراثية فی نظرية الحقول الدلالية. من منشورات اتحاد الكتاب العرب. دمشق.


## بە زمانی فارسی:

٥٤. بختیـــاری، بهـــروز و همکـــاران(٢٠٢٠). جـــنس دســـتوری در هورامی.دوماهنـــامه علمی،پژوهشی،٥(٣٥)،٢٠٩-٢٣٢.

## بەزمانی ئینگلیزی:

55. Ademi, V.&Ademi,L .(2017) Lexicon theory and speech synthesis, Faculty of Philology, Tetovo University – Tetovo, Republic of Macedonia .
56. Al-Najjar, M.(2014). A Contrastive Study on the Syntactic Structure of Standard English and Standard Arabic Determiner Phrase, College of Languages (JCL), Department of Russian Language, (28)149–158.
57. Arndt-Lappe, S.& Athers.(2018). Expanding the Lexicon, Walter de Gruyter GmbH, Berlin/Boston, CPI books GmbH, Leck, Germany,V0L 5.
58. Ayres, E.(2012). INFLUENCES ON GENDER AGREEMENT IN ADJECTIVES AMONG ADULT LEARNERS OF SPANISH", ATHENS, GEORGIA, University of Mary Washington.
59. Bahan,B. & Kegl,G. & MacLaughlin,D. & Neidle, C. (1995). Convergent Evidence for the Structure of Determiner Phrases in American Sign Language, Indiana University Linguistics Club, Bloomington, Indiana(2),1-12.
60. Baker,M.(2004). LEXICAL CATEGORIES.(Verbs, Nouns, and Adjectives), Cambridige Uneversirty Press.
61. Brown,K & Miller,J.(2013). The Cambridge Dictionary of Linguistics, Cambridge University Press, New York
62. Brugmann, k.(1897).The Nature and Origin of the noun Genders in the Indo-European Languages, New York.
63. Cook.V.& Newson. M.(2007).Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publshing
64. Corbett, G.(1991). Gender, Cambridge University press.
65. Corbett, G.(2014). The Expression of Gender, Walter de Gruyter GmbH, Berlin.
66. dirk,G.& hanne, C.( 2010). The Oxford Handbook of *Cognitive* Linguistics, oxford;oxford university press.
67. Greenberg, J.(1963). Some Universals of Grammer with Particuler refrence to the Order of Meaningful Elements, Universals of Language.cambridge: MIT Press.

68. Hellinger, H& Bußmann, H.(2001). Gender Across Languages, John Benjamins Publishing Company ,Amsterdam/Philadelphia
69. Heycock,C .& Zamparelli,R .(2004). Friends and colleagues Plurality, coordination, and the structure of DP, School of Philosophy, Psychology and Language Sciences, THE UNIVERSTY of EDINBURGH.
70. Hockett, Ch. (1958). A course in modern linguistics, New York: Macmillan.
71. Ide Wheeler, B.(1899). The Origin of Grammatical Gender, : The Journal of Germanic Philology, 2(4), 528-545.
72. Kraaikamp,M. & te Naarden,G.( 2017). Semantic versus lexical gender- Synchronic and diachronic variationin Germanic gender agreement, aan de Universiteit van Amsterdam.
73. Mäder, G & Moura, H.(2019). GRAMMATICAL GENDER AND SOCIAL RELATIONS. ReVEL, edição especial, v. 17, ( 16) www.revel.inf.br
74. Müller, S.(2006). Grammatical theory: From transformational grammar to constraint-based approaches, (Textbooks in Language Sciences 1). Berlin: Language Science Press.
75. Nazari Bagha, K.(2011). Generative Semantics. Islamic Azad University,Astara Branch, Department of English, Astara, Iran. English Language Teaching (4) 3.
76. Pustejovsky,G.&Batiukova,O.(2019). Lexicon in Linguistic Theory, LSA Linguistics Institute, University Autonomous University of Madrid
77. Sato, S.& Athanasopoulos,P.(2018). "Grammatical gender affects gender perception: Evidence for the structural-feedback hypothesis, Department of Linguistics and English Language, Lancaster University. Bailrigg, Lancaster.
78. Shoham, A.(2019). "Grammatical Gender Marking: The Gender Roles Mirror". Temple University, USA,19(4),16-19
79. Speed, L.& Majid, A.(2019). Linguistic features of fragrances: The role of grammatical gender and gender association, Attention, Perception, & Psychophysics, 81:2063–2077, doi:org/10.3758/s13414-019-0172
80. Srđan Popova, B , & Gabriele Micelic, D ,& Ćurčić-Blakee,B & Roelien Bastiaanseb,F.(2020. The role of semantics and repair processes in article-noun gender disagreement in Italian: An ERP study. Brain and Language.206(104787)
81. Stringer, D.(2019). Lexical Semantics Relativity and Transfer. Indiana University, USA. Chapter (7).180-203
82. Zhao-zi, J & Chang-zhong, SH.(2006). Markedness in Universal Grammar and Second Language Acquisition . US-China Education Review, 3(8), (Serial No.21).

پێگەی ئەلیکترۆنی:

83. Lexicon - Glottopedia
84. https://www.researchgate.net_Lexicon_theory_and_speech_synthesis
85. https://wittyquestion.com/what-is-a-lexical-marker
86. https://annabaa.org/nbanews/62/279.htm
87. https://alghad.com/%D8%A7%A98
88. https://alantologia.com/page/14515/
89. https://psychcentral.com/health/sex-vs-gender
90. https://www.italianpod101.com/blog/2020/05/17/guide-to-italian-grammatical-gender)/
91. https://www.amazon.com/Cambridge-Dictionary-Linguistics-Keith-Brown/dp/052176-6753
92. https://www.simplypsychology.org/gender-biology.htm
93. https://www.languagehumanities.org/what-is-grammatical-gender.htm
94. https://en.wikipedia.org/wiki/Grammatical_gender
95. https://www.medicalnewstoday.com/articles/232363
96. https://www.thoughtco.com/what-is-an-inflectional-morpheme-
97. https://www.grin.com/document/177586
98. https://storylearning.com/learn/german/german-tips/german-articles
99. https://englishbasics.net/do-all-languages-have-articles GM .LHKN
100. https://eslgrammar.org/determiner/
101. https://parentingpatch.com/determiner-phrase-head-english-grammar/
102. Ergative–absolutive alignment - Wikipedia
103. Review: [Untitled] on JSTOR

# المستخلص

هذه الرسالة بعنوان (الجندر في المعجم وقواعد اللهجة الهورامي). إنها محاولة لعرض وتحليل نموذج التمثيل الجندري في لهجة الهورامي. تم استخدام الجندر، ككنية للأبعاد الجنسية والنحوية والاجتماعية. يتم اتخاذ الخطوات ضمن حدود الجندر والأبعاد النحوية ويبدأ عمل الرسالة بالمعجم، حيث يحتوي المعجم على خلفية المعلومات اللغوية وغير اللغوية في مواده الأولية والعناصر أحادية اللغة. يظهر لنا تحديد محتوى هذه المفردات المعجمية، المرتبطة بالجندر الأبعاد التي تم تمييز الأشكال بها حسب الجندر من المعجم، بحيث يمكن إعادة فحص عملية تمثيل الجندر في نحوية االمفردات المعجمية، خاصة في الصرف والنحو و الهيكل الدلالي.

يحتوي الجزء الأول من الرسالة على جميع النظريات الضرورية المتعلقة بالمعجم, كمصدر للمعرفة ويقدم آراء حول مصطلحات (الجندر والجنس)، والتي تم استخدام جميعه، كأساس لتحليل الأمثلة والأدلة في أقسام أخرى.

الجزء الثاني ، المتعلق بالمعجم والصرف (الصرف التشكل وانعكاس) ، يتعامل مع كيفية عمل النظام التكميلي بين الجنسين ، لذلک تم العمل في الابعاد التشكل الصرف و انعكاسها.

الجزء الثالث, مكرس للجندر من حيث التركيب والدلالة. في النحو، يعرف الجندر، في الجمل وفقا للنظام التكميلي الفائق المكون من مقطعين، واتفاقاته وتمييزاته للعناصر، وفقا للقواعد النحوية للهجة. في علم الدلالات و الاختيار الدلالي والجندر والمفردات بعلامات[ +/- ذكر ] يثبت أنه نظام الجندر متكامل. من هناک، تم اتخاذ خطوات نحو البعد الاجتماعي للجندر ل(اللهجة), من حيث انعكاس الصرفية والنحو والدلالات للمساواة بين الجنسين.

# ABSRACT

This research is entitled (Gender in the lexicon and Grammar in Hawrami Dialect ). It is an attempt to present and analyze the model of gender presentation in the dialect. Gender has been used as a hyponeme for sexual, grammatical and social dimensions. The steps are taken within the boundaries of the gender and grammar dimensions and the work of the research, begins with the lexicon, since the lexicon contains the background of linguistics and non-linguistics information in its primary materials and monolexical elements. Identifying the content of these gender-related lexicons shows us to which dimensions the forms are gender-marked from lexical, so that the process of gender representation can be re-examined in the grammaticalization of the lexicon element, especially in morphological, syntactic and semantic structure.

The first chapter, contains all the necessary theories related to lexicon as a source of knowledge and presents opinions on the terms gender and sex, all of which have been used as a basis for analyzing examples and evidence in other sections.

The second chapter, related to lexicon and morphology (morphology of creation and Inflection), deals with how the gender complementary system works, so the process is both transferred, interpreted and inflected.

The third chapter, is devoted to gender in syntax and semantics. In syntax, gender in phrases is defined according to the two-syllable super-complementary system, its agreements and distinctions for the masculine elements, according to the syntactic rules of the dialect. In semantics, semantic selection and gender of predicates with the sign [-\+male] prove a complementary gender system. From there, steps have been taken for the social dimension of gender and the dialect has been explained in terms of Inflected morphology, syntax and semantics for gender equality.